# پێشەنگ ژمارە: ١٧

هاوینی ١٣٨٧ی هەتاوی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالّحی
سەرنووسەر: سەعید ئەمانی
دەستەی بەڕێوەبەر:
بێستون
ناسر حەقپەرەست
شورش محەمەدی
کەریم ئەمانی
..................................................................
رووبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی
..................................................................

ئیمەیل:
Peshang٢@msn.com
..................................................................
تەلەفون:
٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣
٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤
..................................................................

نرخ: ١٥٠٠ دینار / ١٠٠٠ تمەن
..................................................................

بۆ ئاگاداری خوێنەران:
* کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
* ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نوسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێر: | لاپەرە: |
|---|---|---|
| **وێنە** | | |
| پێویستی ئاوڕدانەوەیەکی جیددی لە هونەر و ئەدەبیات ... | سەروتار | ١ |
| **وتار:** | | |
| زمان، مێژوو و خەباتی چینایەتی | ن: دیوید مك ناڵی | ٢ |
| بەخۆشەویستی دەتکوژم ئەی مەرگ | ن: ئەنوەر حسێن | ١٣ |
| فۆرم و سوژە لە داهێنانی کلتوریدا | ن: سامی نەعیر | ١٥ |
| تێبینییەك لەسەر مەکتەبی فرانکفۆرت | ن: م. پەرتەو و ژاڵە حەیدەری | ٢٣ |
| مارکس بابەتی سەردەمی ئێستاشە! | و: کەریم ئەمانی | ٣٠ |
| هونەر دەنگدانەوە نیە، کوتکە | ن: تارا نەجم ئەحمەد | ٣٤ |
| دەنگی قانیع و زایەڵەی راپەڕین خوازانە ... | ن: محەمەد تەرەغە | ٣٧ |
| **بیرەوەری:** | | |
| گێڕانەوەی دۆستێك سەبارەت بە نازم حیکمەت | ن: محەمەد عەلی ئایبار | ٤٠ |
| **بابەت:** | | |
| رۆمانی ژنێکی شۆڕشگێڕ | ن: سارا ئەرمەنی | ٤٢ |
| چەند بابەت سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ... | ن: عەباس سەماکار | ٤٤ |
| جوانی لە روانگەی هونەرەوە | ئا: هێمن ئەمانی | ٥٤ |
| نامەیەك لە مامۆستا فەرزادی کەمانگەری ... | و: س. ماکوان | ٥٥ |
| هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری بەشێکی هەرەگرنگی ... | ئا: سەعید ئەمانی | ٥٨ |
| تابلۆکانی ئەحمەد نەسیف و دیوارە کونکرێتییەکان | ئا: ناسر حەقپەرەست | ٦١ |
| **چیرۆک:** | | |
| گوڵە نێرگزەکان | ن: رۆزا جەوان | ٦٢ |
| کەوش | ن: شەهروز ناسری | ٦٨ |
| **شێعر:** | | |
| مارانگەستەکانی هەمیشە | ن: راژان | ٧٠ |
| لەگەڵ ئەوانەدا وا لەسەر دیوارەکە دانیشتوون | ن: سەید عەلی ساڵحی | ٧١ |




بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.

"پێشەنگ"

# "پێویستی ئاوڕدانەوەیەکی جیددی لە هونەر و ئەدەبیات و دەور و نەخشێکی کە هەیەتی"

هونەر و ئەدەبیات وەک یەکێک لە قەوارەکانی وشـیاری کۆمەڵایەتی و بەشـێک لە ڕوبەنایەکی سیاسی کە زادەی وجودێکی کۆمەڵایەتیە دەور و نەخشێکی کارامە و کارای لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵ و ئاڵ و گۆڕکانیدا هەیە. هونەر و ئەدەبیاتی دواکەوتوانە لە ڕێگای چەواشـە کردنی جەماوەرەوە یارمەتیدەری تۆکمە و توند و تۆڵ کردنەوەی نەزمی کۆن و پەرە پێدان و بوژاندنەوەی پەیوەندی و مناسباتی کۆمەلاتی بەسەر چوو و دواکەوتوانەیە. لە حاڵێکدا کە هونەر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە بۆ جەماوەری وشـیار و ئینقیلابی وەخەبەر هاتوی خەڵک ڕۆڵی چەکێکی بەهێز دەگێڕێ کە بەر لەوەی بواری هاتنە ئارای ئاڵ و گۆڕ و شۆڕش ڕەخسابێت لە ڕوانگەی بیر و بۆچوونەوە شۆڕش دەکاتە زەرورەتێکی حەیاتی و بەسـتێنی بۆ خۆش دەکات و لە جەریانی شۆڕشـدا خۆی دەبێتە بەشێکی پێویست و گرینگی بەرەی گشتی و هەمە لایەنەی.

بە داخەوە لە سەردەمی ئێستادا ئێمە شاهیدی بێ مەیلی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە بین. هەندێک گرایشی جۆراوجۆر بەرخوردێکی وشک و دۆگماتیستییان لەگەڵ دیاردەی هونەر و هونەرمەندا هەیە و گرنگی ئەم دیاردەیان لەبەر چاو نەگردتووە و پەراوێزیان خستووە. وە بەشـێکیتریش بە دابەزاندنی ئاستی هونەر بۆ کەرەسەیەکی کات پێ بەسەر بردن و خۆ پێ سـەر گەرم کردن هەسـت بە پێگەی گرنگ و پڕ ئەهەمیەتی هونەر لە شکڵ پێدان و دروست کردنی قەوارەی ئاگاهی و ئیدئۆلۆژی لە کۆمەڵگادا ناکەن و دەسـت دەدەنە تەبلیغ و پەرە پێدانی دواکەوتوانەتریـن ناوەرۆک و قەوارەی هونەر و ئەدەبیاتی باوی نێو کۆمەڵ. دیارە هەردووی ئەم گرایشانە بە کەمنرخ چاو لێکردنی هونەر و ئەدەبیات لە ڕاستیدا، یان دەور و نەخشی ئاڵ و گۆڕ پێک هێنەری ئەو دیاردەیان هەسـت پێ نەکردووە، وەک ڕوویەنا لەسـەر بەناکە ئابووری بێت، یان بە ئەنقەسـت پەراوێزیان خستووە، کە ئەم بێ مەیلیەش هونەرمەندانی تووشی چەشنێک دڵ ساردی کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی شێلگیر و بە جیددی نەچنە پای خوڵقاندنی بەرهەمێکی بەهێز و ئاڵ و گۆڕ پێکهێنەر لە چەشـنی بەرهەمەکانی گورکی، نازم حیکمەت، لۆرکا، سابت ڕەحمان، نیما، فروغ، جان لینون و زۆر کەسـی دیکە. کە لە سـەردەمی ئێستادا پێویستی زۆرمان پێیەتی بۆ دەرخسـتن و نیشاندانی ڕاسـتیە تاڵەکانی ناخی ئەم کۆمەڵگایەی کە مناسباتی هەست کوژ و نا مرۆڤانەی نیزامی دەسـەڵاتداری سـەرمایەداری لە تەمتومانی تەوەهوماتێکی ڕەنگا و ڕەنگدا نیوە حەشـاری داون. دیار ئەم ڕاستیە پڕ لە ئازارا نە هێندەش شاراوە نین بە هاسانی هەستیان پێ نەکرێ بەڵام لە ڕوانگەی هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێسـت، کۆمۆنیست و بەرابەری خوازەوە دەکرێ قوڵتر هەستیان پێ بکەین.

***

# زمان، مێژوو و خەباتی چینایەتی


ن: دەیوید مک ناڵی (مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانکۆی یۆرک لە تۆرینتۆی کانادا)
و: ناسر حەقپەرەست

**زمان واقعییەتی جیانەبۆوەی بیرکردنەوەیە، فەیلسوفان، دروست هەر وەک چۆن بوونێکی سەربەخۆیان بە بیرکردنەوە بەخشیوە،ناچارن زمانیش لە کەوشەنێکی سەربەخۆدا جێ بکەنەوە.**

**مارکس و ئێنگڵس**
**(ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی)**



ئەمڕۆکە شاهیدی ئایدەئالیسمێکی نوێین کە بەشێکی بەرین لە ڕوناکبیرانی چەپی گیرۆدە کردووە. ئەو ئایدەئالیسمە نوێیە نەك هەر زمانی لە کەوشەنێکی سەربەخۆدا جێ کردۆتەوە، بەڵکوو کردوویەتە هێزێکی وەها هەمەگیر لە هەر شوێن حازر و ئامادە کە هۆکاری بوونی مرۆڤی تەقریبەن تێیدا بە گشتی سڕدراوەتەوە. واتان بۆ دەردەکەوێ کە هەر شتێك ئاخافتن و ئاخافتن هەموو شتێکە. چوونکە بوونەوەرە مرۆییەکان خوڵقێندراوەکانی زمانن، لەو جێیەوە کردەوەکانمان لە جیهانێکدایە کە دەیناسین و بە بەکارهێنانی زمان تەوسیفی دەکەین، ئیدعای ئەوە دەکرێ کە شتێك لە سەروو زمانەوە بوونی نییە. زمان یا "ئاخافتن"، یا "دەق" ( زمانی تایبەت دەگۆردرێ بەڵام پەیام نا ) ئەوەیکە دەیزانین، ئەوەیە کە دەتوانین بیری لێ بکەینەوە و بە کردەوەی دەربێنین، دەناسێنێ



و بەرتەسکی دەکاتەوە. لێرەدا بۆچوونێکی سیاسیش هەیە. دەڵێن: زوڵم لە کۆتایی دا ریشەی لە شێوازێك دایە کە لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە و ئەوانی تر بە لایەنی زماننناسیەوە پێناسە دەکرێین. بوونی ئێمە، پێناسەی ئێمە و "زەینیەتەکانمان" لە رێگەی ئاخافتنەوە دروست دەبێ. هەر وەك خاوەن بۆچوونێکی ئەدەبی ناسراو لە بابەت رۆمانی کاری باش -ی دەیوید لاج جەخت دەکاتەوە، مەسەلەکە بەس ئەوە نییە کە دەڵێی چی،

بە هیچ شـــێوەیەك. بە پێی ئیدەئالیسمی نویێ ((تۆ بریتیت لەو شتەی كە پێت دەوترێ)). كەواتە، زمان ((بەندیخانەی)) كۆتاییە. (ئاماژەیەكەبە كتێبی بەندیخانەی زمان لە نوسینی فریدریك جیمس). جەخزێك كە بەسەرماندا حاكمە و جیایە لە پایەداریمان، محاڵە لە شـــتێك ڕاكەین كە ئێمە هەر وەك هەین دروست دەكات.

ئەم ئیدەئالیســـمە نوێیە هاوتەریبە لەگەڵ دارمانی قوڵی ڕوانگە سیاسیەكان. هاو شـــێوەی ڕادیكالیسمی سەردەمی پاشـــە كشێی چەپ، ڕادیكالیســـمی گوتاریی كەلامی بێ كردەوەیە، یا باشـــتر وایە بڵێین، كـــەلام لەجیاتی كردەوەیە. ئیدەئالیسمی نوێ، لە كاردانەوە بە پێكهاتەكان و شێوازەكانی واقعی ستەم و چەوساندنەوە، ژێستی لەفزیانە و وەرسوڕانی تەنزاوی واتا پێشـــكەش دەكات. كەوایە زۆر سەیر نییە ژاك دریدا، یەكێك لە فەیلەســـوفانی سەرەكی ئیدەئالیسمی نوێ پێمان دەڵێ كە ناوبراو ((لە بەكارهێنانی وشـــە گەلێكی لە چەشنی (ڕەهایی) گومانی هەیە))

لەناو بەندی زماندا دەكرێ كایە بە وشەكان بكرێت، بەڵام هەرگیز ناكرێ هیوادار بیت كە خۆت لە پێكهاتە نەگۆڕەكانی ســـتەم كە ڕیشـــەی لە خوددی زماندایە دەرباز بكەیت.ئاوا ڕوانگە گەلێك بە مەبەســـتی ســـتاندنەوەی بەرپرسیاریێتی سیاسیە، بە تایبەتی لە ســـەردەمی بێ سوباتی لە ئابووری سەرمایەداری جیهانی، بەرینتر بوونەوەی كەلەبەرەكانی نێوان هەژاران و خاوەن ســـەرمایەكان و هێرشی چینی دەسەڵاتدار بۆسەر پرۆگرامە كۆمەڵایەتیەكاندا.

ئیدەئالیســـمی نوێ و سیاســـەتە پاشـــكۆكانی تەنیا خۆ تێهەڵقوتاندنگەلێكی بێ خەســـار بە ئەژمار نایەت نایەت: ئەوانە، ســـەرەڕای ئـــەوە، نیشـــانەی لەمپەرێكە لەســـەر ڕێگەی خۆســـازدانەوەی بزوتنەوە نارەزایەتی و خۆ ڕاگریە جەماوەریەكان. ویێڕای ئەمانە، مەبەستی ئەم بابەتە ڕەخنەیەكی تر لە ئایدەئالیســـمی زمانی نییە - جارێ بە ناوی پۆست پێكهاتە گەرایی و پۆســـت مۆدێرنە پێشكەشكرێ و جارێ بە ناوی پۆســـت ماركسیســـم - لە بەرانبەردا دەمهەوێ بە نیشاندانی ئەوەیكە ماركسیســـم دەتوانێ زیاتر هێرش بردنە سەر ناوەرۆكی ئیدەئالیسمی ئەم ڕەوتە ڕوناكبیرانەیە لێهاتویی هەبێت، بچینە ناو بەشێكی تر لە باسەكە. دەمهەوێ نیشانی بدەم كە ماركسیســـم خاوەنی ســـەرچاوە گەلێكە كە تێیدا لەبەرچاو گرتنی زمان و پێگەی ئەو لە كۆمەڵە كردەوەكانی مرۆڤدا پڕتر و قوڵترە لە ڕوانگە ئیدەئالیستیەكان ، هەروەها ئەم ڕوانگە ماركسیســـتیە لـــە توانایدا هەیە زمان لە نێوان هۆكارەكانـــی تردا لە زمان وەك پێگەیەك لە هەڵس و كەوتی كۆمەڵایەتـــی تێبگا و دەركی بكات كـــە لێبڕاوانە لە ڕێ گـــوزەری پێوەندی كار و نەبەرد، یانـــی خەباتی چینایەتیدا شكڵ دەگرێت.

**كاری كۆمەڵایەتی و ((زمان ژیانی ڕاستەقینە))**

ماركس و ئێنگێڵس بۆچونێكیان سەبارەت بە زمان دەرنەبڕی. ســـەرەڕای ئەوە، لەم سەردەمەدا كە سەرلێشێواوییەكی بەرین لە بابەت هێندێك لە باوەڕە ســـەرەكییەكانی ماتریالیسم - ی مێژوویـــی هاتۆتە گۆڕێ، ئەو بڕە كارەش كە لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە ئەنجامیان داوە، شیاوی زەق كردنەوەیە.

لە ســـەرەتادا دەبێ وەبیری بێنینەوە كە هەڵســـەنگاندنی ماتریالیســـتی لە مێژوو كە لە بەرهەمە سەرەتاییەكانی وەك ئایدۆلۆژی ئاڵمانیدا باس كرا، حاشا لە ڕۆڵی هۆشیاری لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا ناكات. بە پێچەوانەوە، هەڵسەنگاندنی ماتریالیســـتی لە مێژوو، نەیاری جیا كردنەوەی هۆشیاری، بیركردنەوە و كەوشـــەنی ئیدەكانە لـــە كار، بەرهەم هێنانی كۆمەڵایەتـــی و چالاكی بە كردەوەی مـــرۆڤ. ماركس و ئێنگێڵس لەم ڕووەوە ئیدەئالیسم - یان ڕەد نەكردۆتەوە كە بیر كردنـــەوە و زمانی بە جیددی گرتووە، بەڵكوو بە پێچەوانەوە وتەیەك كە لە دەســـتپێكی ئەم بابەتەدا لـــەوان هێنراوەتەوە، نیشاندەری ئەوەیە كە دژایەتی ئەوان لەگەڵ ئیدەئالیسم لەو ڕوویەوە بوو كە ((بوونێكی ســـەربەخۆی)) بە بیر كردنەوە و زمان داوە. ئەوان تەئكید لەســـەر ئەوە دەكەنەوە كە بوونەوەرە مرۆیەكان، ئیدەكان وەك بەشـــێك لە بەرهەمی گشتی هەل و مەرجی ژیانیان بەرهەم دێنن. بەم پێیە بەرهەمهێنانی ئیدە و ماناكان ((ڕاستەوخۆ لەگەڵ چالاكی مادی و گۆڕینەوەی مادی (كە لە نێو خەڵكدا ئەنجام دەدرێت) گرێی خواردووە)). لە ڕاســـتیدا، ئەوان دەڵێن: ((ئەم (بەرهـــەم هێنانی ئیدە و مانایە) زمانی ژیانی ڕاستەقینە))یە.

تایبەتمەنـــدی دیاریكـــەری ژیانـــی مـــرۆڤ، ژیانی بە كۆمەڵە. شـــێوازێك كە لـــەودا چالاكیەكانی بەرهەمهێنانی بەیەكەوە پێوەندیداری تاكەكان، بۆ دیســـانەوە بەرهەم هێنانی خۆمان ڕێكدەخەین. هەروەك چۆن كاری مرۆیی لەخۆ گری هۆشـــیارییە، بەهەمان شێوەش پێویســـتی بە پێوەندی نێوان تاكـــەكان، واتە توانایی بەشـــداری و گۆڕینـــەوەی ئیدەكان بە مەبەســـتی هـــاو ئاهەنگـــی كاری كۆمەڵایەتی هەیە. وە زمان واســـیتەی وەهـــا پێوەندیەك، واتە مادەی خالســـی هۆشیاری مرۆڤە. زمان شـــكڵی هۆشیاری تایبەتی مرۆڤە ، هۆشـــیاری بوونەوەرە كۆمەلایەتیەكان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. ئاكامەكە دەبێتە ئەوەیكە ((زمان و هۆشیاری هاو مێژوون، زمان هۆشـــیاریەكی بە كـــردەوە و واقعییە كە بۆ مرۆڤەكانی تریش بوونی هەیە)). ئەگەرچی ئەم چەشـــنە ناساندنە تەنیا گەلاڵەیەكە، بەڵام بۆ هەر ڕوانگەیەك كە لە هەوڵدایە زمان بە شـــێوەیەكی جیددی و بە بێ جیا كردنەوە لە گشـــتیەتی چالاكیەكانی بە كردەوەی مرۆڤ لەبەرچاو گرێ، بە تەواوی پێویســـتە. بـــەم پێیە، ماركس و ئێنگڵس شتێكی زیاتریان لە چوارچێوەیەك بۆ تێگەیشتن لە زمان پێك

نەهێناوە. بەختەوەرانە نووسەرانی دواتری پەیڕەو لە سوننەتی مارکسیستی، ئەم ڕوانگەیەیان بە چەشنێکی بەرین گەشە پێداوە کە هەنووکە ئێمە بۆچوونێکی گەلێك بە ئەزمونمان لە بابەت زمانەوە لەبەر دەستدایە.

## نیشانەکان، وتنەکان و خەباتی چینایەتی

بەرهەمی ڕێگە نیشاندەری و.ن. ولۆشینف بە ناوی مارکسیسم و فەلسەفەی زمان (١٩٢٩) لە جوملەی گرنگترین ئەو هەولانەیە. ئەم بەرهەمەی ولۆشینف لە سەردەمی جەدەلی توند لەمەڕ ئەدەبیات، هونەر، زمان و کلتور پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری (١٩١٧) هاتە دی. ئەم باسە




لەو سەردەمەدا کە ستالین دیگتاتۆریەتەکەی خۆی داسەپاند، وەستێنرا. ولۆشینف خۆشی لە ڕەوتی تەسفییەکانی دەیەی ١٩٣٠دا بێ سەر و شوێن کرا. بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا نوسراوەکانی ولۆشینف و میخائیل باختین، ڕوناکبیرێك کە زیاترین کاریگەری لەسەر ولۆشینف دانا، بوونەتە خاوەنی جۆرێك لە ڕۆنسانس.

لە ڕوانگەی ولۆشینف دا سەبارەت بە زمان سێ هێڵی پێشەکیانە ڕۆڵی بنەمایی دەبینن. سەرەتا، گشت نیشانەکان - لە وشەکانەوە تا ئاماژەکانی ترافیك - ماددین، بەم یا ئەو شکڵی فیزیکی ڕازاونەتەوە، دووهەم: نیشانەکان خاوەن ماهیەتێکی کۆرمەڵایەتین، لە سنورەکانی نێوان تاکەکاندا بوونیان هەیە و مانایەکیان جیا لە پێکەوە گرێدانی پەیوەندیەکان نییە، سێهەم: چوونکە خاوەن نیشانە گەلێکی کۆمەڵایەتین، هەر ڕوو تێکردنێکی زانستی لە بابەت زمان، دەبێ لەسەر وتنەکان چڕ بێتەوە.

بەدەر لە وتنەکان زمان لە ژیان بێ بەشە. واتە کۆمەڵەیەکە لە ئامرازەکانی پێوەندی گرتن کە بەبێ خوددی کردەوەی پەیوەندی گرتن، شکڵێکی بێ ناوەڕۆکە.

بەم پێیە مانی زمان و خالسی ئەو لە وتنەکان و هەڵس و کەوتی کەلامیی نێوان خەڵکدا جێ دەگرێت.

بەڵام هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی تەنیا بریتی نییە لە ئاخافتن. وتنەکان کەوشەنێك نییە لەگەڵ ((بوونێکی سەربەخۆ))دا بەڵکوو لایەنێکە لە ڕایەڵەی چەند لایەنەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. لە ئاکامدا نیشانەکان



دەڕژێنە ناو پەیوەندی گەلێکەوە کە لە مابەینی بوونەوەرە مرۆییەکاندا حاکمە. بە تایبەت ئەو پەیوەندیانەی لەسەر بنەمای پلەبەندیەکانی نێوان تاکەکانە، کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر زمان و وتنەکان هەیە. ولۆشینف دەنوسێ: ((شێوازەکانی نیشانەکان زیاتر لەهەر شتێك لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بەشدار بووان لەودا پێکدێن)). بەم پێیە، وتنەکان مەرجدارە بە پلەبەندیەکان و دەسەڵات - وە خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەوان -دا. گروپە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵدان لەفز کردنی وشەکان بە شێواز گەلێکی هاو چەشن بێت لەگەڵ ئەزمونییان لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و ئارمانجە کۆمەڵایەتیەکانیان. ئەم کردەوەیە بە تایبەت لە پەیوەندیە جیاوازەکانی چینایەتی تاکەکاندا بەکار دەبرێ.

لە ئاکامدا ((نیشانەکان دێنە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتیەوە)).

پێویستە لێرەدا تەئکید بکرێتەوە کە ئەم باسە لەگەڵ

ڕوانگە پۆست پێکهاتە گەرایانەکان (کە ڕەنگە لە هێندێك لایەنەوە وەك یەك بێنە بەرچاو) ناوەڕۆکەن جیاوازە .بۆ وێنە میشـێل فۆکۆ بە لایەنی پێناسـەکردنی زمان وەك ناوەندی دەسەڵات، زاڵ بوون و سەرکوت، کە بە ڕواڵەت لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان - لە چەشنی شێتخانەکان و بەندیخانەکان - وێنـا کراوە، بەناو بانگـە. ئەوتەنانەت لانی کەم هێندێك جار، جێگایەك بۆ خۆڕاگری بەرامبەر بە دەسەڵاتە زاڵەکان لەبەرچاو دەگرێ.

لە ڕاسـتیدا، جەختکردنەوەی ئەو لەسـەر دەسەڵات، بە شـێوەی ئاشکرا هەوڵێك بوو بۆ ڕاسـتکردنەوەی پوچی ئەو بۆچوونانـەی کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە شـێوەکانی زمانناسی خالیس دادەکشێن.

سـەرەڕای ئەمانە، لە ڕاسـتیدا ئەو هیچکات لە بازنەی زمانناسـی ڕاینەکرد. لای ئەو، پەیوەندیەکانی دەسـەڵات، پەیوەندی گەلێکی زمانناسـانە یـان ((ئاخافتنیی)) باقی دەمێنێتەوە . لە واقعدا ئەوە بەو مانایەیە کە دەسـەڵات لە هەمانکاتدا کە پەرەگرە، خواستگەیەکی جێگەی ناسینی لە کۆمەڵگەدا نییە، وە لەو جێگەیەوە کە دەسـەڵات بە بەکار هێنانی زمان بەرڵادەکرێ ، بەو مانایەیە دەسەڵات لە ئاکامدا خۆڕاگری بۆ ناکرێ . ئەگەر کۆمەڵگە ((لەسەر ئاخافتن دروست کراوە))، جیا لە زمان هیچ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بـۆ هیچ جـۆرە خۆڕاگریەکی واقعی لـە گۆڕێدا نییە. هێندێ جار فۆکۆ لە مابەینی پێداگری لەسەر پێشگریمانە بنەماییـە بۆچوونیەکانی و پێ کێشـانەوە لێیان، بۆ ئەوەی نیشـانیدا ڕێگە بۆ کرانەوەی فەزا یـەك بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر دەسەڵاتدا هەیە، داماوە، بەڵام لە ئاکامدا، هەروەك وا پێدەچێ خۆشی دێتە سـەر ئەوەیکە بۆچوونەکەی هیچ بنەمایەك بۆ سیاسـەتە نارەزایەکان (یا ڕەنگە هەر چەشنە سیاسەتێك) پێك ناهێنێ.

کەواتە، دەگەڕێینەوە لای ولۆشینف. ئەگەر (نیشانەکان) گۆڕەپانـی خەباتی چینایەتی بێت، ئـەوە بەو مانایە نییە کە وشـەکان (یا بە عام، نیشـانەکان) مانایەکی بە گشتی جیاوازیـان بۆ ئەندامانی چینە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان هەیە. ولۆشـینف لەگەڵ ڕێژەگەایی ساکارانەدا دژایەتی دەکات. لە هەمان کاتدا، هەڵدەکوتێتە سـەر ئەو کەسـانەی کە شـتایەتی دەبەخشنە وشە و ماناکان، کەسانێك کە ئەوان لە پانتایی زیندوویی هەڵس و کەوت و هێرشی کۆمەڵایەتی دەبەنە دەر. ئەو پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات وشـەکان بە شـێوەی مەنتیقی مانا گەلێکی پایەدار و بـە تاك یان بە وەها چەشـنێك هەیە کە لە فەرهەنگۆکێکی وشەدا دەست دەکـەوێ . بەڵام وتنەکان هەم پێویسـتیان بە مانا و هەم بـە دەرونمایەکان هەیە . دەروونمایـەکان لەگەڵ ئەو لەحن

و تەئکیدانـەدا سـەر وکاریان هەیە کـە ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان تێدەکۆشـن بە وشەکانی بدەن، تـا ئەزمونەکانی خۆیانـی پێ بگوازنەوە . لە ڕاسـتیدا، تاکەکان لە تان و پـۆ جیاوازەکاندا لە جۆرەکانی لێك جیای وتنەکاندا بەشـدارن کـە خاوەنی لەحنـەکان، ئەزمونەکان، وشـەکان، پەیڤەکان و بابەتگەلێکی تری تایبەت بەوانە. لەم ڕووەوە سکرتێر (مۆنشی) دایرەیەکی گەورە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ بەرپرسـەکەیدا بە جۆرێکی جیاواز قسە دەکات، تا لەگەڵ دەسـتەیەك لە هاوکارانی لەکاتی نانی نیوەڕۆدا، یا لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتیدا پاش تەواو بوونی کار. پێناسەی جۆری یەکەم پەیرەوی و ڕێز لێگرتنی ڕواڵەتیانەیە. دوهەمیان، لەوانەیە لە خۆ گری جۆرێك لێدوانی یەکسانی خوازانە هاوڕێ لەگەڵ هێرشـگەلێکی ڕەخنە گرانە بۆسـەر ڕەئیسەکان و بەرپرسان بێت. لە کۆتایدا پێکهاتەی سێیەم بەرەو ئەوە دەچێ لە خۆگـری ئاخافتنێکی ڕیسـامەندی نارەزایەتییانە بێت کـە دیاریکەری ئەو یەکگرتوویەی (خوشـکان و برایان) وە خۆڕاگری لە بەرانبەر خاوەن کاردایە.


لـەم تێروانینەدا بە زمـان و وتنەکان، تاکەکان بە دەرگیر لەگەڵ جۆر گەلێکی جیاواز لە پەیوەندیەکان و چالاکیەکان چاو لێدەکرێن کە لەو پەیوەندی و چالاکیانەدا جۆر گەلێکی جیاواز، سـەرچاوە گەلێکی لێك جیـا بە تاکەکان دەدەن بۆ تێگەیشتن و دەربڕینی ئەزمونەکانیان.

ئاخافتنێکی بەرین کە هەمـوو پێکهاتەکان لەخۆ بگرێ وجوودی نییە، هەرچەند کە بەرێوەبەرانی دەسـەڵات ڕەنگە بیانهەوێ شـێوە وتنێکی یەکدەست بەسەر ژێردەستەکانیاندا داسەپێنن.

بـەم پێیە، زۆر لێکراو و چەوسـاوەکان چوونکە کردەوەی بەرانبـەر یەکیـان هەیە، جـۆر گەلێکـی پەیوەندیدار بە خۆیان دروسـت دەکەن کە لەسەر لایەنگەلێك لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیـان، بۆچوونەیارییەتییەکانیـان و بابەتگەلی تـری لەم چەشـنەتەئکید دەکاتەوە؛ وە وتنـە فەرمیەکان هەوڵدەدەن حاشایان لێ بکەن. لەم ڕووەوە، بە پێی بۆچوونی ولۆشـینف نیشـانەکان چەنـد لەحنین و لەحنـی ئەوان دەکرێ بە شـێوازگەلێکی جۆراوجۆر کە هاوتای ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی گروپە جیاوازەکان بێت، جەختی لەسـەر بکرێتەوە. بەڵام وتنە فەرمییەکان و سیستەمە وتە بێژیەکانی چینە دەسـەڵاتدارەکان لە هەوڵدان حاشـا لە چەند لەحنی بوونی نیشانەکان بکەن. چینە دەسەڵاتدارەکان دەیانهەوێ لە ڕێگای وتنەکانەوە جیهانێکی یەکدەست بە دەستەوە بدەن. لە ئاکامیشـدا هەوڵ دەدەن کۆمەڵەیەکی یەکسان لە ماناکان و دەروونمایەکان، وەك تاکە ڕێگەی مومکین بۆ ناساندنی کار و بار، بخەنە ڕوو. ولۆشینف دەنوسێ: ((چینی دەسەڵاتدار

لە هەوڵدایە تایبەتمەندیەکی هەمیشەیی و بان چینایەتی ببەخشێتە نیشانەکانی ئایدۆلۆژیك)). بە واتایەکی تر چینی دەسەڵاتدار لە هەوڵدایە، نیشانەکان بکاتە شتئاسا و ئەوان وەك دیاردە گەلێکی بەرقەرار و نەگۆڕ بە هەڵگرتنی مانایەکی یەکدەست، یەکسان و هەمیشەیی لەبەر چاو بگرێ.

بەڵام چینی دەسەڵاتدار ویڕای ئەو هەموو هەوڵانەی لە توانایدا نییە جەخت کردنەوە لەسەر لایەنێکی تایبەت لە نیشانەکان، بە چەشنێك کە لە دەرەوەی وتنە فەرمییەکانەوە بێت، بە تەواوەتی سەرکوت بکات. هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ ولۆشینف بە جوانی ڕوونە. بەڵام وا پێدەچێت وڵامێکی ڕوون لە گۆڕێدا بێت. نموونەی بنەمای پەیوەندیەکانی نێوان چینە دەسەڵاتدارەکان و بەرهەمهێنەرانی چەوساوە لەبەر چاو بگرن. گشت سیستمەکانی کاری مرۆیی تا ڕادە و پلەگەلێك کۆمەڵایەتین. مێژوو هیچ سیستمێکی بەرهەم هێنەرانەی تاکە گۆشەگیرەکانی نیشان نەداوە . بەرهەم هێنەرانی ڕاستەوخۆ جا داچێنەران، کۆیلەی کیڵگەکان و یان کرێکارانی موچەخۆر، لە پێکهاتەی کار و پەیوەندیەکانی دەرەوەی شوێنی کاردا لەگەڵ یەکتردا بەشدارن و هاوکاریان هەیە. وە لەم چوار چێوەیەدا بە شێوازگەلێك پێکەوە پەیوەند دەدرێن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵ و چاودێری ڕاستەوخۆی چەوسێنەران دایە. بە واتایەکی تر، وتنە بەدیلەکان شکڵ دەگرن، چوونکە وتنە فەرمیەکان گشت ئەزمونەکانی ژیانی زۆر لێکراوان لەخۆ ناگرێ. ئەم وتنانە خاوەن زەمینەیەك لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتین کە بە گشتی یا کەرتەن لە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتدارەکانیان بەدەرن. وە لەم ((بۆشایی))یانە دایە کە ئەوان شێوەیەك لە وتنەکان یا جۆرگەلێك بەدی دێنن کە دەربڕی هەستەکان، سۆزەکان، ئیدەکان، بۆچوونەکان و سومبولگەلێك کە لە ناسینی وتنە فەرمیەکان واوەتر دەچێت .



نیشانەکان نەوەك یەکپارچە بەڵکوو لێوانلێون لە لەحنگەلێکی ناتەبا، بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەم مەسەلەیە بە سانایی ئاشکرا نابێت. ولۆشینف دەڵێت: ((لە هەل و مەرجی ئاسایی ژیاندا، ناکۆکی شاراوەی هەر نیشانەیەکی ئایدۆلۆژیك بە تەواوەتی ناتوانێت دەرکەوێ)). بەڵام لە سەردەمە قەیراناویە کۆمەڵایەتیەکان یا ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە، کاتێك کە شەرعیەتی چینە دەسەڵاتدارەکان دەکەوێتە ژێر زەربە، بە هەمان شێوە کە جەماوەری ڕاپەڕیو خوازیاری کەش و هەوایەکی گشتی هەرچی ئاواڵەتر دەبن بۆ وتنە بەدیل و نەیارەکان، وە وتنە زاڵەکان دەکێشنە ژێر پرسیار، ئەم ناکۆکیانەش زیاتر ئاشکرا دەبێت. ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەیە کە ئەگەرکو واتاکەی لێنین بەکار بێنین، ڕاپەڕینە گشتیەکان ناوەڕۆکی ((جەژنەکانی زۆر لێکراوان)) دەستەبەر دەکات، کاتێك کە پێکهاتەکانی کۆنترۆڵ و سانسۆڕ لێك بڵاو دەبێت، شێوازەکان وتنەکانی خۆڕاگری و نەیارییەتی پێگەیەکی گەلێك بەرینتر بۆ دەربڕین دەبیننەوە. وە بەم پێیە، وێنە جیهانیە سەر و ژێر کراوەکان کە لە بۆشایی کەرنەڤاڵەکانی شۆڕشدا خۆ دەردەخات، خولقێنراوگەلێکی کاتی نین، ئەوان لە نوێنگەی ئەو جۆرانەی کە گروپە زۆر لێکراوەکان و چەوساوەکان لە بۆشاییەکانی مێژوودا بۆ دەربڕینی ئەزموونەکانیان خولقاندوویانە قەدەهەڵدەبڕن، هەرچەند بە جۆرێکی ناهەڵسەنگێندراو، شێوازەکانی خۆڕاگری ئەوان یەکگرتوو دەکەن.

کەواتە، بۆچوونی ولۆشینف لە بابەت زمان، زیاتر لە هەر شتێك مێژووییە. لێرەدا دیسانەوەش جیاوازیەکی بنەمایی لەگەڵ ئایدەئالیسمی نوێ بوونی هەیە. خاڵی جێگای سەرنج لە بابەت بۆچوونە ئایدەئالیستیەکانی زمان ئەوەیە کە تەنانەت ئەو کاتەی کەوا پێدەچێ لەسەر مێژوویی بوونی ((وتنەکان)) پێداگری دەکەن، هەر وەك فۆکۆ لەم بارەیەوە ناسراوە ، بە قوڵی نا مێژوویین. مێژوو بۆ ئەوان

تەنیا زنجیرەیەکە لە جیاوازیەکانی ((وتنەکان)) و بە شوێن یەکتـــردا هاتنی بـــۆ پەیوەندی پارادایمەکانی ماننـاســـی . ولۆشینف ئێمە بۆ ناوەندی زیندووی پەیوەندیەکان دەگوازرێتەوە، ناوەندی نێوان کردەوە کەلامیەکانی مابەینی ئەو تاکانەی کە کەوتونەتە تەنگەبەریەکانی گرژیەکان و ناکۆکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەو بۆ بەرێـــوە بردنی ئەم کارە، مێژووی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و شەڕی چینایەتی دەکێشێتە بەردەم خوێندنەوەی زمان. بەم پێیـــە لێکدانەوەکانی ئەو لە ئاســـتێکی تەواوەن گشـــتیدا دەمێنێتەوە و پێویستە بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە دوو لایەنی گرنگ چڕ و پڕتر بکرێتەوە: سەرەتا، لە بواری ناوەڕۆکی ئـــەو کردەوە کۆمەڵایەتیانەی کـــە زۆر لێکراو و سەرکوتکراوەکان جۆرەکانی وتنەکانی خۆیان لەو پێکدێنن، وە دووهەم، لە بابەت لێهاتوییەکانی لێکدانەوەی ئەو بۆ کردەوەی سیاســـی. لە گەڵاڵە کردنی مەسەلەی ســـەرەتادا دەخوازم نیشـــان بدەم کە چلۆن کۆمەڵەیەکی چڕ و پڕ لە نوســـراوە مێژوویەکان دەتوانـــێ یارمەتی تێگەیشـــتنی دیالکتیکی خۆڕاگـــری لە کردەوە و وتنەکاندا بکات. ئەوکات، لە بابەت مەســـەلەی دووهەم، دەخوازم سەرنج بدەینە هێندێك لە باسە بنەماییەکانی ســـەبارەت بە زمان، هۆشـــیاری و ڕێکخراوی سیاســـی کە ئانتۆنیۆ گرامشـــی لە دەفتەرەکانی زیندانەدا دایڕشت.


**چەوساندنەوە و کلتورەکانی خۆڕاگری**

هێندێـــك تەعبیرێکی هەڵەیان لە مانای نیشـــانەی چەند لەحنی ولۆشینف هەیە، بەو مانایەی کە مانا گەلێکی وەها ناپایەدارن کـــە بە تەواوەتی بە هەڵکەوتن و لە کۆتایشـــدا فرە چەشـــنین. ئـــاوا تەعبیرێك خوازیاری جیـــا کردنەوەی ئایدەئالیســـمی زمان و وتنەکان لـــە کۆمەڵەی ئالۆزی ئەو پەیوەندیانەیە کە تاکەکان لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی هەل و مەرجی ژیاندا لەگەڵی دەرگیردەبن. تا ئێستا سەرنجم داوەتە کەم و کورتیەکانی ئـــاوا ڕوانگیەك. ناکامی ئەو لە ناسینی وتنە فەرمی یا بەدیلەکان، سەرچاوە لە ئەزمونە بە کردەوە دەرهاتووەکانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت ئەزمونەکانی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانەوە دەگرێت. بۆ بەرگری کردنێکی بەهێزتر لە هەڵوێستی ولۆشینف لەم بوارەدا، دەتوانی سەرچاوە گەلێکی گرنگ لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا بدۆزیتەوە.

چوونکە هەروەك لە زۆرێك لە تاووتوێ کردنە گەورەکانی مێژوویـــدا دەرکەوتووە، وتنە بەدیلـــەکان لەناو ڕەوتەکانی خۆڕاگری، بە تایبەت خۆڕاگری لە بەرانبەر دەست بەسەردا گرتنـــی بەرهەمی زیـــادە لەلایەن چینی چەوســـێنەرەوە و نوێنەرانیان، قەد هەڵدەبڕێ.

یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترینی ئەو شتانەی کە لە خەیاڵ و پێوا بوون - ەکانی خۆڕاگریدا لە چیرۆکەکان، گۆرانیەکان، بۆنەکان، وتەکان و هاو چەشنەکانیاندا بوونی هەیە، پێچەوانە کردنەوەی ئەزموونی چەوســـاندنەوە، لەوان دایە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کـــە لەناو جەرگەی چەوســـاندنەوەدا مانای دزی لە گۆڕێ دایە، دزیەتی لـــە دز، جا خاوەنکار، ئەرباب، وە یا بەرپرس بێت، دەروونمایەی هەمیشەیی کلتووری عامەیە .

ئەمە، بە تایبەت، ســـەبارەت بەو چیرۆکە فیڵبازیانەی کە کۆیلەکانی وەرزێری لە باشـــوری ئەمریکا بەرهەمیان هێناوە، ڕاســـتە. یەکێك لە مێژوو نووســـان دەنووسێت: ((یەکێك لە گەورەترین لەزەتەکانی فێڵباز، خواردنی ئەو خۆراکە بوو کە لە دوژمنە دەست ڕۆشتووەکانی، دزیبوو)). ئەم چیرۆکانە، بە بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵان لەجیاتی ئەربابەکان و کۆیلەکان، گەلێك جار دەوترێت و دەوترێتەوە و بەم شێوەیە شەرعییەتی بە کلتوری ســـەرپێچی دەدا، کلتورێك کە لەودا دزیکردن لە ئەربابێك نەك هەر چاوپۆشـــی لێ ناکرێ، بەڵکوو ستایش دەکرێـــت. وە هێندێـــك جار ئەم چیرۆکانـــە بەس خەیاڵات نین، بەشـــێك لە شـــێوازە واقعیەکانی دزین کە کۆیلەکان لە هەوڵدا بوون دریژەیان پێبدەن. لـــە بابەت وەرزێرە ئاوارەکان، چارداخنشینەکان، هەژارەکان و ئەو جوتیارانەی لەسەر زەوی و زاری خاوەن موڵکەکانی ئینگلیس لە ســـەرەتای ســـەدەی ١٨دا کاریان دەکرد، دەتوانرێ لە دیاردە گەلێکی هاو شـــێوە دەســـتەبەر کرێن. بە هەمان شـــێوە کە ئەی.پی. تامپسۆن لـــە بەرهەمە سەرســـامکەرەکانی خۆیـــدا وەك لیبراڵەکان، ڕاوچیەکان و داب و نەریتی هاو شـــێوە نیشـــانی داوە، ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە کار گەلێکی قاچاغی وەك ڕاوی قاچـــاغ - ((دزیەتی)) بزنە کێوی، کەروێشـــك، ماســـی و شـــتی لەم چەشنە لەو زەویە دەست نیشان کراوانەی کە تازە دەور گیراون، لەگەڵ پێناســـە نوێیەکانی موڵکدارێتی و بەر تەسکیە نوێیەکانی مافنامەکانیان لە شەڕدایە، وە کلتورێکی چڕەوە بووی جەماوەریش پشتگیری ئەم سەرپێچیانە دەکات،



کلتورێك کە لە هەوڵی ناشـــەرعی کردنی شێوازەکانی خاوەن سامانەکان دایە و لە هەمان کاتیشدا هانی ژێر پێ نانی بێ پەروای یاســـا دەدات. ئەم کلتورە جەماوەریەی زەمان، خاوەنی نەریت و هێماکانی خۆیەتی و مێژوویەکی واقعی لە شـــێوەی نووســـینی دیوارەکان، نامە هەرەشـــە ئامێزەکان و شتی لەم چەشنە لە خۆی جێ هێشتووە.

ســـەرەڕای ئەوەیکە پێکهاتەی ئاوا شێواز گەلێك جیاوازە، لـــە بابەت کرێکارانی کارخانەمۆدێرنەکانیش دا دەکرێ هەر ئـــەم بابەتانەبەدی بکەیت. دوو نموونـــە دەهێنمەوە: یەکەم لە مەجارســـتان لە دەیـــەی ١٩٧٠ و دووهـــەم لە فلینتی میشیگمان لە چەند ســـاڵ دواتردا. میکلۆش هاراچی لە کتێبی کرێکارێك لە حکومەتی کرێکاریدا بە دانەبەرباســـی ژیان لە کارخانەیەکی مەجارستاندا، ئێمە دەباتە جیهانێکەوە لـــە ((ئێمە)) و ((ئەوان))، جیهانێك کە لەودا ئەو کاتانەی تاك بۆ کاری شەخســـی تەرخان دەکات، دواهەمین شێوازی خۆڕاگرییە. ئەوخۆڕاگرییە لە زمانـــی خودی کرێکارانەوە گەشە پێدەدرێت.

ئەوان، بە ئەوان، هی ئەوان، پێم وانییە تا ئێســـتا کەسێك کە لە کارخانەیەکدا
کاری کـــردووە، یـــا تەنانەت باســـێکی کەم تـــا کورت و سەرەتایشی
لەگـــەڵ کرێکاراندا بووبێت لە بابەت مانای ئەم وشـــانەوە گومان بکات... ئەوان
مانایەکی یەکســـانیان هەیـــە: بەڕێوەبەریەتی و ئەوانەی کە دەستور دەدەن و
تەســـمیم دەگرن، کەســـەکانیان و کار بەڕێوەبەرەکانیان کە بەرپرسیاریەتیەکیان
هەیە - ئەوانەی کە دوورن لە دەست پێڕاگەیشتن - تەنانەت ئەو کاتەی لە
ڕووبەڕووماندا وەستاون. ل ٧١

ئەو کرێکارانەی کە کاراچی باســـیان دەکات. قەتعەکارن. ئەوان سەرەڕای ئەوەیکە دەبێ بەرهەمی بێنن، کاتی ئەوەیان هەیە هێندێکیش بۆخۆیان بەرهەم بێنن، ئەو شـــتانەی کە بە نهێنـــی لە کارخانە دەیبەنەوە بـــۆ ماڵەکانیان. ئەوان بۆ ئەو کارانەیان لەکاتی چالاکی ئازاد دا وشـــەگەلێکیان داهێناوە - ((کۆتـــرە بەهێزەکان))- وە ئەم وشـــە نوێیە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵەیەکـــی تەواو لە پەیوەندی و ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەوە ((کۆتـــرە بەهێزەکانن)) کە زیاترین شـــادی بۆ کاری ڕۆژانەیان بـــە دیاری دێنن. ((ئەو کۆتـــرە بەهێزە چکۆلە و کەمانە کە بە شـــاراوەیی و گەلێك فیداکاری و بێ هیچ مەبەستێکی خراپ دروست بوون، تاکە شکڵی کاری داهێنەرانە و ئازادن)). ل١٤٢ ((بە دروســـت کردنی کۆترە بەهێزەکان، ئێمە هێزمان بەسەر مەکینە و ئازادیمان لە قەید و بەندەکانی نیشاندەدەین)). ل١٤٢ بەڵام کۆترە بەهێزەکان لە حاڵێکدا کە زۆرجار بە شێوەی تاکە کەســـی دروست دەکرێن، پێویستیان بـــە کلتورێکی هاوکاری هەیـــە: هێندێك لە جۆرەکانی بڕین و شـــکڵ پێدانەکان بە دەســـتی کرێکاران بە مەکینەکانیان، قاچاغ کردنـــی ((کۆترە بەهێزەکان)) بـــۆ دەرەوە، زۆربەی کات، پێویســـتی بە کلتورێکی هاوکاری کەســـانی تر هەیە. ((دروســـت کردنی کۆترە بەهێزەکان... پێویستی بە هاوکاری خوازیارانەیە)). لە ڕاستیدا، ((زۆرێك لە هاوڕێیەتیەکان بە دروست کردنی کۆترێکی بەهێزی هاوبەش دەست پێدەکات)). ل١٤٣،١٤٤

هاوکاری، هاوڕێیەتی، یەکگرتوویی، چالاکی داهێنەرانەی ئازاد: هەمووی ئەوانە بۆ دروســـت کردنی کۆترە بەهێزەکان پێویســـتە. ئەم ئاخافتنە ناڕەزایەتییە نەشیاو نییە؛ دروست کردنی کۆترە بەهێزەکان پێویستی بە نەریتەکانی خۆڕاگریە. کۆتـــرە بەهێزەکان وێناکەری مـــاددی بایەخەکان و بۆچوونە ناڕەزایەتییەکانن، ئەوان نیشـــاندەری هاوکاری کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵـــی کرێکاری بەســـەر بەرهەمهێناندان. هەر وەك هاراچی وەبیـــر دێنێتەوە، ((کۆترە بەهێزەکان نموونەیەکن بۆ هەموو بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان)).

داهەمین کۆمەڵەی نموونەکان لە کتێبە سەرسام هێنەرەکەی بێن هامپێر بە ناوی سەری میخ پەرچ Rivet head ) (دێنمەوە کە بریتیە لە ڕووداوەکانی ئەزموونی کرێکارانی هێڵی مونتـــاژ لە کارخانەی ئۆتۆمبێل و ترۆمبێل ســـازی جنراڵ مۆتـــۆرز لە فلینت. هامپێر -یش ڕۆڵی ســـەرەکی خەبات لەسەر کات -مان پێ نیشان دەدات. کاتێك کە دەنرێتە خزمەت جنراڵ مۆتۆرز کاتێکە کە لە ژیان ئەستێندراوەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە.

یەکێك لەو شێوازانەی کە هامپێر باسی دەکات، شتێکە کە کرێکارەکان بە ((ڕێکەوتنی دوو لایەنە)) ناوی دەبەن، لەودا دوو کرێکار ڕێکدەکەون هەر کامەیان لە نیوەی شیفتێکدا لە جیاتی دوو کەسەکە کار بکات . ماوەی کاتەکەی تری دەتوانێ بۆ خەو، خوێندنەوە، نووسین وە یا تەنانەت بە نهێنی چوونە دەرەوە لـــە کارخانە و کەوتنە شـــوێن کاری دڵخوازی خۆی، بەکار بێنێ. بە خوێندنەوەی پێناســـەی هامپێر ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کرێکارە و هاوکارەکانی بۆیان شانازیە کە بەشێك لەو کاتەی کە شـــەریکە لێیان دەدزێت ((دیسان دەدزنەوە)). هامپێر سەبارەت بەوەیکە چۆن لەپاش گواستنەوەی بۆ هێڵی پەرچ ئەم ڕێککەوتنە دوو لایەنەیە لەگەڵ هاوکارێکی نوێدا سەر لە نوێ جێ دەخات، دەنوسێ:

دیســـانەوەش هەموو شـــتێك وەك ١٩٧٨بوو.چوار سەعات ئیش،
هەشت ســـەعات موچە. جارێکیتریش شادی بوونی هەیە. شادی،

لەوە گەیشتنیئەوەیکە دەستانێکی بەهێزئاگاداری کارەکەت دەکات،
لە کاتێکدا تۆ لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەتدا چاو لە بەیسباڵ بکەیت.
وا پێدەچێت کە ئاوا شتگەلێك لە ئیشی دەستی مانادارترە.
دریژەی پێدەدات: ((زیاتر لە هەر شتێك حەز دەکەم فێڵ لە هەموو ئەو بەڕێوەبەرانە بە نینۆکە خاوێنەکانیان و ئیمتیازە چەپەڵەکانیانەوە بکەم)). ل١٦١
هامپێر- یش کلتورێکی بەپیتی خۆڕاگریمان پێ نیشان دەدات. ئەو دیمەنێکی سەمبولیك بەم کارانە نادات، نیشانەکانی دووبەرەکی و دوا کەوتوویی (کرێکاران) لە تاوتوێ کردنی ئەوا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هاوکارییش هەیە. هاوکاری بۆ زاڵ بوون بەسەر کاتدا بۆ شکستی سەر کرێکار یا بەڕێوەبەری زۆرویژ ، بۆ ئەستاندنەوەی بەشێکی چکۆلە لە مرۆڤایەتی هاوبەشیان، تەنانەت بۆ ئاوێتە کردنی هێندێك شۆخ تەبعیبە ژیانی یەك جۆرەییانەوە لە هێڵی مونتاژدا. ئەو نموونانەی کە هەڵمبژاردوون و دەکرێت دیسانەوەش زیاتر بکرێن، شوێن پێیکە لە مەنتقی خۆڕاگری. ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە بەرهەمهێنەران لە هەوڵدان ئەزموونی چەوساندنەوە پێچەوانە کەنەوە، لە هەوڵدان لەو کەسانەی کە بەرهەمی ماندوێتی، ئازادی و چالاکی ژیانیان لێ زەوت دەکەن، شتێك بۆخۆیان بستێننەوە، وە هێندێك جاریش زمانێك دابهێنن کە نەریتی خۆڕاگریان بگوازێتەوە و بە کردەوەی دەربێنێت.
بەم پێیە گوفتارەکانی خۆڕاگری، هەرچییەك بن بە هەڵکەوت یا دڵخواز نین. زۆرێك لە بەهێزترین و بەردەوامترین وتنەکان، وڵامگەلێکن - زۆربەی کات کاردانەوەگەلێکی بە توندی داهێنەرانە - بە پێکهاتەکانی کار و چەوساندنەوە . ئەگەر لێرشدا واتای جێگا پەسەندی پێکهاتە شکێنەکان بەکار بێنن، ((گەمە)) هەیە، تەنز، شۆخی و دەڵقەك بازی بوونی هەیە. بەڵام خەباتیش لە گۆڕێدایە خەباتێکی جیددی و پەرەسەندوو لەسەر مەعاش، لەسەر گیان و جەستە و لەسەر ڕزگاری.

## گرامشی لەبابەت زمان و سەرکردەیی (هێژمۆنی)

بەم پێیە، ئەگەر زۆر لێکراوان بە تەواوی نەکەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ئاخافتنە فەرمییەکان، ئەگەرکوو ڕەوت و ئاخافتنگەلێکی بەپیت بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر دەسەڵاتدارەکانیان دادەهێنن، ئەم ڕەوت و ئاخافتنانە چلۆن لەگەڵ هەل و مەرجی بەردەوامی سوڵتە و چەوساندنەوە پەیوەند دەخوات؟ لەم بارەیەوە تێبینیەکانی ئانتۆنیۆ گرامشی، شۆڕشگێڕی ئیتالیایی، لە بابەت زمان و سەرکردەیی یەوە دەتوانێ گەلێك یارمەتیدەر بێت.
گرامشی بەشوێن دارشتنی ڕوانگەیەکەوەیە کە هۆکاری ناساندنی واقعییەتی سەرکردەیی و ئیدە زاڵەکان و ئیدەکانی چینی زاڵە،تا ئەو جێگەیەی کە ئەم جۆرە سەرکردەییانەی هیچکات گشتیەتیان نییە، بەڵکوو لە بەرانبەردا بەردەوام دەکەونە بەر پەیوەندیەکی دژ بەیەك لەگەڵ ئیدەکان و بۆچوونەکانی ((دژە سەرکردەیی)) کە نەیاری بایەخ و ئیدە زاڵەکانە. گرامشی لە دژایەتی لەگەڵ بلیمەتگەرایی ڕوناکبیرانەدا دەڵێ: ((گشت مرۆڤەکان فەیلەسوفن)). چوونکە هەر تاکێك لە ڕێگەی زمانەوە کە پێویستی بە (گشتیەتێك لە بۆچوونەکان و مانا د
یاریکراوەکان) هەیە، مانایەك لەو کۆمەڵگە و جیهانەی تێیدا دەژی بەکار دێنێت. زۆربەی کات ئەم جۆە جیهانبینیە بە شێوەیەکی نیزامەند بەپێی بنەما سەرەکیەکانی ئەو شەرح و شرۆڤە نەکراوە. بەڵام لە ڕێگەی وتنەکانەوە ئێمە نوقمی جیهانێك لە ماناکان دەبین کە ڕوانگەیەکی گشتی بەسەر کار و باردا دەکاتە پێش گریمانە. بەڵام ئەم جۆرە جیهان بینیانە بە کەمی یەکانگیرن، ئەوان دواتر پێویستیان بە تێکەڵاو کردنی ناکۆکاوی ئیدەکان دەبێت. بەم پێیە زۆربەی کەسەکانی چینی کرێکار جۆر گەلێکی لێك جیاواز لە ئیدەکان و بۆچوونەکان بەخۆوە دەگرن کە سەرچاوەکەیان ئایدۆلۆژی زاڵە. لە هەمان کاتدا، هەر وەك دیتمان، چالاکی زەروری ڕۆژانەیان، ئەوان لەگەڵ ڕەوتگەلێك دەرگیر دەکات کە لانی کەم لەگەڵ هێندێك لە لایەنەکانی جیهانبینیی زاڵدا ناتەبایە. لەم ڕووەوە، لەکاتی بینینی ئەندامێك لە چینە بەرهەمهێنەرەکان، زۆربەی کات بار و دۆخێك حاکمە کە لەودا شعووری بۆچوونیی ئەو بەلایەنی مێژووییەوە دەتوانێ لە بەرانبەر چالاکیەکانیدا قەرار بگرێ. کەم تا زۆر دەکرێ بگوترێ کە ئەو خاوەنی دوو شعوری بۆچوونیی (یا شعورێکی ناکۆکاوی)یە: یەکیان بە شێوەی ئاوێنە لە چالاکیەکاندا بوونی هەیە و هەموو کرێکارە هاوتاکانی لە گۆڕانی بە کردەوەی جیهانی واقعیدا یەکگرتوو دەکات، ئەوەی تریشیان، بە شێوەیەکی ئاستیی، ئاشکرا یا کەلامییە کە لە ڕابردوو بە میرات پێی براوە و بە شێوەیەکی نا ڕەخنەگرانە وەریدەگرێ.
تایبەتمەندی ناکۆکاوی شعوری چینی کرێکار دیاردەیەکی بە توندی ڕوو لە گەشەیە. لە سەرەتادا شعوری هاوشێوە لە نێوان چینی کرێکاردا بوونی نییە. لە نێوان دەستەیەك لە کرێکاراندا، هێندێکیان تا ڕادەیەك بەرەو فێر بوون و وەرگرتنی ئیدەکانی بەڕێوەبەران، ڕەئیسەکان، سەرانی حکومەت و لە چەشنی ئەوان دەچن، لە حاڵێکدا کە ئەوانەی تر مەیلیان بە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی تەواو لەگەڵ وەها کەسانێك هەیە.
دەکرێ زۆربەی کرێکاران لە نێوان ئەو دوو پێگەیەدا بەدی بکەیت. بەڵام شعوری ئەوان لە یەك ئاستدا نامێنێتەوە. ڕووداوە گرینگەکان - مانگرتنەکان، خۆپیشاندانە جەماوەریەکان، جوڵانەوەکانی یەکیەتیەکات و لەم چەشنە

- هاوڕێ لەگەڵ پڕ و پاگەندەی ڕێکخراوی ئیدە نەیارەکان دەتوانێ لە ڕادیکاڵکردنی (شــعوری چینی کرێکاردا) دەور و نەخشــی هەبێت، لە حاڵێکدا شکستەکان، پاشەکشەکان و لــە کزی دانی ئاخافتنە ناڕەزاییەکان دەتوانێ کاریگەریەکی میانڕەوانەی قوڵی هەبێت. بەڵام گرامشــی دەزانێ کە بار و دۆخەکە لە هەرکاتێکدا هەر چۆنێك بێت، ناکرێ ناوەڕۆکی ناکۆکاوی چینی کرێکار لەناو ببردرێت. ئەوە تایبەتمەندیەکی زاتی کۆمەڵگەی ســەرمایەدارییە کە چینی باڵا دەست لە هەوڵدایــە ڕەزامەندی ئایدۆلۆژیك بۆ دەســەڵاتەکەی خۆی دەســتەبەر بکات (وە ئاوا هەوڵدانگەلێــك زۆربەی کات تا ڕادەیەکی زۆر ســەرکەوتن بەدەســت دێنێــت) وە ئەزموونەکانــی ژیانــی کرێکاران، خۆڕاگری ئەوان لە بەرانبەر چەوساندنەوە و دەسەڵات، نەریتگەلێك لەگەڵ خۆیدا دێنــێ کە لەگەڵ ئیدە زاڵەکان هاوتەریب نییە و لە ڕاســتیدا جیهانبینیەك لە خۆیدا دروســت دەکات کە دەکەوێتە بــەرەی دژ بەو ئیدانە. لە ڕاستیدا لای گرامشی یەکێك لە ئەرکە ســەرەکیەکانی حیزبی سۆسیالیســتی شۆڕشــگێڕ هەوڵدانە بۆ وێنا کردن و نیزاممەند کردنــی جیهانبینیەك کە بە شێوەی دەرونی لەناو ئەم جۆرە نەریتانەی خۆڕاگردا هەیە.

ئەم بۆچوونە گرامشــی بەو توانایيە دەگەیەنێت تا لەســەر ئەساســی ئەو ناکۆکیانەی کە لــە ئەزموون، چالاکی و زمانــی ئەندامانــی زۆرلێکــراوی کۆمەڵگەدا بڵاوە، ڕێگە برێتە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەوە.

ئەو دەڵێ: سیاســەتی شۆڕشگێڕانە لە هزری ســەلیمی چینــی کرێکارەوە ســەر هەڵــدەدات. ئەو هزرە ســەلیمە (تەندروســتە)، بەزۆری لە شــکڵێکی ئاماژەییــدا هەمــوو ئــەو بۆچوونە نەیارییەتیانەی چینی کرێکار لەخۆ دەگرێت. لەو جێگەیەوە کە سۆسیالیسم، هەروەك مارکس دەڵێ، ڕزگاری چینی کرێکار بە دەســتی چینی کرێکار خۆیەتی، ئیدە شۆڕشگێڕانەکان ناتوانــێ ئاخافتنێکی دەرەکی بێــت کە لە دەرەوە بە ناوەوەی چینی کرێکار پەیوەند بدرێت.

بە پێچەوانەوە، پەیوەندیەکانی نێوان ئیدە شۆڕشــگێڕانەکان و چینــی کرێــکار دەبێت ئورگانێك بێــت، وە ئەوە ئەرکی مارکسیستەکانە کە نیشان بدەن سۆسیالیسم کۆی ئەو مەنتق و یەکانگیریــەی نەریتەکانی خۆڕاگری چینی کرێکارە. بەم پێیە دەبێت حیزبی شۆڕشگێڕ بەشی زەروری بزوتنەوەی چینی کرێــکار بێت، دەبێت لە ئەزموونەکانیاندا بەشــدار بێ و بە زمانی ئەوان بدوێ. لە هەمان کاتدا، حیزبی شۆڕشگێڕ دەبێ ئــەو هێزە بێ کە ئەزموونەکانی نەیاران لە پڕۆگرامێکدا بە شێوەیەکی بەرین و نیزاممەند گشتی بکاتەوە، هێزێك کە ئەوە نیشــان بدات چلۆن ئەو ئیدە سوننەتی و زاڵانەی بە میرات بە کرێکاران بڕاوە (نیشتمان پەرەستی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەڵاواردنی نژادی،..) لە شەڕدایە لەگەڵ بەرژەوەندی و ئەو ئاڕمانانەی بە شێوەی دەروونی لە شێوازەکانی خۆڕاگری چینی



کرێکاردایە بەرانبەر چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر، وە لە دژی ئەو ئیدانە خەبات بکەن. بە پێچەوانەی هێندێك لێکدانەوەی ئایدەئالیستیانە لە گرامشی کە لە ساڵەکانی ڕابردوودا بۆتە باو، ئەو پێداگری لەســەر ئەوە بوو کە دروســت کردنی ئەم جۆرە بزوتنەوە جەماوەریانەی دژە ســەرکردییی لە ئاســتێکی بە تەنیا کلتوری یــا وەك پێکهاتووی تایبەتی ڕوناکبیرانەی نەیاری ئایدۆلۆژیکدا ڕوو نــادات. وە جەختی دەکردەوە کە دژایەتی لەگەڵ ســەرکردیی لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و

بزوتنەوە جەماوەریەکانەوە دەکرێ کە لەودا خۆڕاگری ئابوری و خەباتی ئایدۆلۆژیك هاو هەنگاوی یەکتر دەچنە پێش. بەم پێیە، بە واتایەکی تر، بــۆ زۆرلێکراوان (درکی رەخنەگرانە لە خۆیـــان لە رێگەی خەباتی ســـەرکردایەتی سیاســـیەوە ڕوودەدات). ئەو تەئکید لەســـەر ئەوە دەکاتەوە کە ((حیزبە سیاســـیەکان)) هەر وەك ((تاقیگـــە مێژوویەکان)) جیهان بینیەکی دژە سەرکردەیی کار دەکەن، ئەوان ئەو کۆڕانەن کە لەواندا یەکیەتـــی بۆچوون و کردەوە، کە وەك پێکهاتوویەکی مێژوویی ڕاستەقینە درك دەکرێت، ڕوو دەدات.

کەواتە، بۆچوونی گرامشـــی لە بابەت زمان، سەرکردەیی و خەباتی سیاسی لە لێکدانەوەی مانای جۆرەکانی وتنەکانی ولۆنشـــیف لە کەوشـــەنی سیاســـەتی بە کردەوەدا یارمەتی دەکات.

گرامشـــی دەڵێت کـــە مەســـەلەی ناوەندی سیاســـەتی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی، هەوڵدانە بۆ یەکخستنی ئەو شـــێوازە نارەزایەتیانە - کە بابەتی خەباتی واقعی لە دەوری مەســـەلەگەلێکی دیاری کراو و بابەتـــی هەولگەلێکە بۆ دارشتن و نیزاممەند کرد

نی ئەو جیهانبینیەی کە بە شێوەی ئاشکرا لەم جۆرە گشتیانە دا هەیـــە و هـــۆکاری یەکگرتوویی، هاوکاری و یەکســـانی خوازیە.

## زمان و ئازادی

دەتوانین چ ئەنجامێك لەم باسە گشتیە لە بابەت هێندێك لە بۆچوونە مارکسیستیەکان لە بواری زمان، وەربگرین؟ سەرەتا بۆمان دەرکەوت کە مارکسیسم لەســـەر یەکیەتی ئەزموون - ژیان تەئکید دەکاتەوە. زمان وەك شـــعور، کەوشـــەنێکی جیاواز لە بوونی مرۆیی نییە، بەڵکوو لایەنی شـــیکەرەوە و شەرحدەری ئەو بوونەیە. وە بەم شێوەیە لەژێر دزەی کێشەکان، ئالۆزیـــەکان و ناکۆکییەکانی ژیانـــی واقعی دایە. بە وتەی باختین، ئیدەئالیسم بە دانە بەر باسی زمان وەك ((نیزامێك لە چەمکە بە تاکەکانی دەســـتوور زمانیی)) نەوەك درکی زمان وەك ((پاراو بوو لە ئایدۆلۆژی ))، ((پڕ لە ناکۆکی)) و ((پڕ لە کێشەکێش))تێگەیشـــتنمان لە پەیۆەندیەکانی نێوان زمان، ژیان، مێژوو و کۆمەڵگە، لاواز دەکات.

ئیدەئالیسمی نوێ لەوانەیە ئیدعای درککردنی ئایدۆلۆژی و کێشە و ناکۆکی بکات، بەڵام بە مانایەك تەنانەت هەنگاوێکی واوەتر لە ئیدەئالیســـمی کۆن هەڵگرتووە، نەك تەنیا بەهۆی جیـــا کردنەوەی زمان، بەڵکوو لە ڕاســـتیدا بەهۆی گۆڕانی شکلی کۆمەڵگە بە نیزامێك لە چەمکە زماننناسیەکان.

باختین باس لەوە دەکات کە وشـــە لە ((شوێنێکی گوفت و گۆیی پڕ لە کێشـــە و ئاخندراو بە وشـــەگەلێکی بێگانە لەگەڵ بایەخـــی حەکەمیەکان و لەحنـــەکان دێتە گۆڕێ کە لەگـــەڵ پەیوەندیگەلێکی بەرانبەرانـــەی ئالۆزدا گرێی خـــواردووە، لە هێندێکیانـــدا تێکەڵ بووە و لـــە هێندێکی تریش پاشەکشـــەی کردووە)). وشـــەکان و وتنەکان هەرگیز پاســـیف نین. بەردەوام لە پێکهاتەیەکدا جێگەیان هەیە کە لێوانلێوە لە کێشمەکێشەکان، خەباتەکان و کێشەکان. زمان بە هاوشێوەی ((نیزامێکی بە تەنیای دەستوور زمانی)) دەکرێ وەك یەکیەکـــە، بابەتێکی داخـــراوی لێکۆڵینەوە لەبەر چاو بگیـــرێ. بەڵام ئەم کارە لەبەر چاو نەگرتنی زمان ((جیایە لـــە پێکهاتووی لێك نەترازاوەیی گۆڕانـــکاری مێژوویی کە پێناسەی هەموو زمانە زیندووەکانە)).

بـــەم پێیە زمان کۆمەڵایەتی و مێژووییە. مانایەك بۆ من تەنیـــا لە پەیوەندیەکانم لەگـــەڵ ئەوانیتردا بوونی هەیە، وە ئەو ئەوانی ترە لـــە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان و پێکهێندراوادا لە گۆڕێدایە. وە ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە خۆی گەشاوەیە، ئەم پەیوەندیانە کە خەبات لە بابەت سوڵتە و خۆڕاگری لەخۆ دەگرێ، هاوســـەنگی هێز و دەســـەڵات دەگـــۆڕێ. کەواتە ماناکان مێژوویی -شـــن، ئەوان نوقمن لـــە پێکهاتوویەك لە ((گۆڕانـــکاری مێژوویی)) کە لەودا پەیوەندیەکان نەگۆڕ نین، وە بە جیهەتگیرمان بەرەو داهاتوو، ڕابردوو و ئێستاکە گرێی خواردووە.

زمـــان، پێکهاتەیەك لە پەیوەندیەکانی دەســـتور زمانی و ماناکان پێشکەش بە من ناکات. بە پێچەوانە، دەرگیر بوونم لەگەڵ زماندا پێویســـتی بە ئاوێتە بوونی من لە ناوەندێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لـــە دەروون مایەکان، لەحنەکان و ماناکاندا هەیە کە بەردەوام جێگای موناقشـــەیە و هەرگیز داخراو نییە، ئەو وشانەی کە هەڵیاندەبژێرم، وە ئەو گوتانەی کە ئەدایان دەکەم، پێویســـتی بە هەڵوێست گرتن لە دەروونی ئەو ناوەندەدا هەیە.

بەردەوام شـــێوازگەلێکی بەدیبلی بـــۆ دەربڕین و گوتنی ئەزموونەکانم، هەڵوێستەکانم و داخوازیەکانم لە گۆڕێدا یە. کاتێك باختین دەنووســـێ: ((شـــعور بە ناچار خۆی لە ڕووبـــەڕووی زەروورەتی پێویســـت بـــۆ هەڵبژاردنی زمانێك دەبینێتەوە)) ئەمە مانای جێگا مەبەستی ئەوە.

نموونەیەکی ئاســـایی لە ڕاپۆرتی ڕابردووی ڕۆژنامەیەك لە بابـــەت مانگرتنـــی یاریزانانی یەکیەتیەکـــی حیرفەیی بەیســـباڵ دێنمەوە. ڕاپۆرتێری وەرزشی دەنوسێ: ((یاریزانە دانیشـــتووەکان (پاشـــکەوتەکان) - ئەگەر تەمایولێکتان بە حوســـنی تەعبیر نییە، موختارن لەوەیکە ئەوان بە هاوڕێی نیوەی ڕێ یا مانگرتن شـــکێن ناوبەرن - یەکەمین تەدریبە نادڵنیایەکانـــی خۆیان دەســـپێکرد)). لیـــرەدا ڕۆژنامەوان هەڵبژاردەیەك بە خوێنەران پێشکەش دەکات. ئەو بەدیلانەمان پێشکەش دەکرێت: یاریزانە پاشکەوتەکان، هاوڕێیانی نیوەی ڕێ، مانگرتن شـــکێنەکان. ڕوونە کـــە هەڵبژاردنمان بێ

لایەنانە نییە و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. لە باسێکدا کە لە بابەت سوننەتی مارکسیستی پێشکەشم کرد، ئەم مەسەلە لە هەموو وتەکاندا، وە بە شێوەی گشتی لە گوفتار (زمانی زیندوو) سێدق دەکات. وە هێندێك جار، زمان سەرچاوەگەلێکمان بۆ دروست کردنی ماناکان پێشکەش دەکات کە لە ئەزموونی ئێستاکەی ئێمە واوەتر دەچێت.

زۆرێك لەو سەرچاوانەی کە زمان پێشکەشمان دەکات، هەڵقوڵاوی ئەو مانایانەی ڕابردوویە کە بۆ ئێمە بێ کۆتایی نییە، ئەوانە لە زمانی ئێمە، لە کلتوری ئێمە و لە ئەزموونی ئێمەدا دەژین. چوونکە مرۆڤ، هەروەك زمان، لە چوارچێوەیەك لە ((ئاڵ و گۆڕی مێژوویی))دا بوونی هەیە.

لەم ڕوویەوەیە کە زمان ئەو توانایەمان پێدەدات دەستمان بە ڕابدوو ڕابگات لە حاڵێکدا کە ڕووبە داهاتووین.

ئەزموونەکانی ڕابردوو - بەرژەوەندی، خەسارەکان، سەرکەوتنەکان، شکستەکان، چێژەکان و خەمەکان - دەتوانێ دەربڕی بار و دۆخی مەزنی هەنوکەیی بێت، دەتوانێ پێشکەشکەری ئارمانەکان و دەرس و سەرچاوە گەلێك لە هیوا لێرە و ئێستا بێت. لە حاڵی دەست ڕاگەیشتن بە داهاتوو، دەتوانم هاوکات بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، وە زمان لە بەڕێوە بردنی ئەو کارە دا هاریکاری دەکات. چوونکە زمان نەك هەر ماددەی خامی یادگەی شەخسی و یادگەی مێژوویە، زمان نەك هەر ئەو توانایە دەبەخشێ کە هەستێکی پایەدارمان لە ماوەی ساڵیانی ساڵ لە خۆمان هەبێت، هەروەها ئەو یارمەتییەش دەکات کە لەو یادگە مێژوویە سوودمەند بم تا پێگەی خۆم لە ڕاستای داهاتوودا دیاری بکەم. بەم جۆرە دەکرێ توسن لووتور (ڕێبەری سیاسی - نیزامی سیاسی هائیتی کە لە ساڵی ١٧٩١ لە دژی بریتانیا بە ڕەشپێستە شۆڕشگێڕەکانی هائیتیەوە پەیوەست بوو) و خێڵی ئەو کۆیلانەی کە لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرکانی سەنپێتێرز بۆرگ، مانگرتووەکانی فلینت لە ١٩٣٧، ڕاپەڕیوەکانی مەجار ١٩٦٥، خوێندکاران و کرێکارانی فەرانسەیی ١٩٦٨، ... وەبیر بێنینەوە.

کەواتە، بۆ ماتریالیسمی مێژوویی، لە ((جەغزی)) زماندا مانەوە بلوورین بوون لە مێژوو و ((گۆڕانکاری مێژوویيە)).

لەجیاتی بەربەست کردنی ئیمکاناتی بەدیل، ئەزموونی ئێمە وە بوونە مێژوویەکان بەو مانایەیە کە دەتوانین بانگەوازی مێژوو بکەین و داهاتوویەك وێنا بکەین کە جیایە لە ئێستا. چوونکە زمان تەنیا ئەنباری ئیدە زاڵەکان نییە، زمان هەروەها لایەنێکیشە کە لەودا دەتوانرێ خەبات دژ بە دەسەڵاتی زاڵ بهێندرێتەوە یاد و بپارێزرێ، کە لەودا دەتوانرێ خۆڕاگری وێنا بکرێ و ڕێکبخرێت.

درکی زمان بەم جۆرە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە بە پێچەوانەی ئیدەئالیستە نوێیەکان، دەکرێ ڕزگاری وەك ئیدەیەکی پڕ مانا بکرێتە چوار چێوەی بۆچوون. بەو مانایەیە کە سەرەڕای دڵسەردکەرەوە بوونی هەل و مەرج، ڕزگاری هەروا ئیمکانی هەیە، ئەویش دروست لەو ڕوویەوە کە چالاکی بە کردەوەی ئێمە و زمانی ئێمە هەڵگری ناوەڕۆکەکان، لەحنەکان و ئیلهاماتێکن کە بەیانگەری جۆرگەلێکی جیاواز لە پەیوەندیەکانی نێوان خەڵك و کارێکە کە بەڕێوەی دەبەن. مادام کە ڕیزبەندی پلەکانی دەسەڵات و زاڵگەریی و چەوساندنەوە لە گۆڕێدا بێت، شێوازەکانی خۆڕاگری و خەباتیش بوونی هەیە کە کاریگەری خۆی لەسەر زمان دادەنێت. زمان زیندان نییە، بەڵکوو مەکۆی خەباتە. بێگومام خەبات بەڕێوە دەبرێت و لە کۆتایدا لە ناوەندی پێکهاتە مادییەکانی تەواوەن واقعی - شوێنی کار، زیندان، ئەرتەش و ... - حەل و فەسڵ دەکرێت. بەڵام لەهەر کوێیەك خەبات بێتە گۆڕێ، لە هەمان شوێن دەبێ زمان بدۆزرێتەوە، وە ئەوانەی کە لە پێناو ڕزگاری لە زوڵم و چەوساندنەوە لە شەڕدان، بەردەوام لە زمان و وشەکاندا مانا و ناوەڕۆکگەلێك بۆ دەربڕین، شی کردنەوە و هاو ئاهەنگ کردنی خەباتەکەیان بۆ دونیایەکی باشتر دەدۆزنەوە.

**تێبینیەکان:**

**١- ژاک دریدا، ((دکانسترلکش و هیتر)) لە باس و خواسێکدا لەگەڵ بیرمەندانی هاوچەرخی ئوروپا، کۆکردنەوەی ڕیچارد کرنی.**

Moscow: Manchester university) ١٢١.P ,(١٩٨٤ pvees

**٢- کارێل مارکس و فریدریش ئینگێلس، ئایدۆلۆژی ئەلمانی.**

**٣- ناخوازم بچمە ناو باسێکەوە کە باختین بەشێک یا هەموو مارکسیسم و فەلسەفەی زمان -ی نووسیوە. من لە بنەرەتدا ئەم کتێبە بە ولۆشینف رەبت دەدەم، هەڵبەت ئەوەشم قەبووڵە کە باختین روخسارێکی ناسراوتری روناکبیری بوو. ئەو ژمارە لاپەرانەش هی دێرگەلێکن لە کتێبی و.ن ولۆشینف، مارکسیسم و فەلسەفەی زمان.**

**٤- ئانتۆنیۆ گرامشی، هەڵبژاردە گەلێک لە دەفتەرەکانی زیندان.**

**٥- هەموو نموونە هێنانەوەکان لە باختین لە کتێبی**
(The Diaogic Imoginotion)

**وەرگێرانی کریل ئێمرلۆن و مایکڵ هالکوست لاپەرەکانی ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٦، ٢٧٨، ٢٩٥.**

* * *


# بەخۆشەویستی دەتکوژم ئەی مەرگ

مەدلوولەکانی پشت شیعرەکانی فەریدونی موشیری

ئەنوەر حسێن(بازگر)

فەرەیدون موشیری شاعیری ئێرانی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەناو شیعرەکانیدا عشق بۆتە سیمبولی ژیان و جاویدانی و خۆیشی دەڵێ "منیش بەعشق دەستمپێکردو پاشتر گەیشتم بەلقەکانی تری ژیان".

بۆیە کاتێك شـیعرەکانی فەرەیدون موشیری دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت دەیەوێت گشت قوفڵە داخراوەکان بەکلیلێك بکاتەوە کەناو دەبرێت بەکلیلی خۆشەویستی، بێگومان ئەمە نەك لەبەرئەوەی وەکو خۆی دەڵێ عاشقم، بەڵکو دەیەوێت عاشقانە بژی و عاشقانە بمرێ و هیومانیزم لە شیعرەکانیدا رەنگبداتەوە.



هەرچەندە مرۆڤ کەشیعرەکانی فەرەیدون موشیری دەخوێنێتەوە، هەست ناکات، شیعرە عاشقانەکانی ناو دیوانەکانی تەنها و تەنها بۆکچێك یان مەعشوقێك نوسیبێت و ئەم فۆرمی کارکردنە لەناو شیعرەکانی موشیریدا زۆر بەدەگمەن هەستپێدەکرێت.

بەڵام ئاسان ئەو فۆرمە دەناسرێتەوە، کە فەرەیدون موشیری چەندە عاشق و پڕە لە ئەوین و خۆشەویستی بەشێوەیەك دەڵێ"

هەرچی لەم جیهانەدا بەدەستی بێنن
هیچتان نییە، ئەگەر دڵتان بەعەشق نەدەن"

دەقیقەن فەرەیدون موشیری دەیەوێت عشق بکاتە دەروازە بۆبەدەستهێنانی جوانیەکانی ژیان و جاویدانی بۆیە پێی وایە تەنها بە بەدەستهێنانی خۆشەویستی هەمووشت بەدەست دێت.

لەمبارەیەوە شاعیری ئێرانی "سالحی" پێوایە" موعجیزەی تێکۆشانوحیکمەتیئەوین، چارەسەریدژوارترینائومێدیەکانە بەم پێیە بێت فەرەیدون موشیری پەنای بردۆتە بەر کلیلێك بۆکردنەوەی دەروازە پەنهانەکان کە عشق و خۆشەویستەیە تا مرۆڤ لێیەوە بگاتە ئاسودەیی، موشیری سەرەڕای ئەوەی عشق و خۆشەویستی لەژیانیدا بۆتە هەمووشت، بەڵام لەناو شیعرەکانیدا هێندە جوان وێنەی شیعری پێداوە خوێنەر رادەکێشێ بۆئەو رانانە جوانەی کەهەیەتی، بۆیە لەیەکێك لە شیعرەکانیدا بەناوی" مانگ و بەرد " دەڵێی"

گەر مانگ بوومایە، لەکوێ بومایە
بە شوێن سۆراغی تۆدا دەگەڕام
گەر بەرد بومایە، لەکوێ بومایە
لەبەر دەبازی تۆ راوەستام

لەم شیعرەدا هەم "عشق"و هەم"وێنەی شیعری" هێندە جوانن، مانگ و بەرد دەکاتە پاسەوانی یارەکەی و هەردووکیان دەخاتە خزمەت عشقەوە.


ئەو لێرەدا نایەوێت بڵێت یارەکەم لێونبوە، ئەوەندە مەبەستیەتی بڵێ کاری روناکی مانگ چییە گەر گەڕان نەبێ بەدوای عشقدا ئیشی بەرد چییە گەر نەبێتە بەردەبازی عشق، ئەو دەیەوێت بڵێت دار و بەردو مانگ و زیندەگی هەموو دەبێ لەپێناوی عشق و خۆشەویستیدا بن، تا ژیان جوانتر بێ تا زیندەگی بێ کێشە تربێ.

فەرەیدون موشیری پێوایە شتێك کەنامرێ" گوڵ و ئەوین

و ئاسمان و مەل و خۆرو مانگە" هەر بۆیە لەشیعری "زوڵمی دۆست"دا دەڵێ"

"مردن یەعنی
مەل نا
گوڵ نا
ئەوین نا
ئاسمان نا"

بەڵام تاکە شتێك کەوادەکات مردن لای موشیری ئاسانتر بکات و قەناعەتی پێبکات کەمردن و مەرگ زۆر باشترە لە زوڵمی دۆست، پێدەچێت فەرەیدون موشیری بیەوێت لەرێگای شیعرەکانیەوە بڵێت



"ئەگەر عشق نەبوایە
چۆن لەگەڵ مەرگ،
هەڵمانبکردایە".

بۆیە سەرتاپای شیعرەکانی فەرەیدون موشیری پڕیەتی لەعشق و ئەوین.

تا دەگاتە وەسفێك و دەڵێ"

"زەردەخەنەی چاوانی تۆ
ئاوازی هەبوونی خودا
لەچاوی مندا جاڕ ئەدا...
تەنیا بەڵگەم کەخوا هەیە
ئەم جیهانە قەشەنگە و ئەم
ژیانە پڕ بایەخ و شیرینە و
زەردەخەنەی چاوی تۆیە"

فەرەیدون بوونی خوا و بەڵگە بۆوجودی خوا دەگەڕێنێتەوە بۆزەردەخەنەی چاوی یار.

عشقی فەرەیدون تارادەیەکە گومان دەخاتە سەربوونی خوا و ئەو قەشەنگیەی کەباسدەکرێت و ئەو بەنرخیەی ژیان کەباهایەکی گەورەی خوایە بەئینسانەکانی بەخشیوە.

فەرەیدون دەیەوێت، لەم شیعرەدا بڵێت، خوا بەبێ عشق و زەردەخەنەی یار ناتوانێ قەناعەت بەمن بێنێت کە تا گوێم لەئاوازی خوایی بێت.

پەیوەندی نێوان بوونی خواو زەردەخەنەی چاوی یارەکەی لای فەرەیدون موشیری دووشتی لێك دانەبڕاون و پێیوایە لەحاڵەتی نەبوونی زەردەخەنەی یاردا هەموو شتێك بەشێکە لەعەبەسیەت، بەڵام لەگەڵ ژیان و ژین و عشق و بوونی گەردون وخوا، لەگەڵ زەردەخەنەی چاوی یار، شتێکی بەڵگە نەویستە دەکرێت لەسەرکۆی شیعرەکانی فەرەیدون و بەتایبەت شیعری زەردەخەنە، چاوی تۆ" رابوەستین بەوەی ئایا لەپشت ئەم شیعرانەو بەتایبەت ئەم شیعرە باکگراوەندێکی مێژووی ئامادەگی هەیە؟ ئایا لەپشت ئەم روانیەی فەرەیدونەوە عشقێکی حەقیقەتی هەیەو ئایا بەراستی ئەوە بەشێکە لەژیان و ئەوینی فەرەیدون؟

هەرچەندە لەکۆی شیعرەکانی فەرەیدوندا عشق و خۆشەویستی یارو ئەوین، رەنگدانەوەی هەیە، بەڵام نابینرێت شیعرەکانی فەرەیدون رەنگدانەوەی عشقێکی مجرد بێت وەکو چۆن ئەمە لای ئەحمەد شاملوو و فرۆغی فروخزادو نالی دەبینرێت.

بەڵام گەڕان بەناخی شیعرەکانی فەریدونی مشیریدا، هەستدەکەیت فەرەیدون دەیەوێت بەدوای یەقیندا بگەڕێت، لای ئەویش تاعشق و خۆشەویستی نەدۆزینەوە ناگەینە یەقین.

یان وەکو شێرزاد حەسەن دەڵێ" بەبێ گومان، ناگەینە یەقین" فەرەیدون دەیەوێت بڵێت سەرچاوەی هەموو ژیان عشق و ئەوینەو ئەلتەرناتیڤی هەموو کێشەکانی ئینسانە و بەبێ عشق هەموو وەزە و داهێنانەکانی ئینسان دەکوژرێت، هەر بۆیە لەناو شیعرەکانیدا پانتایەکی بەرفراوان دراوە بەعشق و خۆشەویستی، بۆیە گەرسەیری دیوانەکانی فەرەیدون موشیری بکەین لەگشتیاندا ئەوین و ئیلهام و پێکهینەری سەرەکی شیعرەکانیەتی بەکورتی فەرەیدون دەیەوێت لەرێگەی شیعرەکانیەوە بڵێت عشق سەرچاوەی ژیانە و هەر خۆدزینەوەیەك لەم چەمکە گرنگە، بێ مانابوونی ژیان و زیندەگیە.

من واهەستدەکەم فەرەیدون موشیری بیەوێت لەرێگەی شیعرەکانیەوە بڵێت" من بەخۆشەویستی دەتکوژم ئەی مەرگ".

**※ تێبینی ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکی کورتە بۆ چەند شیعرێکی فەرەیدون موشیری ودیوانی "تۆ لێرە نی تا ببینی" کە لەوەرگێرانی ئارام قەرداغی یەو لەبڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی رێنمایە. بۆساڵی ٢٠٠٧**

* * *

# فۆرم و سوژە لە داهێنانی کولتووری دا

ن: سامی نەعیر
و: هادی محەمەدی

بەرهەمەکانی لوســیەن گوڵدمەن نیشانەی گەڕانەوەیە بەرەو مارکســیزمی مارکس. نە مارکســێك کــە لەنێوان لاوێتی رۆشنبیرانە و پوختەیی تیوریك دا دابەشکراوە، بەڵکوو بەرەو یەکێتی دیالکتیکی کە بە تیۆری شۆڕشــگێڕانە ناوبانگی دەرکردووە و پوختەی سەرجەم ئەزموونە تیۆری سیاسیەکانە کە بەهۆی قووڵئەندێشی زانستی نەستوویی بێئۆقرەیی بەرهەم هاتوون. گەڕانەوە نــە تەنیا بۆ تیۆری مارکس، بەڵکوو بۆ مێتۆدۆلۆژی مارکسیســتی کە لەپاش سەدەیەك شرۆڤە و تەفســیری جۆراوجۆر و دۆگماتیزم، هێشــتا لەبرەو دایە و ئەمڕۆ کەس ناتوانێ بەرتەسك سنورداری بکات.

ئــەم گەڕانــەوە بەهۆی پێویســتی وەڵامدانەوەی پرســە ســەرەکیەکانی ســێ بابەتی بنەڕەتی ئیپستمە ئەنجام دراوە کە تێکڕای سیستمی فکریی مێتۆدی گوڵدمەن بەپێی ئەوان پێکدێت. ئەم سێ بابەتە بریتین لە:

ئەلف) فەلسەفە

ب) کۆمەڵناسی ئەدەبیات

ج) کۆمەڵناسی سیاسەت

لەم بەرهەمانەی ژێرەوەدا کە هەرکامیان گرنگی تایبەتیان هەیە، پرســیارەکانی هەرکام لەو ســێ بوارە گەڵاڵەکراون بەرسڤ دراونەتەوە: ســەرەتایەك لەمەڕ فەلسەفەی کانت، توێژینەوەی دیالکتیکی، فەلســەفە و زانســتی ئینسانی و هەروەها شــیکاری بەرفراوانی بەرهەمەکانی پاسکاڵ راسین (کتێبــی خودای نادیار) ئــەم ٣ بەرهەمە تەواو دەکات. لە قۆناغی دووهەمدا کە دەسکەوتەکانی قۆناغی یەکەم درێژە دەدات و بەرەو پێشــتر دەڕوات، ئــەم بەرهەمانە دەبینین: مارکسیزم زانستی ئینسانی، کۆمەڵناسی ئەدەبیات (داکۆکی لە کۆمەڵناسی رۆمان)، داهێنانی فەرهەنگی لە کۆمەڵگەی مودێرن دا، پێکهاتە زەینیەکان داهێنانی کولتوری لە ئاستێکی جیــاوازدا، لوکاچ- هایدگر (کە پــاش مەرگی گوڵدمەن چاپکرا.)

لەنێوان ئەم دوو دەســتە لە چەندین دەقی جیاواز، نە تەنیا ئاڵوگۆڕ، بەڵکو گۆڕینی بوارەکان خواست مەبەستی تازەش لەئارادایە. بۆ زەمەنبەدی ئەم دوو قۆناغە، دەتوانین بڵێین کە قۆناغی یەکەم توێژینەوەکانی پێش ســاڵی ١٩٥٨ دەگرێتەوە کە بە ســەرەتایەك لەمەڕ کانت دەســت پێدەکات، قۆناغی دووهەم لە ١٩٥٨ تــا ١٩٦٨ درێژەی دەبێت. هەندێ دەقی مارکسیزم زانســتی ئینسانی و پێکهاتە زەینیەکان داهێنانی کولتوری، ســەرەتاکانی قۆناغی سێهەم لە ١٩٦٨ بەملاوەیە پیشــان دەدەن کە بەرەو توێژینەوەی بەرهەمەکانی فرۆید و دەسکەوتەکانی زمانناسی مۆدێرن دەڕوات.

لێرەدا نامانەوێ بەشێوەی هەمەلایەنە هەموو ئاڵوگۆڕێکی تیۆری فکری ئــەم توێژینەوانە و ئاکامــی تایبەتی ئەوان راڤــە بکەین، بەڵکــوو دەمانــەوێ کاتێگــوری چەمکە ســەرەکیەکان پیشــان بدەین کە تێکڕای روانگەی گوڵدمەن پێکدێنــن، هەروەها بۆ رونکردنەوەی زیاتر، لەســەر هەندێ لەو نموونانە رادەوەستین کە ئەم کاتێگۆری چەمکانە لەمەڕ ئەوان بەکارهێنراون (ئەڵبەت دەزانین کە نمونەکان هەمیشــە کێشەیان بەدواوەیە.)

پێکهاتەی تیۆری - مێتۆدۆلۆژیکی بەرهەمەکانی گوڵدمەن لەســەر بناغەی تیۆری مارکسیســتی دامەزراوە کە بە دوو دەســکەوتی هەرە گرنگ گەشــە دەکات: یەکەم بەرهەمە تیۆرییەکانی لوکاچی لاو کە راســتەوخۆ لە بلوکی وشیاری مارکســیزم دا جێدەگرن، دووهــەم بەرهەمەکانی ژان پیاژە کە بەهۆی بەرفراوانی ئەندێشــە و پرســەمەری ئاکامەکان، ناتوانین ســنووریان بۆ دیاری بکەین. ئەڵبەت ئەوە کارێکی ئێجــگار بێهودەیە گەر بمانەوێ کاریگەری تایبەتی هەرکام لەم دوو تیوریسازە، بە وردی دیاری بکەین. بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە تێبگەین گوڵدمەن بە چ شــێوەیەك لە چ بوارێك دا، بەرهەمەکانی لوکاچ پیاژەی خوێندۆتەوە و دەرك شرۆڤەی کردوون.

گرنگترین چەمکە ســەرەکی بنەماییەکانی ئەندێشــەی گوڵدمەن بریتین لە:

- پێکهاتــەی مەعنــاداری چەمکــی (کاتێگوریــك) یــا: پێکهاتــەی زینی ئەکتیڤــی هاوکێش) : مارکســیزم زانستی ئینسانی، ل ٢٣٣)،
- گشتێتی.

- یەکێتی ریژەیی سوژە و ئوبژە (کردیار و بابەتی ناسین.)
- جیهانبینی.
- وشیاری شیاو.
- کردیار یان سوژەی کۆیی (بان تاکی.)
- شتئاسایی.
- هاودەنگی پێکهاتەکان.
- فۆرم.
- دەرك کردن.
- شرۆڤەکردن.

هەروەهـــا ئەم دوو چەمکە لەمـــەڕ مێتۆدی توێژینەوەی بەڵگەمەند:

- شـــرۆڤەی دەروونی کـــە پێڕەوی یاســـای دیاریکردن یان پۆلێنبەندی کردنی بابەتی توێژینەوەیە.
- شـــرۆڤەی بێروونی (یانی خولقێنەری کۆیی کە لە دەرەوە و لە سەرەوەی خولقێنەری تاکی دایە.)

لێـــرەدا چەند پرســـیارێك دێنەئاراوە: ئـــەم چەمکانە چ مانایەکیان هەیە؟ پرۆسەی کارکردنیان چۆن ئاشکرا دەبێ؟ لەمـــەڕ کام یەك لە پرســـەکانی مەعریفـــە رۆڵ دەگێڕن؟ وادیارە کە شـــرۆڤەی گوڵدمەن لەمەڕ جیهانبینی تراژیکی پاسکاڵ، شـــانۆنامەکانی راســـین پێکهاتەی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی فەرانســـای ســـەدەی حەڤدەهەم کە پێوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئاریستۆکراســـی خاوەن شکۆوە هەیە، وەڵامی رۆشـــن تیۆریکی ئەم پرســـیارە دەداتەوە. سەرەڕای ئەمـــەش، دەبێ لەبیرمـــان بێت کە هەرچەند ســـەرچاوەی مـــادی- دیالکتیکی ئەم چەمکانە لە بەرهەمەکانی مارکس دایە،(١) بەڵام ئەســـتوونی دیکەیان، سیستمێکە کە لوکاچ بەتایبەت لە مێژوو و وشیاری چینایەتی دا گەڵاڵەی کردووە. بەڵام لەم خاڵەوە تا ئاوێتەکردنی روانگەی گوڵدمەن لەگەڵ دنیای لـــوکاچ تەنیا هەنگاوێك مـــەودا هەیە کە دەبێ لە هەڵگرتنی ئەو هەنـــگاوە خۆببوێرین، چونکە پێوەندی نێوان ئەم دووانە ئێجگار ئاڵۆزە بە کاریگەری یەکیان لەسەر ئەویان تەواو نابێت. لەراستیدا، گوڵدمەن هیچکام لە چەمکەکانی لوکاچی بە ســـاغی وەرنەگرتـــووە، بەپێچەوانەوە ئەوانی بە ئاراستەی ماتریالیســـتی گۆڕیوە. بۆ نموونە، دەکرێ ئەم ئاڵوگۆڕە بەشـــێوەی هەرە سادە لەبەرچاوبگرین: - چەمکی یەکێتی ســـوژە/ئوبژە بەوجـــۆرە کە لە مێژوو و وشـــیاری چینایەتی دا بەکارهاتووە، لە دیدگای ماتریالیستی دا بەکار نایەت: - کاریگەری هێگلی کە لە تێزی یەکێتی رەهای سوژە و ئوبژە، یانی بەکردەوە لە یەکێتی دنیا وشـــیاری چینەکان، وشـــیاری مێژووی چینەکان، مێژووی چینەکان کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ، سەرئەنجام دەبێتەهۆی ئەوەی کە جۆرێك سوژەی هەردەم ئامادە کە بەپێی پێناســـە شۆڕشگێڕانەیە، لەجیاتی چینێك دابنرێت کە بەراوردی دۆخی وشـــیار و ناوشـــیاری پێڕەوی چەندین یاسای ئێجگار ئاڵۆزە. گوڵدمەن دەنووسێ: "لەم بابەتەوە دەستەواژەیەکی شـــیاوترم پێ باشترە: یەکێتی ریژەیی سوژە و ئوبژە، کە لە هەر بابەتێکی تایبەتدا ناوەرۆکی دەگۆڕێ دەبێ لە کاتی شیکاری دا رۆشن بکرێتەوە" (وتاری گوڵدمەن لەمەڕ کتێبی تیۆری رۆمان، ل ١٨٧.)

لەراستیدا، بناغەی گۆڕانێك کە گوڵدمەن لە ئایدیالیزمی هێـــگل دا پێکیهێنـــاوە، تێـــزی تەفســـیر و خوێندنـــەوەی ماتریالیســـتی بەرهەمەکانی لوکاچـــی لاوە. بێگومان لەم بابەتـــەوە بەکارهێنانـــی دوبارە و رێکوپێکـــی چەمکێکمان مەبەستە کە ئیتر دابڕانی متافیزیکی هێگلی نییە، بەڵکوو لەگەڵ بواری پراتیکی، واقعی مادی پێوەندی هەیە، ئەمەش تەنیا بە جێگیرکردنی واژەی (رێژەیی لەجیاتی رەها) کورت نابێتـــەوە، بەڵکو بەمانای دارشـــتنەوەی ناوەرۆکی زیندووی ئەم چەمکە و کاریگەرییەکـــی تازەیە کە لەپاش گۆڕینی روویداوە. بە وتەیەکی تر، چەمکی ســـوژە/ئوبژە ئەو جۆرەی کە لە مێژوو و شـــیاری چینایەتی رۆڵ دەگێڕێ، لە دنیای ماتریالیســـتی دا بێبایەخە و "دەســـتەواژەیەکی شیاوتر" کە گوڵدمەن باســـی دەکات، لە دەستەواژە زیاترە و، لەراستیدا دارشـــتنی چەمکێکی نوێیـــە و "هاوکێشـــی" ئەو جۆرێك کورتکردنەوە نییە، بەڵکوو ســـەرچوونی ماتریالیستییە کە زیاتر نیشانەی گۆڕینی بابەتەکەیە.

دەتوانیـــن چەندین نمونەی دیکە لەم چەشـــنە ئاراســـتە بکەین، بەڵام لەوە گرنگتر تێفکرین لەمەڕ ئەو چەمکانەیە کە تا ئێستاش بەدروستی دەرك ناکرێن.

١

گوڵدمەن ویستوویە مێتۆدێك لە بواری ئەدەبیات دا دابرێژێ کە بە یارمەتی ئەو نە تەنیا پێکهاتەی مەعناداری بەرهەمی ئەدەبی راڤە بکات، بەڵکوو پێکهاتەی بەرهەم لە پێکهاتەیەکی گەورەتر، لە ناخی فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دا بگونجێنێ و بەمجۆرە بەرهەمەکان شـــرۆڤە بکات. ئەمڕۆ روون بۆتـــەوە کە پێکهاتەی مانـــاداری بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەتیش، لەئاستی خۆیدا بە شێوەی بەیانی تایبەتی خۆی، دۆخێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی تایبەت پیشـــان دەدات... بەهەرحاڵ، ئەم تێزە ئیتر پێویســـتی بە ســـەلماندن نییە: - قارەمانانی رەخنـــەی کۆن ئێجگا کەمن. گرنگ ئەوەیە کە چۆنێتی پرۆســـەی پراتیکی گونجاندنی بەرهەمی ئەدەبی لە ناخی پێکهاتەی گشتگیری بێروونی دا پیشان بدرێت، ئەگەر ئـــەم کارە روون نەکرێتەوە، توێژینەوە لـــە قاڵبی پێکهاتەی مەعناداری بەرهەم دا، یانی لە قۆناغی یەکەمی توێژینەوەدا، بەرتەســـك دەبێتەوە. بە وتەیەکیتر و، بە بەیانێکی رۆشنتر، بناغەی ئیپیســـتمۆلۆژیکی چەمکی هاودەنگی پێکهاتەکان یانی چی؟ لە چ ئاستێکی توێژینەوەدا هاوکێشی پێکهاتەی دەرونـــی- پێکهاتەی بێروونی هەمـــوار دەبێت؟ ئەمانە چەند

پرسیکن که خودی گوڵدمەنیش دانی پیادەنێ که بەشێوەی هەمەلایەنە راڤەی نەکردوون، یانی بەشێوەی چەمکی تیۆریك داینەڕشتوون.

بەڵام بە رای من چەندین توخمی تایبەت هەن که دەتوانن ئەو رچەیە که گوڵدمەن شکاندوویە، هەمواری بکەن. بۆ رونکردنەوەی زیاتری باسەکە باسی پرسی هاودەنگی پێکهاتەکان دەکەم. ئەم چەمکە لە یەکەم سەرەنجدا بریتییە لە پێوەنددانی جیهانبینی بەرهەم لەگەڵ پێکهاتەیەکی بەرینتر که لە ناخی فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دایە. وەك دەزانین گوڵدمەن هەمیشە لەسەر مێتۆدی دەرکی تایبەتی ئەم پێکهاتانە پێداگری کردووە: دەرك کردن یانی ناسینی پێکهاتەی مەعناداری بەرهەم، شرۆڤەکردن یانی گونجاندنی پێکهاتەی مەعناداری بەرهەم لەنێو پێکهاتەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی دا. دەرك کردن بەرهەمی ناسینی یاسا دەروونیەکانی پێکهاتەی بەرهەمەکەیە، بەڵام شرۆڤەکردن ئەم پێکهاتەیە بەشێوەی دیالکتیکی لەنێو پێکهاتەیەکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی دا دەگونجێنێ. بەڵام ئەم گونجاندنە روونکردنەوەی پێوەندی دوو پێکهاتەکە، ئەگەر دیالکتیکی نەبێت، رەنگە خراپترین ئاکامی لێبکەوێتەوە. هەر بەمبۆنەوەیە که گوڵدمەن بەردەوام لەگەڵ جێگیرکردنی یەکچەشنی ناوەرۆکەکان لەجیاتی پێوەندی دیالکتیکی، بەتوندی دژایەتی کردووە: بە رای ئەو نابێ هاودەنگی(٢) لەنێوان نێوەرۆکی بەرهەم نێوەرۆکی ئەندێشەی گرووپی کۆمەڵایەتی دا بدۆزینەوە، چونکە وەها مێتۆدێك فۆرمی بەرهەم لەبەرچاو ناگرێ لەراستیدا دەیەوێ لەنێوان نێوەرۆکی ئاشکرا یان "پەیامی" بەرهەم نێوەرۆکی وشیاری راستەوخۆی گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، سازگاری میکانیکی بخولقێنێ، وشیاریەکی راستەوخۆ که بەشێوەی حەتمی، وشیاری راستینی ئەو گرووپە نییە. سەرئەنجام وەها مێتۆدێك لەسەر ئەم فەرزە راوەستاوە که بەرهەمی ئەدەبی-که دنیای ئەو پێڕەوی فانتزی و خولیاگەرییە- زیاتر لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئەقڵانی پێوەندی هەیە نە داهێنانی هونەری (...). ئەم مێتۆدە ناوێکی ئاشنای هەیە: کۆمەڵناسیگەری ساویلکانە. بەپێچەوانەوە، بە رای گوڵدمەن، پێکهێنانی پێوەندییەکی دیالکتیکی که هاودەنگی پێکهاتەکان پێکدێنێ، لە پلەی یەکەمدا دەبێ لە بواری فۆرمدا ئەنجام بدرێت، فۆرمێك که نێوەرۆکی پێکهاتەیەکی مانادار بەشێوەی کۆنکرێت بەرهەست بەیان دەکات. کەوابوو دەتوانین ئەم تیۆرییەی هێگل لەمەڕ فۆرم بە بنەمای بۆچوونی گوڵدمەن بزانین: "ئەرکی هونەر ئەوە نیە که ئایدیا بەشێوەی ئەندێشە و مەعنای پەتی ئاڕاستەبکات، بەڵکوو دەبێ بەشێوەی کونکرێت ئاڕاستەی بکات، ئەم نواندنەوە بەها و گرنگی خۆی لە سازگاری نێوان رۆح فۆرم که تێکەڵاو بوون بە یەکدا رۆچوون، وەردەگرێ، چۆنێتی هونەر و ئاستی سازگاری فاکتی ئاڕاستەکراو لەگەڵ چەمکی خۆی، بە رادەی تێکەڵاویی یەکێتی نێوان فۆرم ئایدیاوە بەستراوە" (جوانیناسی، بەرگی ١، ل ١٤٢-١٤٣).

فۆرم وەك سەنتێزی دیالکتیکی ئایدیا و ئامێرەکانی نواندنەوەی ئایدیا لەمە باشتر پێناسە ناکرێ. بەڵام ئەگەر هیگل لێرەدا پێناسەی هونەر لە بواری هونەردا سنوردار دەکات، گوڵدمەن لە فەلسەفە و زانستی ئینسانی دا پەرەی پێدەدا و دەنووسێ: "بۆوەی که هەموو هەست ئەندێشە و رەفتارەکانی مرۆڤ جۆرێك لە دەربڕینن، دەبێ لەنێو پێکهاتەی دەربڕینەکان دا، گرووپی شاز و تایبەتی چەندین فۆرم جیابکەینەوە که بەشێوەی تۆکمە و رۆشن جیهانبینییەك لە بواری رەفتار، چەمك (تیۆری) یان فانتزی دا بەیان دەکەن".

فۆرمەکان چەند فاکتێك نین که لە ئاستی گشتێتی مێژوویی- کۆمەڵایەتی دا بەشێوەی راستەوخۆ دیار بن، بەڵکوو چەند دەرفەتێکی ئوبژکتیڤن که لە قوڵایی پێگە و دۆخی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دا شاراوەن، ئەو گرووپانەی که لە قاڵبی مناسباتێکی مادی کولتوری تایبەت دان، فۆرمەکان بەپێی ئەوەی که لەگەڵ ژیانی پراتیکی، ئەقڵانیەتی چەمکی یان فانتزی و خولیاگەری پێوەندییان هەبێت، لێك جیادەبنەوە. گرنگی چەمکی لوکاچی- گوڵدمەنی وشیاری شیاو لێرەدا دەردەکەوێ: وشیاری شیاو فۆرمێکە که یا لە بواری چەمکەکان (فەلسەفە)دا بەشێوەی ئەقڵانی داڕێژراوە، یان لە ژیانی پراتیکی (سیاسەت)دا دەرکەوتووە، یان لە بواری فانتزیك (ئەدەبیات)دا خولقێنراوە.

بەپێچەوانەی رەخنە و سەرزەنشتی زۆر که بەرەو رووی گوڵدمەن بۆتەوە، ئەو هیچکات نە فۆرمی لە نێوەرۆك جیاکردۆتەوە، نە فۆرمی بە پاشکۆی نێوەرۆك زانیوە و نە بە قازانجی نێوەرۆك فۆرمی لاوازکردووە. هۆکاری ئەم پرسە ئێجگار سادەیە و بۆ خوێنەرانێك که لەگەڵ دنیای گوڵدمەن ئاشنا بن، تەواو ئاشکرایە: فۆرم نێوەرۆك لە یەکتر جیا نین، ئێمە لەگەڵ یەکێتنی ماناداری ئایدیا و ئامێرە پێویستیەکانی نواندنەوەی ئەو بەرەوڕووین - گوڵدمەن هەر ئەم یەکێتیە بە جیهانبینی پێناسە دەکات.(٣)

ئەم رەخنەیە لە گوڵدمەن که گوایە پرسی فۆرمی نادیدە گرتووە، وەك ئەوە وایە که ویستی خۆمان لەجیاتی راستی دابنێین لەبیرمان بچێ که توێژینەوەی ئەو لەمەڕ کتێبی ئەندێشەکان بەرهەمی پاسکاڵ راست بەپێی یەکێتی مەعناداری ئەندێشە و ئامێرەکانی نواندنەوە پێکهاتووە که ئەم یەکێتیە لە رێگەی ئەوانەوە دەردەکەوێ: لەم توێژینەوەدا، چەمکی روانگەی تراژیك نە تەنیا بەپێی پەیڤی لێکپچڕاو، بەڵکو هاوکات بەپێی پێکهاتەی نواندنەوەی ئەم پەیڤە، یانی

پازێڵ کوپلە داڕێژراوە. گوڵدمەن لە شـیکردنەوەی فاوستی من بەرهەمی ڤالێری ئەم پرسـەی بە ڕۆشنی دیاریکردووە: "ئێستا پێکهاتەی بەرهەمی ڤالێری راڤە دەکەین. فاوستی من بە رواڵەت بەشێوەی دوو بەش یان بڕگەی ناتەواو دەردەکەوێ. لە وەها بابەتێکدا رەخنەگر و مێژوونووسـی ئەدەبیات دەبێ ئێجگار وریا بێت، چونکە ئەم ناتەواوییە رەنگە هەم بەرهەمی چەندین هۆکاری بە رێکەوتی ژیانی نوسـەر (وەك مەرگ، گۆڕانی زەوق سـەلیقە و..) بێت هەم بەرهەمی پێویسـتی دەروونی بەرهەمەکە بێت. لە کاتی توێژینەوەی ئەندێشەکان دا هەوڵمانداوە پیشان بدەین کە بڕگە(کوپلە) تاقە فۆرمی تەواو بۆ بەیانی نێوەرۆکی بەرهەمەکە بووە. ئەم خاڵە -ئەڵبەت بە چەندین هۆی جیاواز- لەمەڕ فاوستی من بەرهەمی ڤالێریش راسـتە، بەتایبەت بەوهۆیە کە ئەم جارە بارودۆخی دەرەوەش ئەم شتە دەسەلمێنێ. لەمەڕ پاسکاڵ سەرئەنجام رەنگ بوو بڵێین کە تەنیا مەرگ نەیهێشتووە بەرهەمەکەی تەواوبکات. کەوابوو، شـرۆڤەی دەروونی پێویسـت بوو تا پیشان بدرێت کە بڕگە، وەك گەڕانێکی ناتەواو و وشـیار لەم ناتەواوییە، تاقە فۆرمی شـیاو بۆ بەیانی ئەندێشەیەك بووە کە بەردەوام مرۆڤی بۆ گەڕان لەپێناو بەها رەها و راستینەکان وشیاری لە نەگەیشتن بەوان پێناسەکردووە. دۆخی ڤالێری، بەپێچەوانەوە، بەتەواوی جیاوازە. خودی نووسـەر سـاڵی ١٩٤١ دوو دەقی لە یـەك کتێبدا گونجاندووە و بەشـێوەی بڕگە (کوپلە)یی چاپـی کردووە. ئەمـە بەو مانایە بووە کـە ئیتر هۆمێدی نەمـاوە تەواویان بکات پێی وابووە کـە بەمجۆرە، هەر بەو رادەیە ئەندێشەی ئەو بەیان دەکەن کە بڵاوبکرێنەوە. شیکاری دەروونـی ئەم بەرهەمەش بە ئاکامێـك دەگات کە لەگەڵ ئاکامی بەرهەمەکەی پاسـکاڵ تەواو جیـاوازە. بێگومان راسـیونالیزمی روو لە گەشە پێویستی بە فۆرمێکی رۆشن تەواو هەیە و هەرگیز ئیمکانی نیە کە لەگەڵ کۆپلە سازگار بێت. بەڵام پێشـتر گوتمان کە ئەندێشەی ڤالێری بەگشتی بەتایبەت لە دوا قۆناغی ژیانیدا، پێوەندی بە راسیۆناڵیزمێکی پڕقەیرانەوە هەیە کە لە لاوازی ئاستەنگەکانی خۆی وشیارە و لە ئاست هێزی روانگە ناکۆکەکان هەستیارە و دەبێ لەئاست ئەوان رەخنە و گومانەکانـی بەجۆرێك بەیان بکات ئەوەندە بەهێز بن کە بتوانـن روانگەی دژبەر لەقاو بدەن. بەڵام ئەم راسیونالیزمە باش دەزانێ کە ناتوانێ بانگەشەی چارەسەری حەتمی پرسەکە بکات. دوو بەشی فاوستی من رێك هەر بەم شێوەیە لە بەرهەمەکانی گۆتە و نیچە جیادەبنەوە. بەمجۆرە، لێرەشـدا، ئەڵبەت بە چەندین هۆی تـەواو جیاواز، کوپلە، بەرهەمی پێویسـتی دەروونی دەق وەك تاقە فۆرمی شـیاو دەردەکەوێ. (" پێکهاتە زەینییەکان و داهێنانی کولتوری، ل ١٤٧- ١٤٨.)

ئەم بەڵگەیە بەرۆشنی پیشان دەدات کە مێتۆدی گوڵدمەن بـە چ شـێوەیەك پەرەدەسـێنی چەمکی فـۆرم لەودا چ مانایەکی هەیە. پێشـتر ئاماژەمان پێکرد کە ئەم فۆرمە، لەمـەڕ ئەقڵانیەتی چەمکی، رەفتاری وجودی یان داهێنانی فانتزیـك، جیاوازە. لێرەدا ئاماژەیەکـی روونتر بە چۆنێتی پایەداری ئەم فۆرمە لە بواری فانتزیك بە وتەیەکی رۆشنتر لە بواری داهێنانی کولتوری دا، گرنگی هەیە. گوڵدمەن لەم بابەتەوە چەند پێوەری بۆ دیاریکردنی "شـاکارە ئەدەبییەکان" باسکردووە. سەرەڕای ئەمەش، دەبێ بڵێین کە گوڵدمەن چەمك تیۆری ئەم پێوەرانەی دانەڕشتووە، بەڵام چەندین توێژینەوەی قووڵی ئەنجام داوە کە مەبەسـتی ئەو لەم پێوەرانە بەرۆشنی پیشـان دەدەن. ئەو (لە پێشەکی پێکهاتە زەینیەکان داهێنانی کولتوری دا کە بە دوا بەرهەمی حساب دەکرێ) دەنووسێ: "بەرهەمـی ئەدەبی بە چـوار تایبەتمەندی دیاریدەکرێ کە گرنگی یەکسـانیان هەیە: یەکێتی یان تۆکمەیی رێکوپێك، غەنا (یان بەفراوانی پرسـەمەری)، ناچەمکی بوون، دنیای واقعی یان شیاوی تێکڕای توخمەکانی پێکهێنەری بەرهەم."

دەکرێ ئەم چوار پێوەرە بەشـێوەی دوو جووت لە پێناسەی لێکبەستراو تەنزیم بکەین. لە بەرهەمی ئەدەبی دا، چەمکی یەکێتی (کە گوڵدمەن زۆر جار تۆکمەیی بەکار دێنێ) لەگەڵ چەمکی هەسـت و فانتزی (ناچەمکی بوون یان خەسڵەتی ناتیۆریك) پێوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە، چەمکی غەنا یان بەرفراوانیش لەراسـتیدا لە چەمکی دنیا (یان گشتگیری) جیاناکرێتەوە. ئەم دوو جووتەی ناساندن، یەکتر ساغ دەکەنەوە و پێکەوە بەرهەمی ئەدەبی گەورە دەخولقێنن.

یەکەمین جووت (یەکێتی- ناچەمکی بوون) تایبەتمەندی ئەدەبیات لەئاسـت هەر فۆرمێکی دیکەی داهێنانی زەینی پیشـان دەدات. یەکێتی لێرەدا بەمانای پرسی سیستماتیکی ئەقڵانی چەمکی نییە، بەڵکوو پێکهاتەی زەینی هەسـت و خەیاڵ، یان بە وتەیەکی رۆشنتر، دەرکەوتنی جیلوەی سۆزاوی پێکهاتەیە. قووڵترین جیاوازی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ وتار یان پەیڤی فەلسـەفی هەر لەم پرسە دایە. گرنگی سەرەکی ئـەم دوو پێوەرە لەوە دایـە کە جۆرێك فـەزای توێژینەوە لەنێوان دووریيان دا هەموار دەکا کە نکۆلی لە یەکتر دەکەن گوڵدمەن هـەر دوویان بە یەك رادە بە پرخەسـار دەزانێ: رێگای سۆسیۆلۆژیزمی سـاویلکانە (روانگەی مکانیکی) رێگای فۆرماڵیزمی بنەماخواز.

ئەم دوو رەوتە لەبەر ئـەوە کە یەکێتی پێکهاتەیی بەرهەم بەشێوەی خەوشدار دەرك دەکەن، لەراستیدا کارێکی هاوبەش لـە دوو بواری جیـاوازدا ئەنجام دەدەن. پێشـتر دیمان کە کۆمەڵناسـیگەری (سۆسیۆلۆژیزمی) سـاویلکانە یەکێتی تۆکمەیی مانـای بەرهەم لە رەهەندی ناوەرۆکی چەمکی دا دەبینێ لەئاکامدا بە لاوازکردنی ماتریاڵی نواندنەوە (فۆرمە هونەرییەکان) راسـتەوخۆ لە ناوەرۆکی وشیاری جیادەکاتەوە

و بەشێوەی راستەوخۆ و میکانیکی لەگەڵ وشیاری گرووپی کۆمەڵایەتـــی، یانی بە وتەی گوڵدمەن، لەگەڵ وشـــیاری درۆینە پێوەندی دەدات.

هاوشێوەیی ئەم دوو رەوتە کاتێ ئاشکراتر دەبێ کە بەرهەمی تەواو ئایدیۆلۆژیك راڤەدەکەن. (بڕوانە بۆ زیانەکانی ریالیزمی "سۆسیالیستی.)"

هەر بەمجۆرە، کۆششـــی فۆرماڵیزمی ستراکتورالیست بۆ لابردنی پێکهاتـــەی ماناداری بەرهەم (رەتکردنەوەی مەعنا) لەراستیدا وەك نکولێکردن لە هەر جۆرە ناوەرۆکێکی وشیاری شـــیاو - یان بە وتەیەکـــی دیکە لەبەرچـــاو نەگرتنی ئەم وشـــیارییە- و گرنگیدانی یەکلایەنە بە تێکســـتواڵیتە یان نووســـینی پەتییە. بەمجۆرە، هۆکاری دەق جێگای نێوەرۆك دەگرێ - ئەڵبـــەت نێوەرۆکێکی داخراو لە قاڵبی دالی تاك مەعنادا.

بـــەڵام جووتی یەکێتـــی و ناچەمکی بوون بەشـــێوەیەکی پۆزەتیڤ لەنێوان ئەم دوو رەوتەدا جێدەگرێ: کەوابوو یەکێتی بریتییە لە یەکێتی مەدلولی زەینی دال، یانی نێوەرۆکی زەینی ماتریاڵی نواندنەوەی ئەو. بە وتەیەکی تر، مانای بەرهەم نە لە فۆرم دایە و نە لە نێوەرۆك دا، بەڵکوو لە یەکێتی دیالکتیکی ئەم دوو جەمسەرە بەرواڵەت ناکۆکە دایە. بەرهەمی ئەدەبی زادەی بوونـــی هاوبەش یان جیاوازی فـــۆرم نێوەرۆك نییە، بەڵکوو بەرهەمی ســـەرچوون یان سەنتێزی دیالکتیکی فۆرم و نێوەرۆکە.

جووتی دووهەم (غەنا - گشتگیری) جیاوازییەك دەسەلمێنێ کـــە گوڵدمەن بەردەوام لەنێوان "شـــاکار" و بەرهەمی نزم و ئاســـایی دا دەیبینێ. ئەگەرچی بەرهەمە ئاساییەکان زیاتر بە هۆی لاوازییەکانیان پێناسەکراون.

لایەنی "غەنا/گشتگیری" بەرهەم لە فرەچەشنی تیپەکان لە خولقاندنی هەست و فانتزی پێکهاتە زەینییەکان دا شاراوەیە کە لەسەر وشـــیاری شیاوی گرووپی کۆمەڵایەتی، کە لەنێو فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دایە، زاڵن و زەمینەی رسکانی بەرهەمەکە پێکدێنێ. لەخـــۆڕا نییە کە گوڵدمەن بەردەوام پێداگری دەکا کـــە ئەدەبیات "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" یە. بـــەڵام لێرەدا نابێ فرەچەشـــنی لەگەڵ فرەکـــردن بە هەڵە وەرگرین: مەبەست لە فرەچەشنی کۆمەڵی تاکەکان ئاپۆڕای تیپـــە زەینیەکان نییە کە بەشـــێوەی تێکـــەڵاو لە بەرهەمدا ترنجابن، بەڵکوو وەسفکردنی چەندین گرووپ مرۆڤی تایبەتە کە داخوازی گشتی هۆکارەکانی قۆناغێکی تایبەت بە شێوەی ریالیستی پیشـــان دەدەن. لایەنی "گشتگیری" کە لەراستیدا دیوی دیکەی فرەچەشنیە، یانی سەنتێزسازی هونەری ئەم تیپە زەینییانە بەشـــێوەی چەند تیپێکی کۆنکریت نە ئابستراکت. گوڵدمەن زۆر جار جەختی کردووە کە لە شـــانۆنامەی فێدر دا مەرگ بوونی نیـــە، بەڵکوو فێدری روو لە مردن هەیە.

هەروەها، کونکرێتبوونی بەرهەمی ئەدەبی لە نواندنەوەی تیپە زەینیـــە کۆنکریتەکان دایە نـــە وەك چەند تیپێکی تایبەت، بەڵکوو بەشـــێوەی چەندین تیپی گشتی کە لە تایبەتبوونی دۆخێکی ئابستراکت دا یەخسیر نەبوون، بەڵکوو بە سەرنجدان بە گشتێتی مێژوویی- کۆمەڵایەتی پێکهاتوون. بە وتەیەکی تر، لە بەرهەمی ئەدەبی شـــاکاردا، تایبەتترین تیپ، بۆوەی کە رەوتێکی زەینی تایبەت پیشان دەدات، گشتیترین تیپیشە، چونکە لە گشـــتێتی مێژوویی- کۆمەڵایەتی دا جێدەگرێت. ئابستراکترین تیپ، لەبەر ئەوەی کە تایبەتمەندییەکانی ئەم رەوتە زەینیە ئاڕاســـتەدەکات، کۆنکریتترین تیپیشە، چونکە پۆتانسیەلی دەرفەتی ئوبژکتیڤی نێو گشتێتی پیشان دەدات. رەنگە بتوانین بە زمانی هێگلی بڵێین کە لایەنی گشتگیری بریتیە لە پرسی گشتی - تایبەتی کۆنکرێت.

٢

ئێســـتا دەبێ بزانیـــن کێ دەتوانێ ئـــەم بەرهەمە گەورەیە بخولقێنێ. سیســـتەمی فکری گوڵدمەن، بە شێوەی بەرفراوان بەشەوقەوە ئەم پرسیارە شرۆڤە دەکات. بەرهەمی گەورە یان "پێکهاتەی مەعناداری گشتگیر یان دنیایەکی شیاو هەرگیز بـــە تاکێکی تەنیا ناخولقێ. ئەم بەرهەمە یان ئەم پێکهاتەیە - هەر وەك زۆربەی توێژینەوەکان دەریانخســـتووە- هەمیشە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. ئەڵبەت نووسەر ئەوەی لە ناخی گرووپـــی کۆمەڵایەتی دا تەنیا وەك ویســـتێکی رەمزی و نادیارە، بەشـــێوەیەکی ئێجگار تۆکمە بەیان دەکا فۆرمێکی فانتزیکـــی پێدەدات، هاوکات تەنیـــا بەمهۆیە دەتوانێ ئەم کارە ئەنجـــام بدات چونکە ئەم چالاکییە داهێنەرانە بۆ ئەو - وەك تاك - رۆڵێکی مەعناداری هەیە)" پێکهاتە زەینیەکان داهێنانی کولتوری، ل ١٣.)

بەمجۆرە دەگەڕێینەوە بۆ پرســـی هاودەنگی پێکهاتەکان. لەراســـتیدا، ســـوژەی داهێنانی کولتوری، سوژەی کۆیی یە، یانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیە. سەرەڕای ئەمەش، لەڕاستیدا هۆکارێکی تاکی، فۆرم، یانی پێکهاتەی مەعناداری گشتگیر یان دنیایەکی شیاو دەخولقێنێت کە پێکهێنەری بەرهەمەکەیە. هـــەر لەم روانگەوە دەمانەوێ چەنـــد فەرز گەڵاڵە بکەین. بۆچی نووسەر - وەك سوژەیکی تاکی- دەیەوێت بەرهەمێکی مەزن بخولقێنێ؟ دەتوانین بەرســـڤی ئەم پرسیارە لە پێوەندی تیۆریکی گوڵدمەن - پیاژەدا بدۆزینەوە.

گوایـــە ژیلبێر موری لە وتارێکـــدا لە بەرهەمی هۆکاری ئەدەبی کۆمەڵایەتی دا ئەم پرســـەی پێشـــبینی کردووە. ئەو لەمەڕ شـــرۆڤەی تیۆری گوڵدمەن دەربارەی وشـــیاری شیاو و هاودەنگی پێکهاتەکان دەنووســـێ: "وشـــیاری شیاو یان چەمکێکی کارامەیە کە لـــە مەزندەی لۆژیکی تەنانەت لە بەڵگاندنی دیالکتیکی دا بەئاســـانی رۆڵی گرێبەستی هەیە بەڵام لـــە فاکتی ئوبژکتیڤ دا بوونی نیـــە، یان لە رووی

تیۆرییەوە بەپێی شرۆڤەی دۆخی چینەکانی تێکڕای کۆمەڵگە دیاری دەکرێ بە کاری هەندێ توێژینەوە و دەروونناسی کۆمەڵایەتیی دەستەبەر دەکرێت کە تایبەتمەندی ئەندێشەی تاکی تێپەڕێنن و بە ئاستی گشتگیری دۆخێکی ئۆبژێکتیڤ واقعی بگەن، دۆخێك کە پشتخانی ئەم چەمکە پێکدێنێ... لوسیەن گوڵدمەن لەم بابەتەوە "لەمەڕ هاودەنگی نێوان دۆخی چینایەتی بەرهەم خوێنەران" شتێك ناڵێت... گوایە خولقێنەر دەتوانێ ئەندێشەکانی توێژێکی تایبەت یان بەهۆی پێوەندی سۆسیۆلۆژیکی لەگەڵ ئەم توێژە، یان بەهۆی چەند ڕووداوێکی بیۆگرافیك بەیان بکات کە دەرکەوتنی ئەوان لە بەرهەمدا لە یاسایەکی نەناسراو پێڕەوی دەکات. لەراستیدا، هەرچەند وشیاری چینایەتی شیاو، لەنێوان نووسەر و بەرهەم و، لەنێوان خوێنەران بەرهەم، ڕۆڵی نێوەنجی دەگێڕێ، بەڵام ئەم ڕۆڵە نێوبژیوانانە لە هەر دوو بابەتدا بە نارۆشنی دەمێنێتەوە. لەراستیدا، گوڵدمەن لەجیاتی ئەوەی کە چۆنێتی گوزەری یەکێ لەم دوو پێکهاتەیە بۆ ئەویدی بەشێوەی کونکرێت ڕاڤەبکات، ئەو دووانە لەسەر یەك دادەنێت تا لە نێوانیان سازگاری پێکبێنێ."

ئەڵبەت نەختێك نارەوایە ئەگەر بڵێین گوڵدمەن لەمەڕ ئەم بابەتە بێدەنگ بووە. بۆ ئەو، گوزەری پێکهاتەیەك بۆ پێکهاتەیەکی دی گرنگ نییە، چون شرۆڤەی قووڵی وەها گوزەرێك پێویستی بە دەرکی قووڵی سایکۆلۆژیکی نووسەر هەیە و گوڵدمەن ئەوەندە بڕوای بەم کارە نیە. لە بەرانبەردا، هەر بەوجۆرەی کە هەموو دەقەکانی گوڵدمەن پیشان ئەدەن، ئەم هاودەنگی دوو پێکهاتەیە لەم ڕووەوە کە لەگەڵ ئەکتیڤکردنی پۆتانسیەلی وشیاری شیاوی گرووپی کۆمەڵایەتی لەلایەن نووسەرەوە پێوەندی هەیە، دەبێ وەك پرۆسەی هاوکێشی (بەمانای مەبەستی پیاژە) نووسەر لەگەڵ گرووپ، دەرك و شرۆڤە بکرێت. هۆکارێك کە هاودەنگی دوو پێکهاتەی زەینی بەرهەم گرووپی کۆمەڵایەتی پڕبەها دەکات، ئەمەیە کە داهێنانی پێکهاتەی زەینی بەرهەم بەمانای وەڵامی مەعناداری نووسەر لە ئاست پرسەکانی گرووپی کۆمەڵایەتی دایە. ئەڵبەت ڕوانگەی گوڵدمەن لەم بابەتەوە ئێجگار ڕۆشنە، ئەو دەنووسێ: "گرنگترین ڕۆڵی داهێنانی ئەدەبی هونەری ئەوەیە کە تۆکمەییەك لە بواری فانتزیك دا ئاراستەدەکات کە مرۆڤەکان لە ژیانی واقعی دا لەو بێبەشن" (مارکسیزم زانستی ئینسانی، ل ١٤١.)

نووسەر بۆ خولقاندنی ئەم تۆکمەییە (کە لە ژیانی واقعی گرووپی کۆمەڵایەتی دا نییە) بێگومان دەست بە گواستنەوەی ئاشکرای ناوەرۆکی دوو ئەندێشە (ئەندێشەی نووسەر و گرووپ) ناکات، بەڵکوو ئەم داهێنانە لەگەڵ پرۆسەیەك سازگاری هەیە کە دەکرێ بە تیۆری پیاژەیی وەرگرتن سازگارکردن پێناسەی بکەین. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سارتر، لە چوارچێوەی نەریتێکی ئێپیستمۆلۆژی جیاوازدا، بەم ئاکامە گەیشتووە.(٤) بە ڕای گوڵدمەن ئەم بەرسڤە مانادارە، نووسەر بە نێوەنجیەکی خولقێنەر دەزانێ کە وشیاری شیاوی گرووپ لە ڕێگەی ئەوەوە بەشێوەی تۆکمە لە بەرهەمی ئەدەبی دا دەردەکەوێ. بەپێچەوانەوە، ئەم نێوەنجییە خولقێنەرە هۆکارێکە کە سۆژەی تاکی، یانی خولقێنەر، لە ڕێگەی ئەوەوە خۆی بۆ سازگاری و هاوکێشی دەگەڕێ چەمکە زەینییە شیاوەکانی گرووپ یان سۆژەی کۆیی وەردەگرێت.(٥) کەوابوو هاودەنگی لەنێوان پێکهاتەی بیوگرافیك یان سۆسیۆلۆژیکی نوسەر و گرووپی کۆمەڵایەتی دا دروست نابێت، بەڵکوو لەنێوان دوو پێکهاتەی زەینی کاتێگۆریکی بەرهەم، وەك فاکتێکی پوتانسیەلی، پێکهاتەی زەینی کاتێگۆریکی گرووپ دایە.

سەرەڕای ئەمەش، بێگومان ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە کە بۆچی تاکێکی تایبەت لە بەرهەمەکانی خۆیدا جیهانبینیەکی تایبەتی بەیان کردووە؟ ئەوە کە وەها پرسێك لەگەڵ پرۆسەی گەڕان بۆ هاوکێشی، وەرگرتن سازگارکردن، پێوەندی هەیە کە پیاژە لە کتێبی دەروونناسی هۆش دا ڕاڤەی کردووە، بە ڕای ئێمە زۆر شیاو و ڕۆشنە. بەڵام دەرکی قووڵی ئەم خاڵە پێویستی بە پێناسەکردنەوەی وردبینانەی پێگەی نەریتی سۆژەی داهێنان هەیە. لە ڕاستیدا، لێرەدا ئیتر خولقاندنی بەرهەم بە کارێکی تەواو وشیارانە (دیدگای دێکارتی ئەمپرسیت) یان تەواو ناوشیارانە (دیدگای دەروونشیکاری) پێناسە ناکرێت. گوڵدمەن لەمەڕ ئەم پرسە دەنووسێ: "ئەو پێکهاتە چەمکییانە کە لەسەر وشیاری کۆیی زاڵن لە دنیای فانتزی بەرهەمی هونەرمەنددا دەرکەوتوون، نە وشیارانەن نە ناوشیارانە بەمانای فرۆیدی وشەکە کە پێویستی بە چەپاندن هەیە، بەڵکوو چەن پرۆسەیەکی ناوشیارانەن کە تاڕادەیەك لە پرۆسەی ساز و کاری پێکهاتەی ماسولکەیی یان دەمارەکان دەچن خەسڵەتی تایبەتی بزاڤەکان حاڵەتەکانی ئێمە دیاری دەکەن، بێئەوەی کە وشیارانە یان چەپێندراو بن" (مارکسیزم زانستی ئینسانی، ل ٥٩).

نووسەری خودای نادیار کاری گواستنەوەی پێکهاتەکانی وشیاری کۆیی بۆ بواری فانتزیك بە پرۆسەیەکی ناوشیارانە دەزانێ بەمجۆرە یەکێ لە چەمکە سەرەکییەکانی ئێپیستمۆلۆژی گەشەندە بەکاردەبات. لەراستیدا، ئەم پرۆسەیە هەڵگری شتێکە کە پیاژە لە جیاوازی/دژوازی دا بە چەمکی فرۆیدی نەستی عاتفی، نەستی مەعریفی ناودێری دەکات. ئەگەر نموونەی نەستی عاتفی بە مانای فرۆیدی، وجودی چەندین سەنتێری وزەیی بەرەو داگیرکردنی شت یان ئۆبژە لە ڕێگەی مکانیزمی چەپاندنەوە بێت، دەکرێ نەستی مەعریفی بە وەڵامی واقعی تاك بە دۆخی واقعی دەڤەری خۆی پێناسە بکەین. بەم شێوەیە، بە وتەی پیاژە: "ئەو پێکهاتانە ئەندێشەی

تاك رێنوێنی دەكەن كە ئەو لێیان بێخەبەرە، چەندین پێكهاتە كە نە تەنیا هەموو پرسـێكی تاكـی بان تاكی، بەڵكوو ئەو شـتانەش دیاری دەكەن كە ناچـارە ئەنجامیان بدات (یانی پێوەندی لۆژیكی حەتمی بۆ ئەندێشـەی ئـەو). بەكورتی، پێكهاتـەی مەعریفی بریتییە لە سیسـتمی ئەو پێوەندییانە كە تـاك دەتوانێ دەبێ بەكاریان بێنێ بە هیچ شـێوەیەك لە ناوەرۆكی ئەندێشـەی وشـیارانەی ئەودا كورت نابێتەوە، چونكە هەر ئەم سیستمەیە كە هەندێ لە فۆرمەكان، بەپێی چەندین قۆناغی بەردەوامی گەشـە بەسەر ئەودا دەسەپێنێ كە سـەرچاوەی ناوشیارانەی ئەوانە لە سـازگاری دەماری ماسولكەیی دایە".

پیـاژە دەڵێت: "بەمجۆرەیە كە نەسـتی مەعریفی كۆمەڵێك لـەو پێكهاتـە و كاركردانەیـە كە تاك لـەوان بێخەبەرە و تەنیا ئاكامەكانیان دەبینێ". ئەگەر پرۆسـەی گواستنەوەی پێكهاتەكانـی وشـیاری كۆیی بۆ بـواری فانتزیك لەگەڵ مكانیزمی تایبەتی نەسـتی مەعریفـی پێوەند بدرێت، ئەم پرسـیارە كە بۆچی تاكێكی تایبەت جیهانبینیەكی تایبەتی بەیـان كردووە، بەپێچەوانەی روانگـەی ناكۆكی گوڵدمەن، لەگەڵ بـواری دەروونشـیكاری پێوەندی نییـە. روانگەی گوڵدمـەن بۆیە ناكۆكـە چونكە لەگەڵ جیـاوازی نێوان وشـیاری تاكی وشیاری كۆیی دژایەتی دەكا و وشیاری تاكی بە پێكهاتەیەك دەزانێ كە لە چەندین توخمی لبیدۆیی تاكی چەندین توخمی وشیارانەی تایبەتی سوژەی كۆیی پێكهاتووە. گوڵدمەن ئەم پرسیارە كە نووسەر بە چ شێوەیەك كاتێگۆرییە زەینیەكانـی گرووپ دادەرێژێ لـە بەرهەمی هونەری دا ئاراستەی دەكات، لە پرسیارێك لەمەڕ تایبەتمەندی سوژەی ئەم نواندنەوە جیادەكاتەوە. ئەو بە ئاماژە بە شـانۆنامەكانی راسـین دەنووسـێ: "مانای ئەم شـانۆنامانە، رەهاگەری، چەندین كەسـێتی لاڵ چاودێرە كە بۆ قارەمانی شانۆ وەك ناكۆكیەكی بێچارەسـەر دەردەكەون، مەودایەك كە كەسێتی تراژیك لە مرۆڤی ئارەزوومەنـد جیادەكاتەوە، وەك نواندنی ئـەو چەمكانەیە كە گرووپی ژانسێنیسـت خولقاندوویانە، تاقە پرسـیارێك كە دەروونشیكاری دەتوانێ چەندین زانیاری ورد و رۆشـن لەمەڕ ئەو ئاراسـتە بكات ئەوەیە كە بۆچی ئەم چەمكانە لە مێشـكی راسین دا بەشـێوەی بەرجەستە دەركەوتـوون چۆن تا ئەم رادەیە لەگەڵ پرسـە تاكییەكان سـازگار بوون كە راسین توانیویە فۆرمێكی ئێجگار تۆكمە بەو ویسـتانە بدات كە لە هەموو ئەندامانی گرووپ دا بە رێژەی جیاواز هەبوون". (ماركسـیزم زانسـتی ئینسانی، ل ١٠٩).

لەراسـتیدا، گوایە لێرەدا گوڵدمەن لەو پرنسیپانەی كە لە سیستمی فكری ئەودا جێگایەكی لۆژیكییان هەیە بەجۆرێك پاشەكشـە دەكات. ئەم سیسـتمە فكرییە دەروونشـیكاری - لانیكـەم لەم بابەتـە تایبەتەدا- بـە دوو هۆی بنەڕەتی رەتدەكاتەوە: یەكـەم بەوهۆیە كە بەپێی زانیاری بیوگرافیك ناتوانین تۆسقاڵێك كەسـێتی نەستی نووسەر (راسین) راڤە بكەین، چونكە تەنیا بە پێوەندی شـیكاری قووڵ، زیندوو و واقعی دەتوانین توخمە پێویستیەكانی توێژینەوە دەست بخەین، لەلایەكـی دیكەوە بەرهەم لە پێكهاتەی دەروونی خۆیدا قەت بەرهەمی مەبەستەكان رەوتە تایبەتەكانی نەستی عاتفی نییە، بەڵكو بەرسـڤی مەعناداری نەستی مەعریفییە كە پێوەندی بە یەكێ لە پرسەكانی هاوكێشی كۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەوە كە دیاریكارەكانی نەستی مەعریفی، لەگەڵ پێكهاتەی ژینی دەڤەری تاك (وشـیاری تاكی) نەستی عاتفی پێوەندی گەرم گوڕی هەیە، قەت حاشـای لێناكرێ. بەڵام ناكرێ بەهۆی بەرزەفڕی و بەخشـندەیی مێتۆدۆلۆژیك، بوارێكی پاوانكراو بۆ دەروونشـیكاری تەرخان بكەین و چاوپۆشی لێبكەین: لە راستیدا سیسـتمی فكری گوڵدمەن لەگەڵ دەروونشیكاری فرۆید ناسـازگارە و دەبوو خودی گوڵدمەن ئاماژە بەم خاڵە بـكات. ناكرێ ئـەم دوو روانگەیە پێكـەوە پێوەند بدەین، زنجیـرەی بەڵگەكان بەڵگاندنەكانی ئـەم دوانە لە بناغەدا جیـاوازن، ئەم دوو روانگەیە یەك بابەت راڤە ناكەن. بابەتی واقعی دەروونشـیكاری، لانیكەم لە ئەدەبیات دا، شـرۆڤەی تاكی - نووسـەر نییە، بەڵكوو دەرخستنی فۆرماسیۆنێكی كۆنكرێت و دیاریكراوە: نەسـتی خـودی دەق. بەڵام ئەمە رەوتێكـە كە ئەگـەر لەگەڵ مەبەسـتی گوڵدمەن تەواو دژواز نەبێت لانیكـەم جیاوازە. ئەگەر بمانەوێ بە دوور لە خەوشداركردنی سیستمی سۆسیۆلۆژی ئەدەبیاتی گوڵدمەنی باسی پرسی سوژە/خولقێنەر بكەین، تەنیا رێگایەكمان هەیە: دەروونناسـی گەشندەی پیاژە. لەم بابەتەوە دەسكەوتی پیاژە دیاریكەرە و بێگومان لە دەسكەوتی لوكاچ گرنگی زیاتری هەیە. چونكە فەزای ئیپیسـتمۆلۆژی پیاژەیی، سـەرەڕای ئەوەی كە تەواو تازەیە و لە ئیپیسـتمۆلۆژی كلاسـیك، كە سـەدەی حەڤدەهەم دەستیپێكردووە، بەتەواوی دابڕیوە، گوایە بەشێوەی ئەزموونی دەگەڕێتەوە بۆ مێتۆدی ناسینی تایبەتی ئەندێشەی دیالكتیكی. رێگایەك كە پیاژە هەمواری كردووە دەبێ لە ئاسـۆی تیۆری تێزەكانی ماركس لەمەڕ فۆیرباخ جێگیر بكـرێ.(٦) ئەگەر بەخت یار بوایـە و گوڵدمەن گەلاڵەی ئیپیسـتمۆلۆژی خۆی تەواو كردبایـە، بێگومان دەمانتوانی لەبەر تیشكی چارەسەری تیۆری پرسی هاودەنگی پێكهاتەكان دا، تیۆری ماتریالیستی راستەقینەی خولقێنەری هونەر بەپێی پێوەندی ماركـس - پیاژە بخوێنینەوە. ئەگەر گوڵدمەن نەیتوانی ئەم تیۆرییە ماتریالیسـتییە تا ئەنجام گەشـە پێبدات، تەنیا بەوهۆیە نەبوو كە ئەم تیۆرییە زۆر لاوازی بەرچاوی هەبـوو، بەڵكوو ئەم هۆیەش كاریگەر بوو كە مەرگی ناوەخت ئەوی رفاند، ئەو كەسـەی كە تا دوێنێ

لەنێو ئێمەدا بوو.

**تێبینی:**

**١. بە رای مارکس، گشتێتی یانی پرسێکی گشتی کە بەسەر پرسە تایبەتەکان دا زاڵە و جێگای ئەوان دیاری دەکات، وشیاری شیاو یانی رۆڵی مێژوویی چینەکان بە پێی دۆخی بەرهەستی خۆیان لە پێوەندی بەرهەمهێنان دا، شتئاسایی تەنیا بەمانای کاریگەری دەسەڵاتی فکری بورژوازی نییە، بەڵکوو بەتایبەت بەمانای بەرهەمهێنانی ئوبژکتیڤی پێکهاتەی زەینی و رەفتاری مرۆڤەکانە بە پێی پێوەندی مادی بەرهەمهێنانی بورژوازی.**

**٢. ئەڵبەت ئەم پرسە تەنیا بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە. لەمەڕ بەرهەمە فەلسەفییەکان پرسی هاوەدنگی ئێجگار جیاوازە و حەلکردنیشی تا رادەیەک ئاسانترە.**

**٣. جیهانبینی (Weltanschauung): بۆ ئاگاداری خوێنەرانی شارەزا دەبێ بڵێم کە گوڵدمەن ئەم چەمکەی لە دیلتای وەرگرتووە. لێرەدا تەنیا بەکورتی جیاوازی گوڵدمەن لەگەڵ دیلتای باس دەکەم. چەمکی جیهانبینی دیلتای کە یەکێ لە زنجیرە چەمکەکانی فەلسەفەی ژیانە، بە پێی مێتۆدێکی مەعریفی تەواو نائەقڵانی و رۆمانتیک سازکراوە (لوکاچ لە کتێبی وێرانی ئەقڵ دا کە بەداخەوە ئێجگار پڕکێشەیە، رەخنەی لە رەوتی فکری فەلسەفەی ژیان گرتووە کە لەڕووی تیۆرییەوە رەت ناکرێتەوە). لە کاتێکدا کە چەمکی جیهانبینی گوڵدمەن بە پێی ئێپیستمۆلۆژی دیالکتیکی، مادی و مۆنیستی پێکهاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی مارکس ـ پیاژە، پێوەندییەک کە لەڕووی تیۆریکەوە شرۆڤە نەکراوە. لە راستیدا، لێرەدا لەگەڵ دوو چەمک بەرەوڕووین کە لە رووی ناوەرۆک و کارکردەوە تەواو جیاوازن.**

**٤. ئەڵبەت بەشێوەی پێناسەکردنی ئەدەبیات بە خەون و خەیاڵ: ئێمە بۆیە دەنووسین، چوونکە ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان بژین.**

**٥. گوڵدمەن لە تەفسیری روانگەی پیاژەدا دەنووسێ:" هەر گیاندارێک، ئاژەڵ، مرۆڤ و گرووپی کۆمەڵایەتی بە پەیکەرە و ئایدیای پراتیکی و فکری دنیای دەوروبەری وەردەگرێ و سازگاری دەکات. ئەم وەرگرتن و سازگارکردنە بۆ جەستەی مرۆڤ، رەهەندی سایکۆلۆژیک و، بۆ هۆشی ئاژەڵی، رەهەندی پراتیکی و، بۆ مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکان دا، رەهەندی حسی، پراتیکی و فکری هەیە... مرۆڤ و کۆمەڵگە هەمیشە لە هاوکێشییەکی کاتی دا بەسەر دەبەن کە هەموو جارێک پاش پەیدابوونی چەند پرسێکی تازە کە کۆمەڵگە دەیهێنێتە گۆڕێ، تێکدەچێ و، سەرلەنوێ، لە ئاستێکی باڵاتردا بە سازگارکردنی تازە هاوکێشی پێکدێنێ (مارکس پێی وایە شۆڕش لە کۆمەڵگەدا هاوکێشی کۆن تێکدەدات و هاوکێشی نوێ دەخولقێنێ) "( تۆژینەوەی دیالکتیکی، ل ١٢٩- ١٣٠).**

**٦. دەرخستنی بابەتەکانی دابڕانی پیاژە لە ئێپیستمۆلۆژی کلاسیک، کارێکی ئێجگار سەرنجڕاکێش دەبێ. بێگومان سەرەتای ئەم ئێپیستمۆلۆژییە، گەڵاڵەی ماتماتیکی گشتی یان زانستی گشتی دیکارتی یە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە تیۆری تۆکمەی بیرکردنەوەی ئاراستە کردووە. لایبنیتز گەڵاڵەی ماتماتیکی گشتی بە ئاراستەی دوالیستی بەیانی دووبارەی جەبری و لێکدراوی ئەندێشە و پەرەسەندنی ئەندێشەی بۆ هەموو بوارەکانی وشیاری گۆڕی، هەرچەند کە شکستی کانت لاوازی مێتۆدۆلۆژیکی ئەم رەوتەی بەتەواوی دەرخست، بەڵام ئەم رەوتە بە بڕواوە لە رێگەی پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە نیوپۆزەتیڤیزمی سەدەی بیستەم و فەلسەفەی شیکاری گەیشت. ئێپیستمۆلۆژی فەرانسی مۆدێرن، لە باشلار تا کاوایێس و کانگیلم بە پێی ئێپیستمۆلۆژی کلاسیک راوەستاوە. گرنگی کارەکەی پیاژە لەوە دایە کە باسی هەندێ پرسی ئێپیستمۆلۆژیکی دەکات کە لەگەڵ ئێپیستمۆلۆژی کلاسیک تەواو جیاوازە. ئەم ئێپیستمۆلۆژییە، لە بواری دەروونناسی دا، لە ئەنجامی تێکۆشانی خۆیدا تەنیا توانیویە پێکهاتەی رەفتاری مرۆڤ بە پێی ئاستی تێگەیشتن راڤە بکات، بەڵام تیۆری سایکۆلۆژیکی پیاژە، بە پێی پراتیک وەک بنەمای پێکهێنەری هەستی راوەستاوە. ئەوە پیاژەیە کە (رێک وەکوو مارکس لە تێزەکانی لەمەڕ فۆیرباخ دا) دەنووسێ: "ئامێری دانوستانی سەرەتایی، بە پێچەوانەی ئەو تیۆرییە کە راسیۆناڵیستەکان داویانەتە ئەمپریستەکان، تێگەیشتن نییە، بەڵکوو خودی پراتیکە کە خەسڵەتی بگۆڕیی بەرفراوانی هەیە. ئەڵبەت تێگەیشتن رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ، بەڵام تا رادەیەک پێڕەوی پراتیکە و بەگشتی بە بێ پراتیک هەندی مکانیزمی تێگەیشتن کە زۆر بە غەریزی و سەرەتایی وێنادەکرا... پێکنایەت مەگەر لە ئاستێکی دیاریکراودا. بەگشتی هەر تێگەیشتنێک سەرئەنجام بە جێگایەک دەگات کە مانای وابەستە بە پراتیک بەو تۆخمانەی بدات کە دەرکی کردووە، کەوابوو دەبێ لە پراتیکەوە دەست پێبکەین" ) ئێپیستمۆلۆژی گەشندە، ل ١٢- ١٣.(**

**سەرچاوە: جامعه، فرهنگ، ادبیات: لوسین گلدمن، ترجمه: جعفر پوینده، نشر چشمه، تهران- ١٣٨٠، یێ ٧٠-٨٨.**

***

# تێبینیەک لەسەر مەکتەبی فرانکفۆرت

**پێویست بە ئاماژەیە ئەم بابەتە وەرگێردراوی کورتکراوەی دوو بابەتە لەم پەیوەندیە دا**

ن: م. پەڕتەو و ژالە حەیدەری
و: سمکۆ نووری

ئێستاکە "مەکتەبی فرانکفۆرت" لە ئێران سەرنجی هەندێ کەسی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. "ئادۆرنۆ و هابێرماس" و کەسانی دیکەی هاوکاری ئەم قوتابخانەیە خوێنەرانێکیشی بۆخۆی بەدەست هێناوە. گرایش و دڵگریە چینایەتیە جۆراوجۆرەکان، لە کەسانی سەر بە حکومەتەوە بگرە تا هێندێ خوێنکاری دژی حکومەتی، بە دەست پێ ڕاگەیاندن بە، بەرهەمە فکریەکانی کەسانی ئەم قوتابخانە، دەیانەوێت هەوڵە سیاسیەکانی خۆیان بەرەو پێش بەرن.

"ئادۆرنۆ"و نووسینەکانی پێشتری قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕای هێندێ خوێندکاری چەپی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و "هابێرماس"و نەزەریە و بۆچوونەکانی ئێستای بووەتە جێگای سەرنجی ئەندیشە سازانی "ڕیفۆرم خوازی" کۆماری ئیسلامی ودۆستان و هاوکارانی شۆڕەوی پێشوو. لایەنگرانی "قوتابخانەیفرانکفۆرت" دەتوانن بەر بڵاو بن، چونکە زۆربەی بیرمەندانی ئەم "قوتابخانەیە" لە هەوراز و نشێو و کێشمەکێشەکانی نێوان شۆڕش و دژە شۆڕشدا، گۆڕانیان بەسەردا هات و لە ڕەخنەگری نیزامی سەرمایەداریەوە، تەبدیل بوون بە لایەنگرانی ئەم نیزامە و پشتیوانی کردنی.

بۆ وێنە "هابێرماس" لە کەسانی داکۆکی کاری "گلۆبالیزاسیۆنی" نیزامی سەرمایەیە و ئەو "هابێرماسە"ی کە خۆی بە مارکسیست و ڕەخنەگری نیزامی سەرمایە دەزانی نییە و داکۆکی لە فراوان خوازی و شونیستی دەسەڵاتی ئەوروپایی دەکات و لەو باوەڕەدایە کە ئەورووپای یەکگرتوو دەبێ بە ئەرتەشێکی یەکگرتوو ئیدارە و کۆنترۆڵی جیهان بە دەستەوە بگرێت. هابێرکاس دەڵێت کە ئەرتەشی ئامریکا ناتوانێت ئیدارەی جیهان بە دەستەوە بگرێت و لەم ڕاستایەدا ئەم ئەرکە دەبێ دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیمپریالیستی ئەورووپا بیگرێتە ئەستۆ، چونکە ئەورووپا میراتگری عەسری ڕۆشنگەریە و بەم هۆیەشەوە ئەورووپا لە ئامریکا باشتر دەتوانێت چاری ئەم جیهانە وەحشیە بکات.

ئەو تەنانەت "هابێرماسی" دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠،



کاتێك کە لە تەبعید دەگەڕایەوە و بە لە قەڵەمدانی خۆی وەك مارکسیست، داکۆکی لە پرۆژەی ئامریکایی چاکسازی ئابوری دەکرد، نییە. لە ڕاستیدا "مارکسیسمی" دەورەی پاش شەڕی جیهانی دووهەمی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەتوانین بە مارکسیسمی "پۆستی بازرەسی چارلی" ناو لێببەین. لە حاڵێکدا نەزەریە و بۆچوونەکانی ئێستای داکۆکی کردن لە هەژموونی جیهانی ئەمپریالیستەکانی ئەورووپا لە بەرانبەر ئەمپڕیالیسمی ئامریکادایە. هەڵکشان و داکشانی کاریگەری بیرمەندانی جۆراوجۆری قوتابخانەی فرانکفۆرت لە نێوان گرایشە چەپەکاندا پەیوەندی بە بار و دۆخ و موخستەساتی سیاسی ئێستاوە هەیە. بۆ وێنە لە دەیەکانی ٦٠ "ئادۆرنۆ" بە توندی دەکەوتە بەر ڕەخنەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران لە ئەورووپا. کەم ڕەنگ بوونەوە و تەنانەت دژایەتی توندی خوێنکاران لەگەڵ "ئادۆرنۆ" دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان " ئادۆرنۆ"و بزوتنەوەی خوێندکارای و نەزەریە و بۆچوونە سازشکارانەکانی "ئادۆرنۆ"وە.

لە هەل و مەرجی سەرکوت و خەفەقانی ئێستای ئێراندا کە شۆڕشگێرترین تێئۆری ڕەخنە لە نیزامی سەرمایەداری "واتە مارکسیسم" لە دەستی خوێندکارانی چەپدا نییە

کەسانێکی دیکەی مارکسیسمیان تا ئاستێکی نزم دابەزاندووە و هێندێ لە خوێندکاران و کەسانی نێو بزوتنەوەی ژنان لە نێو تێئۆریەکانی ئەم قوتابخانە لە نەزەریە و بۆچوونێك دەگەڕێن کە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی یارمەتیان بدات. بەڵام تێئۆری و نەزەریەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و کەسانی دیکەی سەر بەم قوتابخانە نە لە ڕابردوودا ئاڵای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بنەڕەتیان بە دەستەوە بووە و نە لە داهاتوودا دەتوانن وەها دەور و نەقشێك بگێڕن.

ئەم بابەتە هەوڵی ئەوە دەدات کە چۆنیەتی شکڵ گیری و کۆبوونەوەی وەها نەزەریەیەك لە چوار چێوەی بار و دۆخ و هەل و مەرجێك کە ئەم ڕەوتە فکریە تێیدا شکڵی گرت لێك بداتەوە. چونکە بۆ تێگەیشتن لە هەر مەکتەب و ڕەوتێکی فکری پێویستە لەسەر بەستێن و زەمینە تاریخیەکەی خۆی لێك بدرێتەوە. لەم ڕانگەوە پێویستە کە ئەم ڕەوتە فکریەش بە چەند قۆناغ دابەش بکەین. هەڵبەت ئەم قۆناغە بە دیواری چین لێك جیا ناکرێتەوە، گەراکانی شکڵ گیری و نیشانەکانی گۆڕانی داهاتووشی دەتوانین لە دەورەکانی پێشوودا دەست نیشان بکەین.

سەرنجێکی تایبەت بە پەیوەندی ئەم قوتابخانە لەگەڵ مارکسیسم دەدەین، چونکە کەسانی سەر بەم قوتابخانەیە لە سەرەتادا خۆیان بە مارکسیست لە قەڵەم دەدا و هەوڵیان دەدا کە بە کەڵك وەرگرتن لە تێئۆری مارکسیستی لایەنەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لێك بدەنەوە و ڕەخنەی لێبگرن. بە سەرنجدان بەوەی کە دەرك و تەفسیر و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان بە نیسبەت مارکسیسمەوە بوو، بەڵام دواتر دەچنە سەفی ڕەخنەگران لە مارکسیسم و ئیدەی شۆڕشی سوسیالیستی.

بە کورتی، ڕەوتی تەکامولی قوتابخانەی فرانکفۆرت چۆن بوو؟ یەکەمین پەیوەندیەکانیان لەگەڵ مارکسیسم لە چ کاتێکەوە بوو و هەروەها کاتێك کە خۆیان بە مارکسیست لە قەڵەم دەدا، چ جۆرە مارکسیستێك بوون؟ و لە چەقۆ نانێك لە مێژوودا و هەروەها لە چ تەحولاتێت و ئاڵ و گۆڕێکی جیهانیدا ڕویان کردە مارکسیسم و لە چ دەورەیەکدا پاشەکشەیان کرد. چۆن هەڵگەڕانەوە و خۆیان لەگەڵ بار و دۆخی تازەی پاش شەڕی جیهانی دووهەم ڕێکخست و بە گشتی چۆن لەگەڵ هەژمونی ئامریکا لە ئەوروپا و ڕژێمی تازەی ئاڵمان (ڕژێمی ئادنائیر و...) ڕیکەوتن؟

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی توشی چ ئاڵ و گۆڕێك هاتن و پەیوەندیان لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە و بە تایبەت گرایشە سیاسیەکانی نێو بزوتنەوەی خوێندکاری دەیەی ١٩٦٠ چۆن بوو؟

شکڵ گیری و زەمینە و بەستێنەکانی شکڵ گیری قوتابخانەی فرانکفۆرت.

لە دەیەی ١٩٢٠ زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەوروپا نیزامی سەرمایەداری و کاریگەریە ڕوخێنەرەکانی ئەم نیزامەیان دەدایە بەر ڕەخنە، لە وەها هەل و مەرجێکدا بوو کە مەکتەبی فرانك فۆرت شکڵی گرت و ڕویان کردە مارکسیسم. ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٠ بە مەکتەبی فرانکفۆرت دەناسرایەوە، لە سەرەتادا لەژێر "ناوی دامەزراوەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان" وەك ناوەندێك بۆ لێکۆڵینەوە و باس لەسەر مارکسیسم کاری دەکرد. بەڵام ئەم دامەزراوە پێك هاتبوو لە مەحفەلێك کە "حەفتەی کاری مارکسیستیان" پێ دەوت و کەسانێکی وەك "کارل کورش" و "پولاك" و "ویتفوگێل" لەنێو ئەم دامەزراوەدا حوزوریان بوو.

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هاوکاتە لەگەڵ خاڵە وەرچەرخان و ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکان لە ئەوروپا کاریگەریەکی جیهانییان هەبوو. دەورەی یەکەم لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠ تا مانگی ئاوریلی دەیەی ١٩٣٠ کە هاوکاتە لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی "هیتلێر" لە ئاڵمان و پەناهەندە بوونی "ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر و مارکۆزە و هابیرماس" بە ئامریکا. دەورەی دووهەم هاوکاتە لەگەڵ تەبعید لە ئامریکا و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و گەڕانەوە بۆ ئاڵمان و دەورەی چاکسازی ئاڵمان لە دەیەی ١٩٧٠یە و دەورەی چوارەم هاوکاتە لەگەڵ لە نێو چوونی دواییین نیشانەکانی ڕادیکاڵیزمی بەرهەمە فکریەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و پێداچوونەوە بەسەر چوارچێوەی فکری خۆیان و داکۆکی ڕۆشنتر لە نیزامی سەرمایە.

دەورەی یەکەم: شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆماری وایمار _ سەرکەوتنی ئوکتوبر و شکستی شۆڕشی ئاڵمان.

پێش دامەزراندنی "دامەزراوەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان"، ڕۆشنبیرانی مارکسیستی ئاڵمان لە نێو حیزبی سوسیال دیموکرات درێژەیان بە چالاکیە فکریەکانی خۆیان دەدا و پاش خیانەتی حیزبی سوسیال دیموکرات بە شۆڕشی کرێکاری، درێژەی ئەم کارەیان بۆ نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان گواستەوە. ئەم مەسەلە هاوکات بوو لەگەڵ چالاکی "ڕوزا لوگزامبورگ" و "هیلفێردینگ" لە نێو حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان و، تەدریس و وتنەوەی دەرسی ئابووری سیاسی مارکسیستی. "لۆکاچ" لە مەحفلی گالیلە، لە بودا پێست تەدریسی دەکرد و لە دەیەی ١٩٢٠ "کارل کورش" لە مەدرەسەی "کارل مارکس و لێنین" دەرسی دەوتەوە.

بە کورتی دەبێ بڵێین کە ڕۆشنبیرانی مارکسیست زۆر بە کەمی لە نیزامی زانکۆدا تێکەڵ دەبوون. جیا لەوەی ئەم شێوەیە هەر لە سەرەتای بنیاتنەرانی مارکسیسمەوە باو بوو، بورژوازیش سیاسەتی تێکەڵ کردنی ڕۆشنبیرە

مارکسیستەکانی بۆ نێو نیزامی زانکۆدا، پەیرەو نەدەکرد. بەڵام لە سەردەمی جومهوری "وایمار" قشرێك لە ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگری نیزامی سەرمایەداری، کە دەیانویست لێی دوور بکەونەوە، لەم دامەزراوەدا کۆ بوونەوە. لادانی ڕاشکاوانە و هەمە لایەنەی حیزبی سوسیال دیموکرات لە ئارمانی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار، تا ئەو ئاستەی کە لەگەڵ بورژوازی ئاڵمان بۆ بەرەو پێش بردنی شەڕی یەکەمی جیهانی یەکیان گرت، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم گروپە لەوان نزیك نەبنەوە. لە لایەکی دیکەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان کە لە حیزبی سوسیال دیموکرات جیا بووەوە و بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی شۆڕشگێڕانە و ئەنترناسیۆنالیستی بۆ پەیوەست بوونی ئەندامانی مەکتەبی فرانکفۆرت زۆر شۆڕشگێڕانە بوو.

سەرەڕای ئەمانەش بورژوازی ئاڵمان بە هاوکاری کردنی لەگەڵ حیزبی سوسیال دیموکرات هەوڵی دەدا پێش بە کاریگەریەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبر لەسەر کۆمەڵگای ئاڵمان بگرێت، چونکە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ڕوسیە، لە خۆیدا جۆرێك بانگهێشت بۆ دووپات بوونە لە سەراسەری ئەورووپادا بوو. بەهەرحاڵ سێ ڕووداوی گرنگ و کاریگەر لەسەر شکڵ گیری بیری ڕۆشنبیرانی فرانکفۆرت بریتی بوون لە دەستپێکردنی شەڕی جیهانی ئینشعاب لە نێو چینی کرێکار و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و شکستی شۆڕشی ئاڵمان.

شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ دەستی پێکرد. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا چینی کرێکار لە ئەورووپا تووشی ئینشعاب هات. ڕووداوێکی ڕووخێنەر بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە لە شکڵی یەکیەتی زۆرتری حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەنترناسیۆناڵی دووهەم لەگەڵ بورژوازی وڵاتانی سەرمایەداری ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە خزمەت بە شەڕی ئەمپریالیستی بۆ دابەش کردنەوەی سەر لە نوێی جیهان خۆی نیشان دەدا، هاتە ئاراوە. سەرکردەی ئەم ڕەوتەی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان بە ڕێبەری "کائۆتسکی" بوو. ڕێبەرانی بەناو بانگی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان بۆ خزمەت بە بورژوازی خۆیان لەگەڵ یەك ڕقابەتیان دەکرد، "هیلفێردینگ" چووە نێو ئەرتەشی "ئوتریش" و "بائێر" بۆ خزمەت بە بەرەی دژی ڕوسیە ئامادەگی ڕاگەیاند. حەوتوویەك لە شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕ نەببوو کە ئەنترناسیۆناڵی دووهەم کە بە ڕێبەری "ئێنگڵس" دامەزرابوو، هەڵوەشایەوە.

گەرچی ژمارەیەك لە کۆمۆنیستەکانی ئاڵمان، وەك "ڕوزا لوگزامبۆرگ" بەم تێوە گلانە بەرەو لە نێو چوونەوە پەیوەست نەبوون و حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمانیان دامەزراند بەڵام تواناییان لە ئاست تێگەیشتنی مادیانەی سەرهەڵدانی ئەم گرایشە لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا لەو ئاستەدا نەبوو و هەروەها نەیانتوانی لە دەرەوەی کەش و هەوای نائومێدی کە لەگەڵ خەیانەتی حیزبی سوسیال دیموکرات هاتبووە ئاراوە، دەرفەتی گەورە و واقعی دەرهێنانی سەرکەوتن لە قوڕگی شکستدا بقۆزتەوە.

درووست لە بەرانبەر کۆمۆنیستەکانی ئاڵماندا لێنین لە سەحنەکەدا بوو. لە ڕاستیدا ئەوە لێنین و شۆڕشی ئۆکتۆبر بوو کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە شکستی یەکجاری ڕزگار کرد. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و شکستی شۆڕشی ئاڵمان، جمهوری "وایمار" کە بەرهەمی شکستی شۆڕش و لادانی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان لە شۆڕشی کرێکاری بوو، دامەزرا. بورژوازی ئاڵمان، حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمانی لە دەوڵەتدا بەشدار کرد کە لەم کاتەدا ئەم حیزبە دەبێتە کۆڵەکەی پشتی ئەمپریالیزمی ئاڵمان.

بورژوازی ئاڵمان ئەرکی تێك شکاندنی شۆڕش و دواخستنی کۆمەڵگای ئاڵمانی بەم حیزبە سپارد. "هیلفێردینگ" دووجار پۆستی وەزیری ئابووری لە کۆماری "وایمار"ی پێدرا و بەرپرسی پۆلیسی سوسیال دیموکرات فەرمانی تیرۆری "ڕوزا لوگزامبۆرگ"ی دەرکرد. بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لەم مەسەلە دەتوانن کتێبی "شۆڕشێك کە خیانەتی پێکرا" لە نووسینی "هافنێر" بخوێننەوە.

ئەمانە ڕووداوگەلێکی گەورە و مێژوویی بوون کە زەینی باشترین کەسانیشی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ڕووداوگەلێك کە سەرەڕای تێپەڕ بوونی سەدەیەك بەسەریدا هێشتا کاریگەریەکانی دەبیندرێت. کۆمەڵگای ئاڵمان دەرفەتی ئاشنا بوون لەگەڵ ڕووداوێکی مێژوویی لەدەستدا و شکستی شۆڕشێك کە دەیتوانی سیمای جیهانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی بنەمایی بگۆڕێت، ئەزموون کرد. سێبەری ئەم شکستە مێژووی پاش ئەم ڕووداوەی دیاری کرد.

شوێن پێی ئەم سێبەرە دەتوانین لە نوسراوەکانی کەسانی سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ببینین، بۆ وێنە لە ئەندیشە مەزهەب ئاساکانی "والتێر بێنیامین"دا، کە ئاوات بە گەڕانەوەی ئەو دەرفەتە دەخوازێت.

ئەکەمین مەحفلی ڕۆشنبیرانی مەکتەبی فرانکفۆرت لە پەیوەند بە پێویستیەکانی ئەو سەردەمەی ئاڵمان بۆ ئاڵ و گۆڕێکی بنەمایی لە کۆمەڵگادا بە دوای تێئۆریەکی ڕەخنەیی لە پەیوەند بە کۆمەڵگادا دەگەڕان. بەڵام نە پێشەنگی خەبات بۆ ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی بوون نەك کۆسپی سەر ڕێگاشی. ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت خۆیان بە مارکسیست دەزانی بەڵام مەسیری تەکامولی "تێئۆری ڕەخنەیی" ئەوان بە دژی مارکسیسم بون. ئەوان شاهیدی حەرەکەتی شۆڕش و شکستی و هەروەها، هاتنە

سـەر کاری "جمهوری وایمـار" بوون و هەوڵیـان دەدا لەم شکسـتە تێبگەن و تەجزیـە و تەحلیلی بکەن. بەڵام ئەبزار و ئامرازەکانیان لە سـەیر کردنی ئەم ئەزموونە مارکسیسم نەبوو، بەڵکوو فکر و نەزەریەکانی پێشـوویان بوو. زۆربەی کەسـانی سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت شۆڕشی ئاڵمانیان ئەزموون کردبوو بەڵام نەك بە شێوەی شۆڕشگێڕانەی دەرگیر لە شۆڕشدا.

سـەیری حەماس و بەرەو پێش چوونی شۆڕشـی ڕوسیە دەرکەوتەی تێئۆری لێنینیسـتی بوو. "لێنین" لە ماوەی ئەم ساڵانەدا تێئۆری و تەفەکوری سیاسی مارکسیستی بە شێوەی مونەزەم بۆ خەباتی چینایەتی، لە ئاسـتە جۆراو جۆرەکانی ئیستراتیژی و تاکتیك و بەرنامە و تەشکیلاتدا ڕوون کردەوە. سەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبری ڕوسیە لە ڕاستیدا تەئید کردنی ئەم تێئۆریانە بوو لە کۆیلەیەتی خۆیدا و پیشـانیدا کە مارکسیسم گەیشـتۆتە لوتکەیەك لە تەکامول. ئەگەر بمانەوێـت ئاماژەیەك بدەینە پەیوەندی نێوان مارکسیسـم و قوتابخانەی فرانکفۆرت دەبینین کە هیچ ئەڵقەیەکی پەیوەندی لە نێوان ئەم قوتابخانە لەگەڵ لێنینیزمدا بەدی ناکرێت.

شـەڕی جیهانی، شـەڕێك بۆ دابەش کردنـی جیهان لە نێوان ئەمپریالیسـتەکان دابوو. ماهیـەت و ناوەڕۆکی ئەم شـەڕە بۆ کۆمۆنیست گەلێکی وەك "روزا لوگزامبۆرگ و کارل لیبێکنێخت: کە لە حیزبی سوسیال دیموکرات هاتبوونە دەرەوە، ڕۆشـن بوو، بەڵام هیچ یەك لەم کەسانە نەیانتوانی بنەمای چینایەتی ئەم جیا بوونـەوە دەرك بکەن. لە دنیای مارکسیسـمی ئەم سـەردەمەدا تەنیا "لێنین" بوو کە توانی ئەم ئاڵ و گۆڕە پێکهاتەییە سـەیر بـکات. لێنین ئابوری سیاسی ئەم گۆڕانە پێکهاتەییەی تەحلیل کرد و هاوکات بۆ وەڵامدانەوە بەم بار و دۆخە بە ئیستراتیژی و تاکتیکی دیاری کراو بە دەرەنجامێك لە ئاڕاستەی بەرژەوەندی چینی کرێکاردا گەیشت، کە ئەم مەسەلە هۆکاری کاریگەر لە بە سەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی ئۆکتۆبردا، بوو. قوتابخانەی فرانکفۆرت لە نیزامی سەرمایەداریدا نارازی بوون. بەڵام ڕێگایەکیان بۆ لـە نێو بردنی ئەم نیزامە نەدەدیەوە. جیهەتگیریە نەزەری و تێئۆریکەکانیان بـە کەڵك وەرگرتن لە ئەبزار و ئامرازەکانی مارکسیسم بۆ تەحلیل و لێکدانەوەی موحەرکەکانی خەباتی چینایەتی، بە مەبەستی بە سـەرکەوتن گەیاندنی شۆڕش لە کۆمەڵگا و جیهانـدا نەبوو. لە ئەنجامدا ئیئۆریەکانیان بۆ نەفی کردنەوەی شـۆڕش بوو. ئەوان ڕوویان کردە جۆری بیر کردنەوەی هێگلیانە و هەروەها سـەرنجی زۆرتر لەسـەر "فێتێشیزمی" کاڵایی. فاکتەرەکانی تەحلیل و لێکدانەوەکانیان بریتی بوون لەوەی کە لە نیزامی سـەرمایەداریدا چی بەسەر "پێسـیکۆلۆژی" و ئایدۆلـۆژی خەڵکدا دێـت و نیزامی سـەرمایەداری چۆن ڕەوتی فکری خەڵك دەستکاری دەکات و چـۆن فکری خەڵك دەخاتە ئیختیاری خۆیەوە و جیهەتیان پێدەدات و ئینسان چۆن "ئۆتۆنۆمی" و سەربەخۆیی لە دەست دەدات. یان سەرەنجام جەماوەری خەڵك چۆن و بە چ شێوەیەك لەگەڵ ئەم سیسـتمە و هەروەها پروپاگەندە و ئایدۆلۆژیە ڕێدەکەون. ئەمانە مەسەلەکانی جێگای ڕەخنەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوون. مارکسـیزمێك کە ئەوان ئیدعایان دەکرد لەژێر کاریگەری ئەم مەسـەلانەدا بـوو و هەروەها دەرك و تێگەیشتنیان لە مارکسیزم بەم ڕادەیە بوو.

"بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلێر"

لە ساڵی ١٩٣٣ حیزبی ناسیۆناڵ سوسیالیست لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکدا دەسـەڵاتی بە دەسـتەوە گـرت. هیتلێر لە بەرزترین پلەی دەوڵەتێکی ئێتێلافیدا پۆستی سەدری ئەعزەمی رایش واتە "ئیمپراتۆری" ئاڵمانی بە ئەسـتۆ گرت بەڵام لەو کاتەدا هێشـتا حیزبی "نازی" دەسـەڵاتی خۆی سەقامگیر نەکردبوو. "رایشتاك" واتە مەجلیس دروست پێش هەڵبژاردنی ٥ی مارسـی ١٩٣٣، ئاگری تێبـەر درا و دەوڵەت تاوانی ئەم کارەی خسـتە ئەستۆی حیزبی کۆمۆنیست و ڕایگەیاند کە ئەم ئاگر کەوتنەوە لە مەجلیسـدا بەشـێك لە پرۆژەی ئاخێزێکی گەورەیە. هیتلێر بەم بیانووە بۆ پاراستنی دەوڵەت لە بەرانبەر ئەو شـتەی کە بە پێش گرتـن لە عەمەلیاتی تێك دەرانەی "کۆمۆنیسـتەکان" لە قەڵـەم دەدرا حوکمێکی بە پەسـەند گەیاند. بەم جۆرە حکومەتی نیزامی ڕاگەیەنرا حیزبە سیاسـیەکان لە درێژەدان بە چالاکی سیاسی خۆیان مەنع کران و بە نایاسایی لە قەڵەم دران. بە پێی ئەم حوکمە نەیارانی سیاسی تا ماوەیەکی نا مەعلووم دەسگیر دەکران و دەسـگیر کراوان لە مافی دادگایی یان ئازاد بوون بە هۆی زەمانەتەوە بێبەش دەکران.

ڕۆژنامـەکان یـەك لـە دوای یـەك داخـران و حیزبی کۆمۆنیسـت بە نا یاسـایی ڕاگەیەنرا و بەپێی لیستێك کە پێش ئاگر، گرتنی مەجلیس ئامادە کرابوو هەزاران کەس لە ئەندامانی ئەم حیزبە دەسگیر کران و هەڵبژاردنی ڕۆژی ٥ی مارسی ١٩٣٣ هەڵوەشایەوە.لە ماوەی کەمتر لە ٣ حەوتوودا یاسـایەك کە دەسەڵاتێکی بێ سـنووری بە هیتلێر دەدا بە پەسەند گەیشت. لە مانگی ژوئەنی ١٩٣٣ حیزبی سوسیال دیموکرات بە نایاسایی ڕاگەیەنرا و حیزبەکانی دیکەش خۆیان دەستیان دایە هەڵوەشانـەوەی خۆیان. هەڵوەشانەوەی حیزبی سوسـیال دیموکرات نیشانەی دوو بەرەکایتی لەنێو دەسەڵاتی ئاڵماندا بوو. بورژوازی ئاڵمان لەم ڕێگایەوە دەیویسـت هەم کەسانی شۆڕشـگێڕ سـەرکوت بکات، هەم بە مەبەستی دابەش کردنەوەی سـەر لە نوێی جیهان بۆ دەست پێکردنەوەی شـەڕ لەگەڵ وڵاتانی سـەرمایەداری ئەمپریالیستی خۆی

ئامادە بکات. بەم جۆرە بورژوازی ئاڵمان شکڵی پاڕلمانی و دیکتاتۆری چینایەتی خۆی وەلا نا و دیکتاتۆری چینایەتی خۆی لە جۆری فاشیستی هێنایە سەر کار.

ئــەم ڕوداوە ماهیەت و ناوەڕۆکی دیموکراســـی پاڕلمانی جمهوری وایمار پیشان دەدا و بەم پێیەش زۆرێك لە کرێکارانی حیزبی سوســیال دیموکرات بە حیزبی کۆمۆنیســتی ئاڵمان پەیوەست بوون.



پاش بە دەسەڵات گەیشتنی "نازیــەکان" ئەندامانـــی "دامــەزراوەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان" بڕیاریاندا کــە وڵاتی ئاڵمــان بەجێ بهێڵن.

لــە ســاڵی ١٩٣٠ هۆرکهایمێــر کــە، لەباتی "گرونبێرگ" مێژوو ناسی "ئۆتریشــی" بەرپرسایەتی "ناوەنــدی لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیەکان"ی گرتبووە ئەســتۆ، وڵاتــی ئاڵمانی بەجێ هێشت. لە ماوەی سێ ســاڵدا کە ناوبراو بەرپرسی ئــەم ناوەندە بوو کەســانێکی وەك "ئادۆرنــۆ و مارکوزەی" بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. "ئادۆرنۆ" بۆ بەجێ هێشتنی ئاڵمان هەندێك کەمتەرخەمی کردبوو و پێی وابوو کە چوونکە کوڕی کەسێکی دەوڵەمەندە، ئەم دەوڵەتە لە ئاڵمان کاریان بەسەریەوە نابێت. بەهەر حاڵ کاتێك کە حیزبی نازی لە ســاڵی ١٩٣٣ ســەرکوتی جمهوری وایماری دەست پێکرد هەموو ئەندامانی ئــەم گروپە پێیــان وابوو کە ئەم قۆناغە بــە زوویی تێپەڕ دەبێت و ئەم سەرکوتە کاتی دەبێت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هیچ یەك لــە ئەندامانی ئەم دامەزراوە توانایی لێکدانەوە و تەحلیلی چۆنیەتی بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلێر و پەیوەندی پێکهاتەیی ئەم دەســەڵاتە لەگەڵ پێویستیەکانی بورژوازی ئاڵمانیان نەبوو. شــەڕی دووهەمی جیهانی لەســەر ڕەوتی فکری ئەندامانی مەکتەبی فرانکفۆرت کاریگەریەکی زۆری هەبوو و لە ڕاستیدا یەکێك لە گۆڕانە بنچینەییەکانی لەنێو بۆچوونەکانیان هێنایە ئاراوە. ئەو فاکتەرە ســەرەکیەی کە پاڵنەری ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ تەبدیل بوون بە بیرمەندانی سوســیال دیموکراسی، لەپاش دەورەی شەڕی دووهەمی جیهانــی کاریگەر بوون بریتی بــوو لە نەبوونی لێکدانەوەیەکی دروســت لە ماهیەت و ناوەڕۆکی حکومەتی هیتلێر و شەڕی دووهەمی جیهانی.

چوون بۆ ئامریکا:

زۆربەی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە مەبەســتی درێــژەدان بە کاری ئەم دامەزراوە ڕەوانــەی ئامریکا بوون. چالاکی فکــری ئەندامانی ئەم قوتابخانەی فرانکفۆرت لە تەبعید قۆتاغێکی سەرنج ڕاکێش لە ژیانی فکری ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە. هورکهایمێر لە ساڵی ١٩٣٤ چووە ئامریکا و لە زانکۆی "کۆلۆمبیا" بە وتنەوەی دەرســەوە خەریك بوو.

ژمارەیــەك لەم گروپە وەك هورکهایمێر و "ئادۆرنۆ" لە ڕادیۆ "ڕاکفلێر" کە نیشتمان پەرەســتی و فراوان خوازی ناسیۆنالیستی ئامریکاییان بە دژی ئاڵمان تەبلیغ دەکرد خەریکی کار کردن بوون، و هــاوکات لەژێر کاریگەری "ئێف بی ئای"شدا بوون.

شــایەد دەوڵەتی ئامریکا لەو باوەڕەدا بــوو کە ئەم کەســانە جاسوســن یان شــایەد بیانوویەك بوو بۆ کۆنترۆڵ کردن و خســتنە ژێــر چاودێــری، چونکە دەیانزانی کە کریکارانــی پەنابەری ئاڵمانی لە ئامریکا زۆر پێشتریش تەبلیغی مارکســیزمیان دەکرد. هەر لە سەرەتای چوونــی ئەندامانی ئــەم گروپە بۆ ئامریــکا، لەلایەن ئەم وڵاتــەوە هاوکات کە پشــتیوانی ئابوری دەکران دەســەلات دارانی ئامریکا هەوڵیاندا کە کاریگەری بخەنە ســەر ڕەوتی جیهەتگیریــە فکریەکانیــان. یارمەتی ماڵــی و کردنەوەی دەرگای کەش و هەوای ئاکادیمیك و زانکۆکان بە ڕوویاندا لە زومرەی ئەم هەوڵانەی سەرانی ئامریکا بوون، لەم ئاراستەدا یەهوودیەکانی ئامریکاش لە باری ماڵیەوە یارمەتی ئەندامانی ئەم قوتابخانەیەیان دەکرد.

دەورانــی تەبعید و دوور خرانەوە و هەروەها کەش و هەوای تەبعید، ئەم گروپەی لەناو نەبرد، بەڵام لە بەستەر و مەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری و کرێکاری و ڕۆشنبیری کە مارکسیزم تێیدا کاریگەرییەکی قوڵی بوو، بۆ مەیدانێکی دیکە گواستەوە کە هیچ ئەزموونێکی مارکسیســتی نەبوو. ڕوداوە گەورە و ئاڵۆزەکانی شــەڕی دووهەمی جیهانی گۆڕانێکی جیدی لە فکــر و بیر کردنەوەی ئەندامانــی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا هێنایە ئاراوە.

ئەم کەســانە کە لە ســەرەتای دامەزراندنی، "دامەزراوەی لێکۆڵینــەوە کۆمەڵایەتیــەکان" لەژێــر کاریگەری "جۆرج

لۆکاچ و کارل کورش"دا بوون و بە بڕوای خۆیان ئەرکی سڕینەوەی مارکسیزم لە دوگماتیزمیان گرتبووە ئەستۆ و دەیانویست لە مەیدانی فەلسەفی و فەرهەنگی و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان مارکسیزم تەکامول پێ بدەن لە سەردەمی تەبعید و دوور خرانەوەدا بە تەواوەتی مارکسیزمیان وەلانا و هەموو ئاڵقەکانی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ شۆڕشی سۆسیالیسی پچڕاند.

"هورکهایمێر" هاتە سەر ئەم باوەڕە کە "شۆڕش" مومکین نییە بێتە ئاراوە. "ئادۆرنۆ" هیچ کات کەسێکی شۆڕشگێڕ نەبوو بەڵام ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤی بە نیسبەت مارکسیزمەوە هەبوو. ماوەیەك دواتر "هورکهایمێر" بوو بە یەکێك لە داکۆکی کەرانی نیزامی سەرمایەداری. ئادۆرنۆ" لە ساڵی ١٩٥٨ کە بەرپرسایەتی دامەزراوەکەی پێ سپێردرا، گرنگترین بەرهەمی خۆی لە چاپدا. گەرچی ناو براو درێژەی بە ڕەوتی فکری "هورکهایمێر" نەدا بەڵام ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە گۆڕانی نیزامی سەرمایەداری بە دەستی جەماوەر مومکین نییە، چوونکە نیزامی سەرمایەداری توانایی ئەوەی لەخۆدا هەیە کە هەر جۆرە دژایەتیەك لە خۆیدا بتوێنێتەوە و زەین و فکری چینی کرێکار بخاتە ئیختیار و کۆنترۆڵی خۆیەوە. "مارکۆزەش" بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە لە قسەدا بە مەسەلەی شۆڕش وەفادار مایەوە بەڵام لە کردەوەدا شتێکی زیاتر لەوانی دیکەی نەدەگوت. بۆ وێنە مارکۆزە دەیگوت کە چینی کرێکار بە تەواوەتی لە نیزامی سەرمایەداریدا تواوەتەوە و کەلێنی نێوان بۆچوون و تەفەکوری سوسیالیستی و چینی کرێکار بە کەس پڕ نابێتەوە و لە ئەنجامدا تەفەکوری سوسیالیستی تەنیا فانتازیا و ئۆتۆپیایەکە. زەمینە و بەستێنی کۆمەڵایەتی تەبعیدیش، بۆ ئەم ئاڵ و گۆڕە فکریە لەبار بوو و ئەندامانی ئەم مەکتەبە، بە سانایی و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ نەزمی بورژوازی ئامریکا خۆیان ڕێکخست و تەنانەت دەستیان دایە سانسۆڕی ئەو بابەتانەی کە پێشتر نووسیبویان، بۆ ئەوەی ڕەوتی دەسەڵاتدار لە سیستمی ئاکادیمیکدا لە ئامریکا قبوڵیان بکەن.

ئەوان هێواش هێواش ڕوویان کردە نەزەریە و بۆچوونێکی دیکە، کە فاشیزم وەك مەسەلەی "هۆلوکاست" چاو لێبکەن. لێکۆڵینەوەیەکیان لەژێر ناوی "کەسایەتی دەسەڵاتگەرا" لە ٥ بەرگدا لە چاپدا. هەڵبەت "ئادۆرنۆ" و "هورکهایمێر" بە شێوەی نهێنی و بە توندی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئامریکا ڕەخنەیان دەگرت کە ئەم ڕەخنەیە دەتوانین لە کتێبی "دیالیکتیکی ڕۆشنگەری"دا بخوێننەوە، بەڵام شێوەی بیر کردنەوەی مارکسیستیان وەلا نا و خۆیان سپاردە شەپۆلی فکری، فکر و ئیدئۆلۆژی زاڵ بەسەر کەش و هەوای ئاکادیمیك لە ئامریکا و پەیڕەویان لە پڕ و پاگەندەی بورژوازی ئامریکا لە شەڕی جیهانی دەکرد.

بیر کردنەوەی ڕووکەشیانەی ئەم کەسانە لە پەیوەند بە ڕوداوەکانی سەردەمی دووهەمی جیهانی ئەوانی بەم ئەنجامە گەیاند کە لەگەڵ ڕاستیەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی نەدەهاتەوە. ئەوان بۆ لێکدانەوەی هۆکار و ماهیەت و ناوەڕۆکی سەرهەڵدانی فاشیزمی هیتلێری لەباتی پشت بەستن بە تەحلیل و لێکدانەوەی چینایەتی یان گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەرکەوتەی موحەرك و بزوێنەرەکانی ئابووری و سیاسی نیزامی سەرمایەداری جیهان بوو ڕوویان کردە تێئۆری ڕەوانشناسانەی تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەوان بۆ جارێك شکستی چینی کرێکار و حیزبە کۆمۆنیستەکانیان بەچاو دی و لەباتی لێکدانەوەی ئەم شکستە و گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا، بەو ئاکامە گەیشتن کە، "چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ" مردووە و سەرمایەداری گەیشتووەتە قۆناغێك کە هەر نارەزایەتیەك لەخۆیدا دەتوێنێتەوە و ئەم نیزامە دەتوانێت ئیعتیرازەکان لە جیهەتی بەرژەوەندی خۆیدا هیدایەت بکات. گەشە و هەڵدانی بێ وێنەی نیروی موەلدە واتە تێکنۆلۆژی زانست و کەڵك وەرگرتن لەم زانستە لەلایەن نیزامی سەرمایەداریەوە بۆ گەشە و بەر بڵاوتر کردنی خۆی لە ئاستی جیهاندا، ئەوانی بەم ئاکامە گەیاند کە ئەو نەزەریە و بۆچوونەی مارکس کە، گەشەی نیروی موەلدە دەبێتە هۆی تەقینەوەی پەیوەندی بەرهەم هێنان لە نیزامی سەرمایەداریدا نادروستە، چونکە گەشەی نیۆوی موەلدە و زانست و تێکنۆلۆژی دەبێتە هۆی گەشەی نیزامی سەرمایەداری. ئەوان کاتێك لەگەڵ دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری لە شێوەی کەڵك وەرگرتن لە دیبلۆماسی و وەڕێ خستنی ماشێنی پرۆپاگەندەی عەزیم و بەر بڵاو بۆ فریودانی جەماوەری خەڵك ڕووبەڕوو بوونەوە بەم ئاکامە نەگەیشتن کە لەم کاتەدا گرنگی وشیاری چینایەتی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە خۆی دەردەخات، بەڵام هاتنە سەر ئو باوەڕەی کە نا ئاگایی خەڵك وەك ئەمرێکی ئەدەبی و هەتاهەتایی لێهاتووە و "چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ "مردووە.

" کەسایەتی دەسەڵاتگەرا"

ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە سەردەمی تەبعیدا لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاویان لە پەیوەند بە "دژایەتی یەهودیەکان" کە بە "لێکۆڵینەوەکانی یەهوود ستیزانە" دەناسرانەوە و سەبارەت بە دەمار گرژی و بیر کردنەوەی ڕەها و موتڵەق، ئەنجامدا. ئەم لێکۆڵینەوە بوون بە ٥ بابەت کە گرنگترینیان "کەسایەتی دەسەڵاتگەرا" بوو. ئەم کتێبە کە بوو بە یەکێك لە سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە، لەپاش

خۆی، هاوکاتیش هیچ پەیوەندیەکیان بە نەزەریە و بۆچوونە ڕەخنەییەکانی دامەزراوەکەوە نەبوو.

ئەم بۆچوونە، نەزەریەی قودرەت و دەســەلاتی لەنێو چوار چێوەی تاکەکانی کۆمەڵدا و بە شــێوەی ڕەوانشناســی تاکە کەســی، لێك دەدایەوە و بە نیسبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بوونــی چینــەکان لەنێو کۆمەڵــدا و هەروەهــا کەڵێنە چینایەتیەکان خۆی بێ وەزیفە دەکرد و سەرنجی بە بایەخ و ئیدە و فکرە بە دەروونی کراوەکانی کۆمەڵگا کە لە پەیوەندی و ڕەوابتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، ســەرچاوە دەگرن، نــەدەدا. ئەم پــڕۆژەی لێکۆڵینەوەیە لە ئاقاری "مێتۆدولۆژی کۆمەڵناسی پوزیتیویستی ئامریکا"دا سەیری دەکرد. یەکێك لە نیشانەکانی ئەم شێوازە لە نرخاندنی دیاردەکانــی کۆمەڵگادا ئەوەیە کە لەنێو بازنەی ئەم تەحلیل و لێکدانەدا تەحلیل و لێکدانەوەی چینایەتی بە ڕێگە پێدراو نازانێت. گەرچی ئادۆرنۆ لەگەڵ "پوزیتیویسمی" ئامریکایی دژایەتی هەبوو بەڵام بە هەرحاڵ لێکۆڵینەوەکانی ناسراو بە "کەســایەتی دەسەلات گەرایی" ئەو و باقی کەسانی دیکەی ئەم قوتابخانە لەژێر کاریگەری ئەم مێتۆدەدا بوو.

بــۆ ئەوان ئەم پرســیارە کە هیتلێر و حیزبی ناســیۆناڵ سوسیالیســت نوێنەرایەتــی چ چینێــك دەکات و بۆچی دەســەلاتی سیاســیان بە دەســتە دەگرت؟ بۆچی نیزامی ســەرمایەداری بۆ بەقا و مانەوەی خۆی پێویستی بە شەڕە؟ و شەڕ و شۆڕش چیە؟ هیچ کات نەهاتە ئاراوە. یەکێك لە سەرسوڕ هێنەرترین بۆچوونی ئەوان بە یەکسان لەقەڵەم دانی فاشــیزمی هیتلێری و دژایەتی لەگــەڵ یەهوودیەکان بوو. سەرەڕای ئەو گرنگیەی کە دەیاندا بە مەسەلەی "هولوکاست" چاویان لەحاســت مەسەلەی پەیوەندی ئامریکا و بریتانیا بۆ خوڵقاندنی ئەم جینایەتە دەنووقاند.

ئەوان سەرەنجام نەیانتوانی لێکدانەوەیەکی دروست لە پێوەند بەم مەسەلە بە دەستەوە بدەن. کوشتاری بە کۆی یەهوودیەکان لە ئاڵمان و ناوچە داگیر کراوەکان لەلایەن ئەرتەشی ئاڵمانەوە یەکێــك لە تراژیدیا پڕ جەزرەبەکانی دووهەمی جیهانی بوو. بەڵام شــەڕ بەهۆی دژایەتی لەگەڵ یەهوودیەکانەوە دەستی پێنەکرد بەڵکوو بزوێنەر و موحەرکی ئابووری و سیاســی لە ئاستی نێو نەتەوەیدا بوو. نازیەکان بە سەرکوتی وەحسیانەی کۆمۆنیســتەکان کاری خۆیان دەست پێکرد. پاشان کەسانی کەم ئەندامیان دەکوشت چونکە بە پێی ئەم سیاسەتە ئەوانیان بۆ کۆمەڵگا بەباش نەدەزانی. بەڵام مێژووو نووســانی بەناو بانگ بــە بەڵگەوە بەشــدار بوونی وڵاتانی هــاو پەیمان وەك، "ئامریکاو ئینگلیس و فەڕەنســەیان" لە شکڵ گیری هولوکاستدا بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر سەلماندووە.

کاتێك کە یەهوودیەکان بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆیان لە مەترســی، لە ئاڵمان و سەر زەویە داگیر کراوەکان بە دەستی ئەرتەشی ئاڵمان، بەرەو وڵاتانی هاوپەیمان ڕایان دەکرد، ئەم وڵاتانە هاتنی پەنابەرانی یەهوودیان قەدەغە دەکرد.

لەو ســەردەمەدا ئەوە تەنیا یەکێتی ســۆڤیەتی شۆڕەوی سوسیالیستی بوو کە پەنابەرانی یەهوودی بەبێ لەپێش چاو گرتنی هیچ شتێك وەردەگرت.

ئاســایی بوو کە وڵاتانی هاو پەیمان بەهۆی خۆشەویست بوونی شۆڕەوی ئەوکات و هەروەها کاریگەری مارکسیسمی شۆڕشــگێر لەنێو یەهوودیەکاندا پێشی بە پەناهەندە بوونی یەهوودیەکان بەم وڵاتانــەوە دەگرت. "ئادۆرنۆ" مێژوو ناس و لێکۆڵیــاری ئامریکایی ــ یەهــوودی، لە لێکدانەوەیەکی ماتریالیستیدا پیشان دەدات کە ئەرتەشی ئاڵمان لە پرۆسەی خۆ ســازماندان بۆ بــەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەرتەشــی شــۆڕەوی، بڕیاری کوشتاری بەکۆی یەهوودیەکان ی دەرکرد و پێش ئــەم کارەش بە مەبەســتی دەرپەڕاندنیان لە ئاڵمان سیاســەتی ئەزیەت و ئازاری ئەوانی درێژە پێدا. ســەرەڕای تێپەڕ بوونی زیاتر لە نیو ســەدە لەم کارەســاتە زۆرێك لە مەکتەبــە فکریــەکان هێشــتا خەریکی بە دەســتەوەدانی تەفســیر و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیــان لە پەیوەند بەم کارەساتەوە بوون. لەم پەیوەندەدا دەتوانین ئاماژە بە نەزەریەی "توتالیتاریزمــی" "هانا ئارێنت" بکەین چونکە کەســایەتی دەسەلاتگەرای قوتابخانەی فرانکفۆرت لەژێر کاریگەری ئەم تێزانەی "هانا ئارایێنت"دا بوو.

"توتالیتاریزم" نەزەریە و بۆچوونێکە، کە سیاسەتمەدارانی تەبەقــەی بورژوازی ئامریکا، لە ســاڵەکانی پاش شــەڕی جیهانی دووهەم زۆرترین کەڵکیــان لێ وەرگرتووە. نەزەریە و بۆچووونــی توتالیتاریزمی "هانا ئارێنت" بەردەوام بوون و بەقای دەسەلاتی سیاســی بە پاراستنی پەیوەندی و ڕەوابتی بەهەمهێنانــەوە گرێ نــادات، بەڵکوو بەقــا و مانەوەی دەسەلات بە ڕادەی بەشداری و دەخاڵەتی دەسەلاتی سیاسی، لە "کۆمەڵگای مەدەنی"دا دەزانێت.

هیتلێر کەســێکی نەخۆش و دەســەلاتخواز نەبوو، بوڵکوو نوێنەری جۆرێك ڕوانگە و خوێندنەوە لە نیزامی سەرمایەداری بوو کە لە ئاڵماندا بە دژی شــۆڕش کە سەرەتا و ئاسۆکەی دەرکەوتبوو و هەروەها بۆ ڕکابەری لەگەڵ ئەمپڕیالیستەکانی دیکە دەوری دەگێڕا.

**سەرچاوە: ژومارە یەکی وەرزنامەی سامانی نەو**

* * *

# مارکس بابەتی سەردەمی ئێستاشە!

## " بە بۆنەی یەک سەد و پێنجەمین ساڵیادی مەرگی مارکس "

سەرچاوە: جیهانی ئیمروز
و:کەیم ئەمانی



له چوارده‌هه‌می مارسی ساڵی ١٨٨٣ وه تا ئێستا، ١٢٥ ساڵ به سەر مێژوی مەرگی مارکس دا تێپەر دەبێت. مارکس لە زومرەی ئەو بیرمەندە شۆرشگێرانەیە کە بۆ هەمیشە لە مێژوودا دەمێنێتەوە. ئەو لە سەدەی نۆزدەهەم دا ژیا، بەڵام پێوەندی بە ئێستا و داهاتوی کۆمەڵگای بەشەرییەتەوە هەیە. ئەو تئۆریانەی کە مارکس باسی لێوە دەکردن و فۆرمۆلەی کرد، ڕێگای رزگاری واقعی ئینسان لە چنگ نیزامی چەوسێنەرانە و دژی ئینسانی سەرمایەداری نیشان دەدەن. تئۆریگەلێکی کە راستی و دروستی جەوهەر و ناوەرۆکی ئەو، ئەمرۆکەش هەروا قسەی ئەوەڵ دەکات. نیزامی سەرمایەداری لەم عەسرەدا پڕ مەینەتی ترین و تاقەت پڕوکێن ترین ژیانی بە سەر ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش دا سەپاندووە. شەڕ، بێکاری، برسێتی، هەڵاواردنی جنسی، فەزای پڕ لە خەفەقان و سەرکوت، پەرەسەندنی فەرهەنگی تاك گەرایی و خود پەرەستی، کێ بڕکێ و دەیان بەڵاو موسیبەتی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی تر، لە تایبەتمەندییەکانی نیزامی سەرمایەداری لە سەردەمی ئیستادان. ڕێکخراوە جیهانیەکانی سەرمایە، لەوانە سندوقی نێونەتەوەیی پووڵ و بانکی جیهانی، لە سەر دیاری کردنی شکڵ و شێوازی دەسەڵاتدارێتی وڵاتێك رۆڵی گرینگ وبەر چاو دەگێرن. وڵاتە ئیمپریالیستەکانی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا، بۆ پەرەدان بە بازاڕی ژێر نفووز و دەسەڵاتی خۆیان و هەروەها لە کێبرکێ لە گەڵ رەقیبەکانیان کە ئەوانیشی دەستی کەمێکیان لە ئامریکا نیە، دەست دەدەنە دەسدرێژی و نیزامی و داگیرکاری لە دژی وڵاتەکانی تر، ئەوانەی لە بارەی نیزامیەوە لاوازتر، بەڵام لە باری سەرچاوەی سروشتی و ژێر زەمینی دا دەوڵەمەندن.
کۆتایی شەڕی سارد تەنیا بە مانای کۆتایی جیهانی دوو جەمسەریە، نەك بە مانای کۆتایی هاتن بە کێ بڕکێی نێوان هێزە ئیمپریالیستیەکان لە گەڵ هێزی تاقانە و هەتا هەتایی ئامریکا. ئەمرۆ لانی کەم چوار جەمسەری ئیمپریالیستی لە حاڵی کێ بڕکێی و ململانێ کردن لە گەڵ یەکتری دان: ئامریکا، یەکیەتی ئوروپا، چین و روسیە، هەرکامەیان لە سەر ئەساسی ئەو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریانەی کە بە شوێنیەوەن، لە گەڵ یەکتری دا دەکەونە دژایەتی کردن و کێ بڕکێ. پەرەدان بە سنوور و چوار چیوەی دەسەڵات لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی ئابووریی، سیاسی و پەرەسەندنی بازاڕ، سیاسەتێکە کە رەچاو کردنی سیاسەتی شەڕ خوازانە وداگیر کاری و دەسدرێژی نیزامی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، سیاسەتێك کە ئیمپریالیستی ئامریکا و ئوروپا رەچاوی دەکەن.
لە زاویەیەکی ترەوە، کۆتایی شەڕی سارد، بە واتای شکست و پاشەکشە کردنی سەرمایەداری دەوڵەتی و داماویی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد بە حیساب دێت. دەیەی نەوەدی زایینی، دەیەی دەسدرێژی کردن بۆ سەر چینی کرێکار لە ئاستی

جیهانی دا و هەروەها دەسدرێژی بۆ سەر ئەو دەست کەوتانە بوو کە کرێکاران لە ئاکامی خەبات و تێکۆشـــانی خۆیاندا بە دەســـتیان هێنابوو. لە دەیەی ١٩٩٠ دا بە هۆی گەشەی ســـەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، گەرایشی ناسیۆنالیستی لە ناو جەرگەی ئوروپادا ســـەر لە نوێ سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات. وڵاتی یۆگسلاوی دروست دەبێت و لە نێوان خەڵکانێك کە تا ئەو کات لە پەنا یەکتردا و شـــان بە شـــانی یەکتر لە ئاشـــتی و ئارامشـــێکی تەواودا کاریان دەکرد و ژیانیان بە سەر دەبرد، ناکۆکی و دوژمنایەتی دروست دەبێت و تەنانەت چەندین شـــەڕی خوێناویش روو دەدات. لەو زەمەنەدا هێرش و دەسدرێژی بۆ سەر کۆمۆنیسم بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو. جیهانی ســـەرمایەداری و لیبرالیسمی هەوســـار پچڕاو لە ژێر ناوی دژایەتی لە گەڵ شـــۆڕەوی پێشوو، کۆمۆنیسم و سۆسیالیســـم و چینی کرێکاریان کردبووە ئامانجی سەرەکی خۆیـــان. ئەو کات رایانگەیاند کـــە مارکس مردووە و ئیتر پێوەندی بە مێژووی رابردووە هەیە.

بورژوازیـــی هار و ریاکار لە ئاســـتی جیهان دا هیچ کات ترس و وەحشـــەتی خۆی لە مارکس و مارکیسم نەشاردەوە. ئەوان تەنانەت لە کاتێکیش دا کە لە ئەوجی قودرەت دابوون، دەســـتیان دەدایە بەســـیجی فەرهەنگی و سیاسیی لە دژی مارکس و مارکیســـم. ســـازمانە ئیتلاعاتیەکانی ئامریکا کۆمەڵێك لە ئوستادە لێهاتووەکانی زانکۆکانی بەکرێ دەگرت تا لە زانکۆکانی وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا بە رەوایەتێکی تەواو دەستی راستیانە، باس لە مێژوو بکەن و شکستی کۆمۆنیسم و مارکیســـم بە گوێی جیهانیان دا بچرپێنن. بەڵام خەیاڵی خاو بوو.

واقعیـــات و ناکۆکیەکانـــی دنیای ســـەرمایەداری، ئەوەندە بەرچاو و تـــاڵ و بەرفراوان بوون کـــە، دەیەیەك دواتر، لە لایەکەوە بورژوازی دەبوایە لە ئاســـتی جیهاندا رێگاچارەی بەرانبەرکێ لە گەڵ ئەو قەیرانـــەی کە لە گەڵی بەرەوڕوو بوونەوە بدۆزنەوە و لەلایەکی تریشـــەوە شایەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی خەبات و تێکۆشـــانی چینی کرێکار بووین لە دژی ئەو دەســـدرێژیانەی کە دەکرایە سەر ژیان و گوزەرانیان و هەروەها بۆ دیفاع و پاراستنی دەست کەوتەکانیان.

شەپۆلی دەسدرێژییەکانی نئۆلیبرالیسمی هار، لە دەیەی ٩٠ دا دامرکایەوە و هاتنە ئارای خەباتی کرێکاریی بۆ جارێکی تر زیندوو بوون و گەڕانەوەی مارکسی راگەیاند.

گەڕانەوەی مارکس لە سەردەمی نوێدا، هیچ شتێك نیە بێجگە لەوەی کە کۆمۆنیسم و ئەو جیهان بینییە کۆمۆنیستیەی کە مارکس داڕێژەری ئەســـڵی ئەو بوو، لـــە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی دا، ســـەرەڕای بوونی هەر خاڵێکی بەهێز و لاواز، حزووری هەیە و لەم هاوسەنگی هێزی چینایەتیەدا بە خەباتی خۆی لە دژی سەرمایەداری و بۆ بەدەست هێنانی ئەو ماف و داخوازیانەی کە پێوەندی راستەوخۆیان بە کار و ژیانی خۆی و هەروەهـــا بە خەبات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاوە هەیە، درێژە دەدات.

***

## ماتریالیسمی دیالکتیک و پڕۆسەکان:

خاڵی دەســـت پێکی مارکس لە ناسینی جیهان، وەك هێگل دەڵێت، پرۆسەکانە نەك شـــتەکان. بۆ نموونە "تۆوی" داری ســـنەوبەر کە وەك " شـــت " دێتە بەرچاو، بەڵام لە راستی دا دەبێت لە قۆناغی گەشـــە و بوون بە داری ســـنەوبەر دا ســـەیری بکرێت. بۆ ئەوەی کە ئینسان وەك پرۆسەیەك چاو لە چرۆی ســـنەوبەر بکات، پێویســـتە لە ئاســـتی رواڵەتی قوولتـــر بڕوانێت، واتا بە ناخی شـــتەکە دا بچێتە خوارەوە، ئینســـان دەبێ جەوهەری ئەو ببینێ. بـــە بۆچوونی هێگل ئەم جەوهەرە، پتانســـێلی گەشـــە و بوون بە ئەو دارەیە کە هەڵگری کۆمەڵێك ناکۆکیە لە پێوەند لە گەڵ ئەو شـــتەی کـــە بە رواڵەت دەی بینین. ناکۆکی گەلێکی لەو چەشـــنە، لە واقعیەتەکاندا گەلێکن و هەر شـــتێکی کە بوونی هەیە، هەڵگـــری کۆمەڵێك لەم ناکۆکیانەیە و هـــەر ئەم تەناقز و ناکۆکیانەشـــە کە هۆکارەکانی گەشە و ئاڵوگۆڕ لە هەموو شتەکاندا پێك دەهێنێ.

مارکـــس بە تێکەڵاوێـــك لە رەوشـــی دیالکتیکی هێگل و ماتریالیســـمی فۆئرباخ، پایەکانی ماتریالیسمی دیالکتیکی داڕشت و بەم قاعیدەیەش هەوڵی دا تا قۆناغەکانی گەشە و تەکامولی جیهان شی بکاتەوە. لینین لەم بارەیەوە دەنووسێت: ماتریالیسمی مێژوویی مارکس بوو بە مەزنترین سەرکەوتنی فکری و عیلمی. ئەو ئاڵۆزی و بێ ســـەرە و بەریەی کە تا ئەو کات بە ســـەر بیر و بۆچوونەکانی پێوەندی دار بە مێژوو و سیاسەت دا زاڵ بوو، بە شێوەیەکی سەرسوڕ هێنەر جێگای خـــۆی دا بە تئۆریەکی هەمەلایەنە و گونجاوی عیلمی، کە نیشانی دەدا چۆن بە هۆی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، لە ساختمانی ژیانێکی تری کۆمەڵایەتی کە لە ئەو باشتر و باڵاترە سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات.

بۆ نموونە، لە سرواژی سەرمایەداری دێتە دەرەوە.

***

## ئابووری:


بۆ مارکـــس رژیمی ئابوریی پایەیەك بـــوو کە رووبەنای سیاسی لەسەر ئەو دامەزرا بوو. مارکس ئابوریی کۆمەڵگای هاوچەرخ، واتا سەرمایەداری لە گرینگترین بەرهەمی خۆی" سەرمایە" دا داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. عیلمی ئابوریی

کلاسیك بەر لە مارکس لە ئینگلستان، واتا پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداری دا بە وجود هات." ئادام ئیسمیت" و" داوید ریکاردۆ" وێڕای لێکۆڵینەوە لەسەر رژیمی ئابوریی، بناغەی ئەرزشی بە دەست هاتوو لە کاری دارِشت. مارکس ئەو کارەی ئەوانی درێژە پێدا. ئەو نیشانی دا کە ئەرزشی هەر کالایەك، لە رووی بری ئەو کاتە کارە پێویستە بە کۆمەڵەی کە لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئەو کالایە دا سەرف کراوە، دیاری دەکرێت.

لەو رووەوە کە ئابوریی زانانی بورژوازی پێوەندیەکانی نێوان شتەکان "ئەشیا"یان بەدی دەکرد (گۆڕینەوەی کالا لە بەرانبەر کالا دا)، مارکس پێوەندیەکانی نێوان تاکەکانی دۆزیەوە. گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنی کالا، پێوەندی نێوان بەرهەم هێنەرە جۆراوجۆرەکانی بە وەسیلەی بازاڕ خستە ڕوو. پوولْ باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە ئەو پێوەندیە پتر لە هەمیشە لێك هەڵپێکراوە، ژیانی ئابووریی سەرجەم بەرهەم هێنەرە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی لەپسان نەهاتوو بە یەکەوە گرێ دەدات. سەرمایە هۆکاری سەرەکیە بۆ پەرەسەندن و پتەوتر بوونی دواتری ئەم پێوەندیانە:

هێزی کاری ئینسانی تەبدیل بە کالا دەبێت. کرێکاری رۆژکار، هێزی کاری خۆی بە خاوەنانی زەمین، کارخانە و خاوەن کەرەسەی بەرهەم هێنان دەفرۆشێت. کرێکار بەشێك لە کاری رۆژانەی خۆی سەرفی تێچوونەکانی هەزینەی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەکات، واتا لە بری ئەو بڕە حەقدەستەی کە وەری دەگرێت. بەشەکەی دیکەش بە خۆڕایی کار دەکات و بۆ سەرمایەدار ئەرزشی ئیزافی واتا زێدەبایی دەخوڵقێنێ، کە سەرچاوەی قازانج و سەرچاەی سامانی چینی سەرمایەدارە.

سەرمایە هاوکات لەگەڵ بە شکست کێشانی ناوەندە بەرهەم هێنەرە چکۆلەکان، هێزی بەرهەم هێنەری کار دەباتە سەرێ و مەوقەعیەتێکی یاوانخوازانە بۆ یەکیەتیەکانی سەرمایەدارە گەورەکان دەخوڵقێنێ، خودی بەرهەم پتر لە هەمیشە کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆنەها کرێکار لە ئۆرگانیسمێکی ئابوری رێك و پێك دا بە یەکترەوە پەیوەست دەبن و لە هەمان کات دا حاسڵ و بەرهەمی کاری گشتی لە لایەن کۆمەڵێك لە سەرمایەدارەکانەوە دەستی بەسەر دا دەگیرێ، ئاڵۆزی و بێ بەرنامەیی لە بەرهەم هێنان دا، قەیران، هەوڵی سەر لێشێواوانە بۆ بە دەست هێنانی بازاڕ و نەبوونی دابین کردنی کۆمەڵایەتی رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ. رژیمی سەرمایەداری، بە بردنە سەرەوەی ئاستی وابەستە بوونی کرێکاران بە سەرمایە، هێزی عەزیمی کاری یەکگرتوو پێك دەهێنێ.



***

## خەباتی چینایەتی:

سوسیالیسمی سەرەتایی، سوسیالیسمێکی خەیاڵی بوو. سوسیالیسم کۆمەڵگای سەرمایەداری دەدایە بەر رەخنە، سەرکۆنەی دەکر، لەعنەتی بۆ دەنارد، ئاواتی لە ناوچوونی

بۆ دەخواست، رژیمێکی باشتری لە خەیاڵی خۆیدا فۆرموڵە دەکرد و تێدەکۆشـــا تا خاوەن ســـەروەت و سەرمایەکان بەو قەناعەتـــە بگەیەنێت کە چەوســـاندنەوە ئەمرێکی بە دوور لە ئەخلاقە.

بەڵام سوسیالیســـمی خەیاڵی نەی دەتوانی کە رێگا چارەی واقعیی نیشان بدات. ئەم سوسیالیسمە، نە دەیتوانی هۆویەتی بە کۆیلە بوونـــی کرێکار لە هەلومەرجی ســـەرمایەداریدا روون بکاتەوە، نە ئەســـڵ و پێوەرەکانی گەشـــە و تەکامولی ئـــەو بدۆزێتەوە و نە ئەو هێـــزە کۆمەڵایەتیەی کە دەتوانێت خوڵقێنـــەری کۆمەڵگایەکی نوێ بێت پەیـــدا بکات. ئەمە لـــە حاڵێك دا بوو، ئەو شۆرشـــە جەماوەرییـــە فەراگیر و هەڵچوانەی کە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و چینە جۆراوجۆر و مامناوەندەکانـــی تری بەرە و توانەوە و لە ناوچوون دەبرد، لە هەموو شوێنێکی ئوروپا و بە تایبەت لە وڵاتی فەرانسە، رۆژ بە رۆژ زیاتر و بەرچاوتر خەباتی چینەکانی، کە جەوهەر و بنەمای ســـەرجەم تەکامول و هێزە پاڵنەر و بزوێنەرەکانی ئەوە، ئاشکرا دەکرد.

زەکاوەت و وشیاری مارکس لەوەدایە کە ئەو یەکەم کەسێك بوو کە توانی لێرەدا بەو ئاکامە بگات کە مێژووی جیهان فێری دەبێت و هەروەها توانی بە شـــێوەیەکی پەیگیر بەدواداچوون بۆ ئەو ئاکامـــە بکات. ئەم ئاکامە فێرکراوەیە کە لە پێوەند لەگەڵ شۆرشـــی چینایەتیدایە. بـــە مەرجێك کە تاکەکان فێـــری ئەوە نەبن کە لە پشـــتەوەی هەر کام لە رســـتەکان، قەول و بەڵێنیە ئەخلاقی، ئائینی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دا، بە شـــوێن بەرژەوەندی چینە جیـــاوازەکان دا بگەرێن، هەمیشە بە شێوەیەکی نائاگایانە دەبنە قوربانی فێڵ و فریو و خـــۆ فریودان، لایەنگرانی ریفۆرم و ئیســـلاحات، تا ئەو کاتەی هەســـت بەوە نەکەن کە هەر ناوەند و دامەزراوەیەکی کۆن، بە هەر رادەیەکیـــش ناحەز و بێ کەڵك بێنە بەرچاو، پشـــت ئەستوور بە هێزی چینێك لە چینەکانی دەسەڵاتدارە، بەردەوام لـــە لایەن لایەنگرانی نەزمی کۆنـــەوە بە نەزان و ساویلکە دەژمێردرێن. وە، بەڵام بۆ تێك شکاندنی خۆراگری و بەرهەڵســـتکاری ئەم چینانە، تەنیا یەك وەسیلە وجوودی هەیـــە: ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین ئەو هێزانە، بدۆزرێنەوە و بۆ خەبات بار بهێندرێن و رێك بخرێن کە دەتوانن و، بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خۆیان، دەبێت هێزێك پێك بێنن کە بتوانێت کۆتایی بە نەزمی کۆن بهێنێت و نەزمێکی نوێ دابمەزرێنێت.

تەنیا ماتریالیســـمی فەلســـەفی مارکس بـــوو کە توانی رێگای رزگار بوون لە دەســـت ئـــەو کۆیلەتیە مەعنەوییەی کە تەواوی چین و توێژە ســـتەم دیتوەکان تا هەنووکە تێیدا ســـەرگەردان بوون، بە پرولتاریا نیشان بدات. تەنیا تئۆری ئابوریـــی مارکس بوو کە هەلومەرجـــی واقعیی پرولتاریای لە نیزامی گشتیی ســـەرمایەداریدا شیی کردەوە. پرولتاریا لە درێـــژەی خەباتی چینایەتی خۆی دا پەروەردە دەبێت، پتر لە هەمیشـــە یەکگرتوو دەبێت و فێری ئەوە دەبێت کە چۆن رادەی سەرکەوتنەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێ، هێزەکانی خۆی لە کلر دەردەهێنێ و بە شـــێوەیەکی بـــێ وێنە هەڵدەدات و گەشە دەکات. ئاوردانەوەیەك لە بەرهەمەکانی مارکس دەری دەخات کە ئێمە دەتوانین لە ســـەدەی بیست و یەك دا وەڵام بەو ســـەختی و دژواریە بە رواڵەت ئاڵۆزانەی کە بەرهەمی نیزامی سەرمایەدارین بدەینەوە.

جیهانی ئەمرۆکە لە چاو ١٢٥ ساڵ لەمەوبەر، ئاڵوگۆرێکی زۆری بەســـەردا هاتووە. ئێمە هەنووکە لە جیهانێك دا دەژین کە گەشـــە و پێشکەوتنەکانی ســـەنعەت و تەکنۆلۆژی بەو پەری خۆی گەیشتووە. بە مەرجێك کە کامپیوترێکت لەبەر دەســـت دا بێت و دەســـتت بە هێڵی ئەنترنێـــت رابگات، لە سوچێکی ژوورەکەتەوە دەتوانی زۆر بە خێرایی لەسەر تەواوی هەواڵ و رووداوەکانی جیهان زانیاری بەدەســـت بێنێ، کە بە واتایەکی تر ئەم سەردەمە" ئەنفۆرماتێك" دەناسرێت.

لە سەنعەتی ئەسلەحە سازیدا کە پێشکەوتنەکان هیچ حەد و سنوورێك ناناسێت، دەوڵەتە سەرمایەدارەکان ساڵانە بە سەدان ملیارد دۆلار لە پێناو چەکە موتەعارف و ناموتەعارفەکان واتا چەکە ئاســـایی و نائاســـاییەکان دا سەرف دەکەن، کە ئەگەر تەنیا یەك لە ســـەدی ئەو رێژەیەیان بۆ دانیشـــتوانی وڵاتێك تەرخان بکردایەت، دەیانتوانی زۆر یەك لە گرفت و کەم و کوریە کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکەن.

مەســـەلەی ئەســـڵی ئەوەیە کە ســـەرەرای تـــەواوی ئەو پێشـــکەوتنانەی کە روویداوە، بەڵام هیچ گۆرانکاریەك لە ئەساسی مەسەلەکە دا پێك نەهاتووە:

کۆمەڵگای ســـەرمایەداریی کە دابەش بووە بە ســـەر دوو چینـــی دژ بە یـــەك دا، تێیدا، ســـەرمایەدار رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەندتـــر و چینی کرێکار هەژارتـــر دەبێت. تا نیزامی ســـەرمایەداری لـــە گۆرێدا مابێـــت ناڕەزایەتی، خەبات و خۆراگری لە دژی ئەو سیســـتمە ئەمرێکی سروشتی دەبێت و مارکس و تئۆریە مارکسیستیەکان هەر وا چرای روناکی بەخشـــی بزووتنەوەی چینی کرێکارن بۆ گۆرینی ئەو جیهانە پێچەوانەیە و بـــۆ رزگار بوون لە چنگ چەوســـادنەوەی سەرمایەداران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ... .

بەرز و بەرێز بێت یاد و بیرەوریەکانی مارکس.

* * *

# هونەر دەنگدانەوە نیە، کوتکە

ن: تارا نەجم ئەحمەد
لە فاسی یەوە: محەممەد حەمامیان



لە کۆمەڵگایەك دا کە هونەر وەك دیاردەیەکی پیرۆز و نێردراوە یان دەسکردی خودایی گومان دەکرێت، هێنانە خوارەوەی لە ئاسمان بۆ سەر عەرز و باس کردن لەوەی کە هەیە و مشت و مڕی ڕاستەقینەی ئێمەیە لە ژیان دا، کارێکی ئاسان نیە.

توانایی کۆنتڕۆڵی ئەو ناڕەزایەتی و دژایەتییە لەگەڵ دۆخی ئێستای کە بە خوڵقاندنی هونەرێك کە لێهاتوو و کاریگەر بێت و تەنیا ڕێگایەك نەبێت بۆ دەربڕینی گلەیی و نیشانی ناڕەحەتی، سەرەکی ترین تەوەرەیەکە، کە لەو نوسراوەیەدا، باسی لێدەکەین.

بەشی هەرە زۆری مێژووی هونەروئەدەبیات و مۆسیقای ئێمە مێژوویەکی خەباتکارانە و موحافزەکارانەی هەیە کە ڕێز لە خۆی دەگرێت و کەمتر لە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گشتی وەك یەکێك لە ئازادترین وێنەکانی دیالۆگی هونەر و جەماوەر و یەکێك لە ڕێگاکانی تێك شکاندنی ئەو کەش و هەوا بەربەست کراوە و بە ڕواڵەت نوخبە گەرایەی هونەرمەندان و هەروەها پەیوەندیەکە لەگەڵ ئاستێکی بەربلاو تری کۆمەڵگا وشکلێکە لە نواندنی هونەرێك کە لە پێوانە لەگەڵ گالوری و پیشانگاکان دا لەگەڵ تەیفێکی جۆراو جۆر تری کۆمەڵگا پەیوەندی دەگرێت و خۆی بە سەر جەماوەری سەر شەقامەکان دا، دەسەپێنێ.

هەر چەند شەقامەکان و حزوری ناڕەزایەتی لەواندا، لە دەوڵەتانی نا دیموکراتیك بە توندی سیاسی و کۆنتڕۆڵ کراوە و بەربەستە، بەڵام لە شکڵی گشتی خۆیدا، شەقام وەك تاکە شوێنێکی هەندەسیە بۆ سەرهەڵدانی حەرەکەتێکی بە کۆمەڵ، بۆ ئەو چین و توێژانەی کە لە لایەنی ساختارییەوە هیچ چەشنە ڕێ و شوێنێکی دیاری کراویان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیەکانیان نیە و هەروەها شوێنێکیشە بۆ خۆپیشاندان.

حزوری لایەنە ناڕازیەکان لە سەر شەقامەکان بە بەکارهێنانی هونەری تیئاتر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی ڕاستەوخۆ و بە دوور لە سانسۆر بۆ ئێمە کە لە ئەزمونی حزوری ئازادانە لە شوێنە گشتیەکان، بێبەش بووین، کەمێك سەیرە، بەڵام بەڕێوە بردنی چەند تیئاتری سەربەخۆ لە سەر شەقام کە لە دوو مانگی ڕابردوو دا، لە تاران بەڕێوە چوو، ئەوەی سەلماند کە ئیمکانی حزوری گروپەکانی سەربەخۆی هونەری بۆ دەربڕینی خواست و ڕەخنە و گازندەکانیان، هەروا، لە ئارادایە.

هەر چەندە لەو جێگایەوە کە زۆربەی لایەنە هونەرییەکان بەشێکن لە سەنعەتی گەندەڵی فەرهەنگ سازی و هەروەها بۆ پاساو کردن و پاراستنی بارودۆخی ئێستاکەن و هەر شێوە دژایەتیەکی هونەری لەگەڵ دۆخی ئێستا دا، بە کارێکی سیاسی ناوی لێدەبرێت. لە دەرئەنجام دا، لایەنە ناڕازیەکان دەبێ بە دوای پێك هێنان و پروپاگەندە بۆ هونەرێکی هەڵرسکاو، کەم خەرج و لێهاتوو بن، هونەرێك لە" جۆری خودی بزوتنەوە" کە چەند داستانێکی تازە و چکۆلە لەخۆ بگرێت کە نایەنە بەر چاو یان بە گشتی گرینگیەکیان پآ

نادرێت.

لایەنگرانی" هیپ نینگ" ئەو بایەخە هونەریانەی کە لە کۆتایی دا خزمەت بە مســـۆگەر کردنی بەرژەوەندی نیزامی بورژوایی و سیســـتەمی ئێستاکە دەکات، رەت دەکەنەوە. لە روانگەی ئەوانەوە ئاســـەوارێکی هونەری هێندەش بە کەڵك و مانا نیە و دەبێ لەو هونەرە، روداو دروست بکرێت.

" دادائیستەکان"( ١٩١٥-١٩٢٢) بۆ یەکەم جار نارەزایەتی و ناتەبایـــی خۆیان لەگەڵ جەریانە هونەرییەکانی ئەو وەخت لە چوارچێوەی حزور لە شوێنە گشـــتیەکان و بەرێوەبردنی چەنـــد کارێکـــی دژە باو و بە نواندنی چەندین ئاســـەواری هونەری کە دواترەکان لە مێژووی هونەر دا، دژە هونەریان پێ دەوتن، دەست پێکرد.

ئەوان بەردەوام خۆیان نیشـــانی خەڵك دەدا و ســـەرەرای دژایەتی ساڵون و پێشـــانگاکان بە سەر سەختیەکی زۆرەوە، حزوری جیاوازی خۆیان دەبردە شوێنە گشتیەکان.

لـــە چەند گروپێکی چکۆلە و بە بـــێ دیکۆر و تەنانەت مەتنێکی دیاری کراو، دەســـتیان بە قســـە کردن دەکرد، بە ئاشـــکرا سوخەنرانیان لە دژی نیزامی هونەری بورژوازی ئەو کات دەکرد و هەر کاتێکیـــش لە بەرێوەبردنی کارەکانیان دا توشـــی گرفت دەهاتن، لە" جەستەی خۆیان" وەك کۆمەکێك لە لیباس و ئەو هەڵســـوکەوتانەی کە دژە باو بوونن کەڵکیان وەردەگرت. ئـــەوان لە مابەینـــی تیئاترەکانـــدا، بڕدراوەی رۆژنامەکان و قسە جیدیەکانی سیاسەتمەدارەکانیان سەر لە نـــوێ دەخوێندەوە، ئەویش بە بێ هیـــچ گۆرانکاریەك، بەڵام خەڵـــك زۆریان پێـــی پێدەکەنین و تەنانـــەت جارنەجاریش لەگەڵیان دەرگیر دەبوون کە ئاکامەکەشـــی دەبوو بە گرتن و لێدانیان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە.

دادائیســـتەکان بە سیاسەتێکی لێهاتوانە، زیندوو تەنانەت روخێنەرانەشـــیان، نیزامـــی ســـەقام گرتووی ئـــەو کاتیان رەتدەکردەوە. بە بوێریەکی هەرچـــی تەواوترەوە، بە خۆیان و خەڵکانی تر، پێ دەکەنین! و بە بەرێوەبردنی چەند هونەرێکی نەنوســـراو و شـــۆخی بەردەوام، دەبوونە هەرەشەیەکی جیدی بـــۆ بایەخەکانی جوان ناســـی و هونەری بـــاڵای موزەکان و تیئاترەکانی دارا و بورژوایی دەورانی خۆیان.

تیئاتر، نوســـراوە و شـــێعرەکان، پراو پـــڕن لە رووداوی سەرســـورهێنەر بە شێوەیەك کە بۆ یەکەم جار دەستیان دایە دژایەتـــی جیدی لەگەڵ" جوان بوونی هونەر" وەك مەرجێکی سەرەکی بایەخ دانان یا بە کەڵك زانینی ئاسەوارە هونەریەکان و ئەو ناتەباییەشـــیان بە داســـەپاندنی نارەزایەتی جیاوازی خۆیان بەسەر هەمواندا، نیشان دەدا.

یەکێکـــی دیکە لـــەو گروپە تیئاتـــرە نارازیانەی کە لە ساڵەکانی ٦٠ لە ئامریکا چالاکی دەکرد، گروپی تیئاتری نان و عەروسەك یان بە واتایەکی تر،" نان و بوکەڵە" بوو، تیئاتری نـــان و بوکەڵە بوو بە غونچەیەك بۆ ئەو گروپە تیئاترە زۆر و جوانانەی کە هەوڵیـــان دەدا، خۆیان لە هونەرە جێکەوتوو و رەســـمیەکانی ناو کۆمەڵگا رزگار بکەن تا بە شێوەیەکی راستەوخۆ باس لە ژیانی راستەقینە و رووداوەکان بکەن. ئەو تیئاترە بە تایبەتی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەیەك هەبوو کە لەگەڵ رەگەز پەرەســـتی و شەر بەرامبەرکێی دەکرد. ئەوان پشـــتیان لە نیزامێك دەکرد کە ســـەرجەم شێوەکانی هونەری لە چەنـــد ناوەندێکی دیاری کراو و ســـەقام گرتووی خۆی دا لەوانە (لە شـــوێنی تیئاتر و کلیســـاکان)، حەشار دابوو. ئەوەش لە راستیدا شێوەیەك بوو بۆ هاتنە دەرەوە لە ساختاری هەمیشەیی تیئاتر و خەڵك" یانی تیئاتری حاشیەیی".

هیچکام لە گروپەکانی هونەری رادیکاڵ یارمەتی ماڵیان لە ناوەندەکان وەرنەدەگرت. ئەوان لە دیکۆر و لیباس و شوێنی پڕ زەرق و بەرق، کەڵکیـــان وەرنەدەگرت، ئەکتەرەکانیان بە شێوەیەکی ئازاد رۆڵەکانیان دەگێرا. مەتنێکی دیاری کراویان نەبـــوو، کە خۆیانی پێ ببەســـتنەوە. مەتنی تیئاترەکانیان بە شـــێوەیەکی ئاسایی لە پرۆســـەی کار یان دا بە کورت ترین شێوە، ساز دەکرا.

لەو تیئاترە دا، گروپەکە چەند شێوەیەکی جیاواز لەیەکی بەرێوە دەبرد، شێوەیەکیان نیشان دانێکی بە تەواو سەرەتایی و پلان ریژی نەکراو بوو لەسەر شەقامەکان. لە هەندیك بابەتی دیکـــەش دا، گروپی تیئاتر بە بۆنەی رووداوە جۆراوجۆرەکان دەچووە سەر شەقام و نارەزایەتیەکی کەم و نمادینیی بەرێوە دەبـــرد کە لەوانە بوو کاریگەریەکی زۆر و تایبەتی بۆســـەر راگەیانـــدن نەبایە، بەڵام هەر لەو رادەیـــەش دا، بە بەکایە گرتنی نەزم و گوشاری سەربەخۆ، خەوشدار بوون و تەنانەت بێ بایەخی وردەکاری و لایەنەکانی هێز و دەســـەڵاتداریەتی نیشان دەدا.

بۆ وێنە، خۆپیشاندەران چەند کیسەیەکی نایلۆنی چکۆلەی پڕ لە خوێنیان لەگەڵ خۆ هەڵدەگرت و لە کاتی رەخساو دا کە پۆلیس باتومەکانی خۆیان هەڵدێناوە ئەو کیسە خوێنەیان بە ســـەر و چاوی خۆیان دا دەپرژاند. لە راســـتیدا تیئاتری حاشـــیە بە رەتکردنەوەی پێکهاتە و ساختاری سیستەمی ئەو کات و وەك تیئاترێ، هەوڵی دەدا تێکەڵاوی راستیەکان بێت. تیئاتر تەنیا نیشـــان دانی روداوێك نیـــە. بەڵکو، کردەوەیە، خولْقاندنی روداوێکە، لێرەدا پرژاندنی خوێن بە سەر و چاوی رێبوارەکانی سەر شـــەقام دا، ناوەرۆکی نیزامی سەرکوتگەر و جێکەوتوو، بە شـــێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ تانە و لۆمە لێدان بە کەسەکانی نیشان دەدا و جیاوازی کات و ورەیە کە لە نێوان باتومێکی نەهاتووە خوارەوە و باتومێکی سەرکوتگەر، کە لە کردەوەدا، دەبوو بە شتێکی هیچ!


لە ســـاڵی ١٩٧٠ بەشـــێك لە تیئاتری" نان و عەروسەك" جیابۆوە و تیئاتری ســـەر شـــەقام لە ناخی دڵەوە پێك هات.

ئـــەو گروپە ١٢ کەســـەیە لە شـــەقامەکان دا جـــم و جۆڵی دەکرد و زۆر ســـاکارانە دەردی دڵیان لەگەڵ رێبوارەکان دەکرد. ئەوان بە مەبەســـتی بەرگری لە ژنان چەند تیئاترێکیان لەسەر شەقامەکان بەڕێوە برد و هەروەها گروپی" نان و عەروســـەك" بۆ خۆیان بوکەڵەکانیان دروست کرد و راگەیاندنەکانی خۆیان ئامادە و رۆژنامەیـــان جێبەجآ دەکرد و ئەوانەیان لە ئاستی شاردا بڵاو دەکردەوە.

شـــێوەی دەربڕینـــی ئـــەو نارەزایەتیانە بـــە پێچەوانەی" دادائیستەکان" باس و موناقشە و بشێوی نەبوو، کاتێك ئەندامانی شورای مەحەللی بۆ قسە و باس لە بارەی تیئاتـــر دەچوونە ئەو بنکەیە، گروپەکە ئەو شوێنەی بەجآ دەهێشـــت، چونکە ئەرکی ئەوان قسە و باس کردن نەبوو. بەڵکو هەوڵی ئەوان لە پێناو" دەستپێکی قسە و باسەکان" بوو، ئەویش لە کەش و هەوایەك دا کە باس کـــردن و رەخنە گرتن، لە بیر چوبۆوە. رێپێوانی نارەزایەتیـــان پڕ بوو لە رەنگ و تەنز و لۆمە و گازندە بۆ بە گاڵتە گرتنی نیزام و سیاسەتمەدارانی جیدی و وشك کە رەخنەیان لەسەریان هەبوو، کەڵکیان وەردەگرت.

دەیانەویســـت کاریگەریەکی کۆمەڵایەتی بە هونەر بدەن بـــۆ ئەوەیکە هونەر لەو وەهمە جوانیە، بۆ شـــایەتێکی حەق بە دەســـت بۆ ژیانێکی راستەقینە، بگۆڕن. کاری عەمەلی و ویســـتی ئەســـەرێکی هونەری لە کارتێکردنی ئەو لەسەر کەســـەکان و لە کۆتاییدا لەســـەر داهێنانی کەسەکان بوو، بۆ دەربڕینی نارەزایەتیەکانیـــان، بەرامبەر بە کار و کردەوە کۆمەڵایەتی یەکانی خۆیان و نەك تەنیا نواندنی بەرنامەیەکی بە رواڵەت باش.

تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەو هونەرە لە شێوەی نواندنی دایە. شێوەی نیشاندانی ئەو ئەسەرە هونەریانەش بەشێکی گرینگ لە ناسنامە و کاریگەری و ناوەرۆکی ناتەبا بوونی ئەوانە. لە راستیدا و لەو جێگایەوە کە سەرجەم ئەو تیئاترە نارازیانە لە بابەت ئابوریەوە هەژاران، ئەو هەژاریە بۆ ئەوان بە شێوەیەکی تایبەتی، دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دۆخی ئێستاکە. ئەوان لە شوێنەکانی هەرزان بایی وەکوو، گاراج یان سالۆنی هەرزانی گشتی، یان خانوبەرە خاڵیەکان و ئەگەر کوو




بۆیان بکرێت لە شەقامەکان کەڵك وەردەگرن. ئەو جۆرە بەڕێوە بردنەی تیئاتر، دەمەقاڵە و قســـە و باسی هەڵدەخڕاند، رۆڵی بنەڕەتی تیئاتری سەر شەقام گۆڕینی بینەر بە ئەکتەر بوو کە لە جۆری خۆیدا، شێوەیەك شۆڕشی کلتوری بە ئەژمار دەهات. ئەو چەشـــنە تیئاتر پیشاندانە لەو شـــوێنەوە کە لەگەڵ تێنەگەیشتن و جارنەجارێـــك دوژمنایەتـــی لە لایەن بینەرانـــەوە بەرەوڕوو دەبۆوە، تەمەنێکی کورتـــی هەبوو، رەنگە ئەوەش بۆ خۆی نیشـــانەیەك بێت لە توانـــای کارتێکردنی باڵای ئەو هونەرە هەر چەندەیش لە تەمەنێکی کورتـــدا. چونکە مەبەســـتی ئەو شـــێوە تیئاتـــرەش داگیرســـاندنی هەمان بروسکەی ئەندێشەیە کە لە دژایەتی و ســـەرهەڵدانی سەرەتایی کەسەکان دا، بە کردەوە دەردێت، ئەو کەسانەی کە بە باوەڕە سەرەتایی و ئاشـــکراکانیان، لە چوارچێوەیەکی تەنز و یاری دا، هێرشیان دەکرێتە سەر. یاری کردن خۆی لە خۆی دا هیچ قازانجێکی بـــە دواوە نیە و بە دوای هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتیشـــەوە نیە. ئەو شـــێوە بـــآ کەڵك بوونە لە یـــاری دا، زۆر جێگای رێزە چونکە لە یاری کردن دا بە شـــێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بـــە بیرۆکەیەکی ئابوری، لەگەڵ بـــە ئەو پەڕ گەیاندنی قازانـــج دژایەتی دەکەین و کایە کـــردن لە دژی هژمونی و دەسەڵاتی پووڵ، کارێکە لە دژی عەقڵانیەتێکی بە قازانج و لە کۆتاییدا، یاری کردنە بە دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی جێکەوتوو.

سەرپێچی لە کایە کردن دا و دەربڕینی ئەو نافەرمانیە لە پێـــش چاوی جەماوەر، هەر چەند بۆ چەن کاتێکی کورتیش بآ، نیشـــان دەری شـــکاندنی چاولێکردنی پیـــاو مەزنانە و یاسادانانە.

کایە کردن پێویســـتی بە زانســـت نیە و لە کۆتاییشـــدا، لەگەڵ ئەزمونی هەڵرســـکاوی خودی کەسەکانەوە لە دایك دەبێت کە بە پێشکەش کردنی لە پێش چاوی خەڵك تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی تەواو نەناسیش بآ- بەرهەمێکی هونەری ئازادەر، بەڵام کاریگەر و روخێنەر دەبێت!

***

# دەنگی قانیع و زایەڵەی ڕاپەڕین خوازانە لە شیعری "لەبەندیخانەدا"






ن: موحەمەد تەرەغە

ئەدەبیات بەگشتی و ئەدەبیاتی ڕاپەڕین خوازانەبەتایبەتی، لەڕووداوەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوەسەرچاوەدەگرێ. لەبەرانبەر هەر ڕووداو و کردەوەیەکی چەوسێنەرانە هەڵوێست دەگرێ کەوابوو ئەم ئەدەبیاتەزۆرتر لەوڵاتانێك لەدایك دەبێ کەدەسەڵاتدارانی دژی بیرو باوەڕی جۆراو جۆری سیاسی و کۆمەڵایەتین و هەر وەك لەبەرهەمەئەدەبییەکانی ئەم ڕەوتەئەدەبییەڕا دیارە، زۆرتر لایەنی زەحمەتکێشان و هەژاران، ژنان و وەرزێران دەگرن و بەڕاشکاوی داخوازی ئازادی و سەربەخۆیی و دەربازبوون لەهەر کەند و کۆسپێکی کۆمەڵایەتین، کەحاکمانی سەردەم پێکیان هێناوە. هەر بۆیەزۆر جار شیعرو بەرهەم لەم بەستێنەدا تا ئاستی شوعاردان، دادەکێشێ. وادیارەلەهەر کۆمەڵگایەکدا حاکمان و دەسەڵاتداران چەوسێنەر بن و خەڵك لەدەستیان وەزاڵەبێن، ئەم دیاردەئەدەبییەراستەوخۆ و ناراستەوخۆ، شوێنی بەرز دەبێتەوە. هەر بەم پێیە ئەم دیاردەئەدەبییەهەر لەهەوەڵی ژیانی ئینسانەوەکەژیانی پێکەوەبوون، دەستی پێ کرد، هەبووە، بەڵام لەزۆر سەردەمدا ئەم شێوازەخۆی لەقاڵبی تەنز و هەجوو دەر بڕیوەکەئەویش هەر لەبەر زەخت و زۆریی کوشتن و بڕینی حاکمان بووە.

دواتر کەڕێڕەوانی ئەم مەکتەبەبەڕاشکاوی لەدژی ئەم زەخت و زۆرییانە ڕاپەڕین، دەستیان لەهەموو شتێکی ژیان و تەنانەت دەستیان لەژیانیش شوتەوەکەزۆرتر ژیانیان لەبەندیخانەو دوور کەوتنەوەو ئاوارەیی و هەژاری و نەداری ڕابواردووە. بەشێوەیەکی باش و بەڵگەدار کەبتوانین باس لەم ڕەوتەبکەین، دوای شۆڕشی مەشرووتییەت کەقۆناخەکانی شیعری هاتەئاراوە، شوێنێکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم دیاردەئەدەبییەدانا. بەستێنەکانی خۆی پتەوتر کردو لەڕوانگەی سیاسی و فەلسەفی، ئەدەبیاتی بەرەو بەرپرس بوون ڕێنومایی کرد. لەلایەکی تریشەوەلایەنەدزێوەکانی حاکمانی سەردەمی هێنایەئەدەبیاتەوەو بەراشکاوی ڕەخنەیان لەزەخت و زۆرییەکانی حاکمان گرت و نیزامی چەوسێنەرانەیان مەحکووم کرد. ئەدەبیاتی ڕاپەڕین خوازانەهەروەك گوتمان دەگەڵ ژیانی ئینسانی دەستی پێ کردووە. کەوایەهەر لەئەدەبیاتی سینەبەسینەو فۆلکلۆرییەوەبگرەتا سەردەمی ئێستا هەر لەئارادا بووە. ئەم ڕەوتەلەئەدەبیاتی فارسیدا بەبەرێز فەڕڕوخی یەزدییەوەزیاتر خۆی بەرجەستەکردەوەو لەئەدەبیاتی کوردیشدا بەماموستا قانیع.

هەر چەند ئەم ڕەوتە بەپێی هەلومەرجی ژیانی خەڵکی کورد لەهەر سەردەمایەك لەشیعری شاعیران ڕەنگدانەوەی بووەو بەگشتی ناتوانین شاعیرێك دەستنیشان کەین کەبەرهەمەکانی وەها ڕەگێکیان تێدا نەبێ. کەدەتوانین زیاتر جەخت بخەینەسەر ماموستا دڵدار، ماموستا قانیع و ماموستا گۆران و ماموستا هێمن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیەلەم ڕەوتەدا.

هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەم ڕەوتەلەئەدەبیاتدا زۆرتر، لایەنەکانی کۆمەڵایەتی دەخاتەبەرباس، یا باشترە بڵێین، بەئاسۆ گەیشتنی ئەوان تێپەڕێن لەم دوو هێڵەیە. جا کەوابوو دەکرێ لەڕوانگەی شیعری ئەم ڕەوتەلەشاعیران بارودۆخ و چۆنیەتیی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان بێنینەبەرباس و لێکۆڵینەوە. هەر چەند ئەم دیاردەیەجۆرێکەکەشاعیر زۆر جار تووشی داکشانی شیعری دێت و ئەگەر مانا لەشیعرەکەبستێنینەوەهەر قسەیەکی ئاسایی لێ بەجێ دەمێنێ، بەڵام ماموستا قانیع و بەگشتی ئەم ماموستایانەی کەلەسەرەوەناویان هات، ئەم ئەرکەقورسەیان شارەزایانەو شاعیرانەبەجێ هێناوە. ئێمەلێرەدا دەمانەوێ بەخوێندنەوەی شیعری «لەبەندیخانەدا» دەلاقەیەك بۆ دنیای قانیع و زایەڵەی ڕاپەڕین خوازانەی بکەینەوە، بەڵام بۆ ئەم کارە پێویستیمان بەوە هەیە کە ئەم شیعرە لە ڕوانگەی خۆمانەوە تەئویل بکەین و پێداویستی تەئویل کردنیش خودی دەقەکەدەبێ، دەقەکەئەم توانایەی هەبێ کەخوێنەر بتوانێ ئەمەلەناخی دەقدا دەرکێشێ. ئەگەر خۆمان ئەم شیعرەمان لەبەر دەستدا بێ، یا ئەوەی کەکەسێکی تر بۆمان بخوێنێتەوە،

لەیەکەم هەنگاودا کێش و ئاهەنگی شیعرەکەیەکەسەرنجمان ڕادەکێشێ. کێش و ئاهەنگێکی ڕەوان و بێ گرێ و ڕیتمێکی خێرایانەو حیماسی هەیەکەخەبەر لەچۆنیەتیی باسێکی گرینگ دەدا کەدەکرێ بەوەی لێکدەینەوەکەشیعرەکە، شتێکی گەورەی لەناو خۆیدا حەشارداوە. تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەینەسەروای شیعرەکەش، ئەم ڕوانگەیەی ئێمەپتەوتر دەبێ. کەجێی پرسیارەبۆچی وەها سەروایەکی سادەو ڕەوان هەڵبژێردراوە؟

لەدووەمین هەنگاودا کەبەوشەدەگەین و لەوشەڕادەمێنین، تەوەرەی ئەم دنیایەی کەشاعیر بۆمان باس دەکا زیاتر دێتەڕوو، شاعیر لەدنیایەك دەدوێ کەناوی بەندیخانەی



گرتووەیانا ئەوەی کەشاعیر بەردەوام چاوەڕوانی وەها دنیایەکە، کاتێ کەدەبینێ کەلەبچەئالاًی دەستی ئەوانە. لەوەها حاڵەتێکدا شاعیرو وێنەکانی کەبارودۆخێکی ئاوا لەئارادایە، ڕەنگەسەیر نەبێ کەشاعیر لەمێژبێ، چاوەڕوانی زرزرەی زنجیر بێ کەلەزێوەری شاهان دەچێ،
کاتێ زنجیری پێی خەڵك و زێوەری تاجی حاکمان لێکەوەپێوەندییان هەیەو ئەمەیان لەئاکامی ئەوی تریان بەدەست دێ، تۆ بڵێی ژیانی خەڵك لەچ ئاستێکدا بێت؟
ئەگەر لەم بەیتەدا:

زۆر دەمێکەچاوەڕوانی زرزرەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن! وەك زێوەری شاهانەیە

جارێکی تر دەربیجەیەکی تر بکەینەوەو گەشتێك بەناو ئەو بەیتەشیعرەدا لێ بدەین دنیای خان خانی وبێ عەداڵەتی زۆرتر ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر بەیتەکەدابنێن و باری مانای بخەینەژێر چاودێری، دنیایەکی کۆیلەیی کەزۆرینەی خەڵك برسی و تەنیا شاو داروودەستەکەی تێروتەسەلن. هەر ئەو بەیتەبەتەنیا دنیایەك بەو پێناسانەی خوارەوەدەخاتەبەر دەستمان کەدەکرێ هەر لەڕووی ئەوانەوەگەڵاڵەی ئەو سەردەمەدابڕێژینەوە.

(١) ئەگەر باری کێش و ئاهەنگی لەنەزەر بگرین دنیایەکی ترسناك و بێ بەزەییانەکەبەردەوام زرزرەی زنجیرو هەر ڕۆژێ کەدادێ چاوەڕوانی خەڵك لەزنجیر لەپێکردنیان و چەوسانەوەیان زیاتر دەبێ.

(٢) ئەگەر وشەو پێوەندی وشەلەنەزەر بگرین. دنیایەکی لەوپەڕی بێ عەداڵەتی و چەوساوەییدا دەبینین. (پێوەندێکی ئەوەندەپتەو لەنێوان زێوەری شاهانەو زنجیری پێی چەوساوەکان).

(٣) ئەگەر پیت لەنەزەر بگرین. دڵەڕاوکێ و ترس و وەحشەتێکی ئەوەندەزۆر لەناو وڵاتدا هەست پێ دەکەین کەهەر بەبیستنی دەنگی پیتەکان چۆنیەتیی وڵات دێتەبەر چاومان. (هەڵبەت ئەمەبۆ گشتی شیعرەکەدروستە) .

بۆیەئەگەر جارێکی تر تیشکی ڕوانینمان بخەینەوەسەر سەراپای شیعرەکە، بەدەر لەم خاڵانە، خاڵی چوارەمیش دێتەگۆڕێ. ئەویش ئەمەیەکەئەگەر شیعرەکە لە بەیتی هەوەڵەوە وەك خاڵی دەسپێك سەیر کەین لەبواری ئەستوونیدا تا دێ هیوا لەناو شیعرەکەدا زیاتر گەشەدەستێنێ. بەبڕوای من ئەم شیعرەزۆر شیعرێکی جادو گەرانەیە. جادو گەرانەبەو مانایەنا کەداهاتوو دەستنیشان دەکا، بەڵکو بەو مانایەکەلەناو جەرگەی خودی شیعرەکەدا، لەناو خەفەقانێکی ئەوەندەهەراودا، لەناو زرەزرِی زنجیر و زێوەری تاجاندا، لەناو شەوێکی وەها ڕەش و چڵکناویدا تیشکی هیوا جار دەگەڵ جار زیاتر پەرەدەستێنێ. کەئەوەش، ئەمەدەگەیەنێ کەئامانجی سەرەکی شاعیر بەهانا چوونی ئەم تیشکی هیوایەیە، واتەبەرەو پیری ڕاپەڕینێك کەئەم سیاسەتانەژێرو ژوور دەکا، بەڵام چ جۆرەڕاپەڕینێك؟ تۆ بڵێی کاتێ شاعیر (میللەتی بۆ ئەم مەبەستەکردەوەی شێرانەیە) ئاخۆ ئەم کردەوەشێرانەیە، هەر ئەم کردەوەشێرانەیەبێ کەگەلەکەی بەدرێژایی مێژوو بوویەتی و لەئاکامدا، داهاتوویەکی باشی بەدەستەوەنەداوەیان ڕەوتێکی ترەو بەقەولی شاعیر ** (با ئەم جۆگەلەیەبگۆڕین کەساڵەهایەخوێنی پێدا دەڕوا. بەڵێ چەکی شۆڕشگێڕی شاعیر بۆ ئەم کردەوەشێرانەیە، نووسین و بیرو باوەڕە.)

ئەگەر جیهانبینی شاعیر لەڕووی ئەم شیعرەوەدابڕێژینەوە، قانیع و زیندان و ئازادی و ژیان هەمموویان پێکەوەبوونی مرۆڤ تەعبیر دەکەن و مرۆڤ وەك خوڵقێنەرێك سەیر دەکەن کەبەردەوام خەریکی خوڵقاندن و تازەکردنەوەو لەلایەکی تریش گەشەستاندنی هەستی مرۆڤایەتی لەناو بیرو مێشکی ئەواندا پەروەردەدەکا. کەهەمووی ئەوانەدەبنەهۆی

ئەوەی کەئەگەر ژیان و کردەوەی مرۆڤ، خەبات لەدژی هەموو بێ عەدالەتییەکانی رۆژگار و مسۆگەر کردنی ئەوانە، نەبێ، مردن خەلاتی هەموومانە. کاتێ شاعیر ئەوەندەراستگۆو سەرڕاست دەگەڵ خۆی و کۆمەڵگا دەژی، دیارەکەشیعری ڕاستگۆ و سەرڕاستییش بوونی خۆی دەسەلمێنێ. ئەگەر هەر خودی زنجیرو زڕەزڕەکەی کەناڕاستەوخۆ لەزێوەری شاهانەوەسەرچاوەدەگرێ، لەدنیای ڕاستگۆیی و سەر ڕاستیی شاعیردا دەبنەپلپلە و لەرزانەی بووکی ئازادی، واتەهەر ئەم زنجیر و زێوەرە خۆیان لایەنێکی نادیار لە ڕزگار کردن لە خودی خۆیانن. لەڕاستیدا ئەم شیعرەکێشەیەکی نەبڕاوەی نێوان دوو جیهانی تەواو لێك جیایە.

لەلایەك دنیایەکی بەندیخانەیی و لەلایەکی تریشەوەدنیای دڵخوازانەی شاعیر کەدنیایەکی ئازاد و بێ دەروەستە. کەوابوو ئەگەر بڵێین قانیعیش وەك ئیفلاتوون هات عالەمێکی تری دانا، بەڵام نەلەرێگەی فەلسەفییەوە، بەڵکو لەڕێگەی شیعرو بەزمانێکی ساکار کەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لێی حاڵیی بن، هەر دروستە.

ئەم عالەمەدەگەڵ عالەمی سەردەمی ژێر دەسەڵاتی حاکمان، جیاوازی هەبوو. واتەقانیع لەڕوانگەی بەستێنەکۆمەڵایەتییەکانەوەئەم عالەمەی داڕشتووەکەلەوێدا لەحاکمی دەرەجەیەکەوەتا دەگاتەدەست و پێوەندەکانی لەدێیەکان کەئاغا و دەرەبەگ بن، دەخاتەدەرێ. هەر بەخستنەدەری ئەوانە، دەرکی بەندیخانەدادەخرێ کەلەبچەو زنجیر دەپسێن. گرتن و لێدان و کوشتن کەهەر خۆیان عامیلی ئازادی بوون، بەسەر دەچن. لەلایەکی تریشەوەبەجێی بەندیخانە، قوتابیخانە، بەجێی دیل کردن، ئازادی، بەجێی لێدان و بڕین، نووسین دێنەئاراوەو دنیایەك کەلەودا هەموو کەسی عالەم ڕزگارە، وەدی دێ. ئەم دنیایەهەر کامیان لایەن و سیفەتی تایبەت بەخۆیان هەیەکەتەنانەت چۆنیەتیی باس کردن و هێنانەوەی سیفەتەکانیش فەلسەفەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

## سیفەتەکانی دنیای نادڵخوازانەی شاعیر

بەندیخانە. کەلەبچە. زام ـ زڕەزڕەی زنجیر ـ زنجیر ـ زێوەری شاهانە. خوێن ـ حەلقەحەلقەی پێوەن ـ دوژمن ـ دیل ـ لاڵ ـ کونجی زیندان ـ قوڕ ـ گرتن ـ لێدان ـ کوشتن ـ تۆپ و شەستیرو کەلەبچە. مردن ـ نۆکەری ـ سەردانەواندن ـ نامەردانە. لەعنەت بێگانە.

## سیفەتەکانی دڵخوازانەی شاعیر

مەرهەم ـ بووکی ئازادی ـ پلپلەو لەرزانە. قوتابیخانە. بیری ئازادی ـ فراوانتر ـ هیوا ـ ئازادی ـ شۆڕش ـ ڕزگار ـ میللەت ـ کردەوەی شێرانە. چەکی شۆڕشگێڕی ـ نووسین ـ بیروباوەڕ ـ ڕاپەڕین، هەڵمەت ـ نەعرەتە ـ قانیع

شاعیر بەزۆرتر باس کردن لەدنیای نادڵخوازانەی خۆی (دنیای ژیانی شاعیر) ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کەلەڕاستیدا لەدنیایەکی بەندیخانەدا دەژی. لەدنیایەك کەدەگەڵ هەر لێدانی نەفەسێك، مەترسی زڕەزڕەی زنجیر دەکرێ، بەڵام بەرەبەرەکەهەنگاو بەناو شیعرەکەدا هەڵدەبڕی، دنیای دڵخوازی شاعیر (کەرەنگەبەشێوەی ناخوداگا بێت کەئەگەر ئاواش بێت سەرەڕای ئەوەی کەلەبایەخی شیعرەکە، کەم ناکاتەوە، بەڵکو بایەخدارتری دەکام. ) زیاتر بوونی خۆی نیشان دەداو جاردەگەڵ جار زایەڵەی بەرەو دنیای دڵخوازانەبەرزتر دەبێتەوە، کەهەر بەرز بوونەوەی ئەم زایەڵەیە، دەست لەناو دەستی لایەنی حیماسی شیعرەکە، ڕەوتێکی ڕاپەڕین خوازانەبەشیعرەکەدەدا کەبێجگەلەمانەش هەر خودی وشەڵیت و ئاهەنگی شیعرەکەش خۆیان لەناو ڕەوتی ڕاپەڕین خوازانەدا دەبینێتەوە. بەڵام کەشێوەیەکی زۆر زەبەری و جادووگەرانەدوو بەیتی ئاخری شیعرەکەلایەنی دنیای نادڵخوازانەی شیعر تێدا بەدی دەکرێ کەدروست لەتێدا چوونی ئەم لایەنەدا دەوردەگێڕن. یا بەقەولی شاعیر هەر خۆیان عامیلی ئازادین بەهەمووی ئەوانەوەمن پێم وایەئەم شیعرەلەناو خەرمانەیەکی جادووییدایەو هەر کەس تێبڕوانێ، جیلوەو چێژی تایبەتی پێ دەبەخشێ. کەئەم جیلوەو چێژەتایبەتییانەنابەسترێتەوەبەدەورانێکی تایبەت و دیاری کراو، بەڵکو لەهەر کات و زەمانێکدا وەڵامی خۆی لەناو خۆیدا دەردەکێشێ و دەداتەوە. ئەگەر ئەم شیعرەکەجادوو خەرمانەی داوە، وەك ترۆپکی ئەم شیعرانەی کەزایەڵەی ڕاپەڕین خوازانەیان تێدا بەدی دەکرێ، سەیر بکەین، وەکو کانگایەکی تیشك وایەکەدەتوانێ تیشك بەهەموویان ببەخشێ.

یا ئەوەی کەوەك کێوێکی سەربەخۆ و خۆڕاگروایە. ئەو شیعرانە(ترسەنۆکی، دوژمن، قەڵاچۆی دوژمن، کوشت وبڕ، شیوەنی ئاگراوی، چەکی یەکیەتی، شۆڕشی سەرکەوتوو و.) کەلەو خانەیەدا جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، وەڵامی دەنگی خۆیان لەو شیعرەوەردەگرنەوە.

*** تێبینی: بۆ پێشەکیی ئەم وتارەلەوتاری (ادبیات پرخاشگری)، لەنووسینی (حسینی قربان‌پورانی) کەڵک وەرگیراوە.**


**** ئامازەبەشیعرێکی دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێوە**

**سەرچاوە: سایتی هەڵوێست**

***

# گێڕانەوەی دۆستێك سەبارەت بە نازم حیکمەت

ن: محەممەد عەلی ئاییار
لە فارسیەوە: سەعید ئەمانی



"پێشکەشە بەو ئازارانەی مەحمود ساڵحی لە زینداندا دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردن (وەرگێڕ)"

"نازم حیکمەتیان هێنا!..." لە زیندانی "پاشا قاپوس"دا هەواڵەکە وەك بۆمب دەنگی دایەوە. لە ڕۆژێکی تاو و ساوی بەهاریدا. یەکەم ڕۆژەکانی مانگی مەی ساڵی ١٩٥٠. ڕامکرد بەرەو ژووری بەرپرسی زیندان. بێ پشوو بە پلیکانەکاندا چوومە سەر. ڕاست گەیشتمە دەم درگاکە و درگاکە کرایەوە: نازم... یەکتریمان لە باوەش گرت. "چ کارێکی باشت کرد بوویتە کۆمۆنیست." وتم: "وریابە دیوارەکان گوێیان هەیە." دەستمان کرد بە پێکەنین.

ساتێك بەو گومانەوە کە نازم دەهێننە بەندەکەی ئێمە هیوایەکم لە دڵ گەڕا. هەرچەند دەمزانی هیوایەکی بێ سەمەرە. شتێکی سروشتی بوو کە نازم بدەنە بەندی کۆمۆنیستەکان. بە پلیکانەکاندا هاتینە خوارێ. زیندانیەکان لە چاوەڕوانیدا بوون. ژوورەکە تەقریبەن هەر لەو ئاستەدا قەراری گرتبوو. سات و سەردمەکانی بەختەوەری دیسان گیانیان تێگەڕایەوە. هاوڕێیانی نازم تەخت و جێ و بانەکەیان بۆ ئامادە کردبوو.

جار جارەیەك سەردانێکی بەندەکەیانم دەکرد، هەندێك جاریش نازم حیکمەت دەهاتە دیوەکەی ئێمە. لەوەی کە بە یەکەوە بووین هەستمان بە بەختەوەری دەکرد. ئەگەرچی مەجلیسی میللی بەهۆی بەرێوە چوونی هەڵبژاردنەوە داخرابوو، نازم بەنیاز بوو درێژە بەو مان گرتن لە خواردنە بدات کە لە زیندانی "بورسا"دا دەستی پێکردبوو. وە بەم شێوەیەش مان گرتنەکەی بێ بەردەنگ (مخاتەب) دەبوو. بەڵام نازم هەر بەو ڕادەیەی کە هەوڵی دەدا هەڵس و کەوتی لەلایەن ڕای گشتیەوە نەبێتە هۆکارێك بۆ لێکدانەوەی هەڵە و پێچەوانە تێگەیشتن، هەر بەو ڕادەیەش پێداگر بوو لەسەر ئەوەی بۆ گوشار خستنە سەر مەجلیسی تازە و حکومەت، مان گرتنەکە هەرچی زووتر دەست پێبکاتەوە. ئاسن تا گەرمە چەکوش دەگرێتە خۆی. ڕاستی دەکرد، ئێمەش حەقمان بوو دەترساین لە دەستی بدەین.

نازم دەستی بە مان گرتنەکەی کردەوە. تەنیا ئاوی دەخواردەوە و سیغاری دەکێشا... پێمان دەوت بخەوێت. بەلایەوە گرنگ نەبوو. بەردەوام دەهاتنە سەردانی. ئەگەر بڵێم یەکەم ڕۆژەکانی لە ژووری بەرپرسی زیندان بەسەر برد، درۆم نەکردووە. بە تەواوی شادی و خۆشحاڵی بە ڕواڵەتیەوە بەدی دەکرا بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژەکاندا ئەتوت سەبرتر دەجوڵێتەوە. پێشنیارم پێ کرد مان گرتنەکەی لەژێر چاودێری دوکتۆردا درێژە پێ بدات. وتی: "ئیتر تۆش دەست پێ مەکەوە." ئاگاداری ئەوە بووم کە ئەو هاوڕێیانەی دەهاتنە دیداری داوایان لێ کردووە لە نەخۆشخانە بخەوێت. وتم: "من لایەنی سیاسی مەسەلەکەم لەبەر چاو گرتووە، تۆ گەورەترین شانسی بە سەرکەوتن گەیشتنی چەپی تورکیەی، نابێ بمری." پێکەنی و وتی: "زیادەڕۆیی مەکە."

مان گرتنەکەی لە ئاستێکی بەریندا دەنگی دابۆوە.

ڕۆژنامـــەکان هەواڵیان لەم پەیوەندیـــەدا بڵاو دەکردەوە. بێ تاوانـــی نازم بۆ ڕای گشـــتی دەرکەوتبوو. لاوانی خوێندکار گۆڤارێکیان بە ناوی "نـــازم حیکمەت" دەرکرد. هەندێك لە ڕوناکبیران ئیمزایان بۆ ئازادی نازم کۆ دەکردەوە و دایکیشی تابلۆیەکی بە دەستەوە گرتبوو داوای لە خەڵك دەکرد یارمەتی ڕزگار بوونی ڕۆڵەکەی بدەن. بەشێك لە بڵاوکراوەکانی دەرەوەش هەواڵ و بابەت گەلێکیـــان لەم بارەیەوە بڵاو کردبۆوە. مان



گرتنی نازم ببوو بە ڕوداوێکی ڕۆژ... ڕۆژ بە ڕۆژ، حاڵ و وەزعی نازم حیکمەت بەرەو خراپتر بوون دەچوو. لە ئاکامدا ڕازی بوو بچێ بۆ نەخۆشـــخانە. ئەویان بردە نەخۆشخانەی "نەشتەرگەری پاشـــا" دوکتۆرەکان حاڵی نازم حیکمەتیان بە مەترســـیدار ڕاگەیاند و دوو کەس لـــە هاوڕێ نزیکەکانی (والا و زەکەریـــا) بـــە وەبیر هێنانەوەی ئـــەوەی کە، بەهۆی تەعتیلی مەجلیســـەوە، مردنەکەی هیچ سەمەرێکی نابێت، بوونە هـــۆی ئەوەی نازم کۆتایی بە مان گرتنەکەی بهێنێت. دوای ماوەیەك، حیزبی دیموکرات دەســـەڵاتی بە دەســـتەوە گرت و لێخۆشبوونی گشتی ڕاگەیەنرا و بەو شێوەیە، ڕەنج و ئازاری سێزدە ساڵەی نازم حیکمەتیش کۆتایی هات.

دوای ئازاد بوونی لە زیندان، نازم حیکمەت لە کۆمپانیای "ئیپك فیلم" دەســـتی کرد بە کار، هەڵبەت سیناریۆکانی بە ناوی خوازراوەوە دەنووســـی. ماڵەکەی من مەودایەکی زۆری لەگەڵ ئەو شـــوێنەی نازم و دایکی و ژنەکەی تێیدا دەژیان، نەبوو. بەردەوام یەکترمان دەبینی. "مونەوەر" (هاوســـەرەکەی نـــازم) دووگیان بوو... کە دواتر کوڕێکیان بوو. بە ڕواڵەت بەختەوەرانە دەژیان...

هەرچەند نازم لە تافی لاویدا بە هۆی نەخۆشیەوە لە هێزی دەریایی وەدەر نرابوو وە لەو ساڵانەشـــدا کە لە زینداندا بوو، گیرۆدەی گیرانی دەریچەی دڵ و نەخۆشـــی سیپەلاك ببوو وە بەرپرسانی بەشـــی قەزایی و زیندانیش لێی ئاگادار بوون، بەڵام زۆری نەخایاند کە نازمیان بۆ تێپەڕ کردنی دەورەی سەربازی بانگ کردەوە. بانـــگ کردنەوەی نـــازم حیکمەتی نەخۆش بۆ سەربازی و دەورەی ئیجباری، پەرەی بەم گومانە دەدا کە ڕەنگە هەل و مەرجی سەردەمی ڕابردوو لەحاڵی گەڕانەوەدایە.

نازم خۆی بە ئیدارەی نیزام وەزیفە ناســـاند و وەزعی خۆی بۆ باس کـــردن. هەڵس و کەوتی بەرپرسی یەکە ئیداریەکە بە شێوەیەك بوو ئەتوت هەســـتی بە بار و دۆخی خراپـــی نازم کردووە، بەڵێنـــی پێدابوو یارمەتی بدات. چەند مانگێك بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێپەڕی و هیچ هەواڵێك نەبوو. گشتمان خۆشحاڵ بووین. بەڵام دیسان نازمیان لە دایـــرەی نیزام وەزیفەوە داوا کردەوە. بڕیارەکە لەلایەن مەقاماتی سەرەوە دەرکرابوو. دەیانویســـت بینێرن بۆ یەکێك لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات. حەوتوویەکیان مەجاڵ دایە تـــا خۆی ئامادە بکات بۆ بەڕێ کردن. هەموو سەرمان ســـووڕ مابوو. نازم وتی: "ناتوانم دوو ســـاڵ دەوام بێنم". بەڵام ئـــەوەی هەموومانی خستبووە فکرەوە، مەبەســـتێك بوو کە لەپشت ئەو بانـــگ کردنەدا خۆی مەڵاس دابوو. دەیانتوانی بە دوو شـــاهیدی درۆیینە، ســـەر لە نوێ نازم بخەنەوە زیندان یان گوللەیەکی کە لەلای لابەلاوە...

هـــەر لەو ڕۆژانـــەدا بوو نازم وتـــی: "دەڕۆم." گەنجێك کـــە لە باوکـــەوە خزمی نازم حیکمەت بـــوو، بەنیاز بوو بە بەلەمێـــك بیگەیەنێتە دەریای ڕەش و لەنێو ئاودا ســـواری کەشـــتی بکات... وتم: "ڕیسکێکی گەورەیە". وڵامی داوە: "بەڵێ ڕیســـکە، بەڵام چارەیەکی دیکـــەم نییە". یەکترمان لە ئامێز گـــرت و ئیتر نەمانتوانی لەو کاتە بە دواوە یەکتر ببینینەوە.

***

# ڕۆمانی ژنێکی شۆڕشگێڕ

ن: سارا ئەرمەنی
و: فواد مورادیان

دۆستێکمان دەیوت، لە ساڵەکانی دواناوەندیدا بووم، کە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگای ڕادیۆوە گوێ بیستی ئەرکی "شۆڕشگێڕانی پیشەیی" بووم کە ئەوکات لە دەرەوە بڵاو دەکرایەوە. ئەو لەو ساڵانەدا تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەی لەم شێوە خەباتە هەبوو، تاکوو ڕۆژێك هاوڕێیەکی بۆی باس کرد کە تەمەنی "شۆڕشگێڕێکی پیشەیی"، لە وڵاتانی دیکاتاتۆر و نیزامییدا، لە نێوان چەند حەوتە یان چەند مانگدایە. کە گەلێك جار لە دوای شەڕ و پێکدادانێکی کورت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان گیانی لەدەست دەدات.

لەم سەردەمەدا تەنانەت پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بۆرژوازی دان بەوەدا دەنێن کە ڕۆمانی، "دەبێت چی بکەین؟" بەرهەمی چرنیشفسکی، نووسەری ڕووس لە سەدەی ١٩ی میلادی بەرەیەك لە کرێکاران و "شۆڕشگێڕانی پیشەیی" پەروەردە کرد.هەر بەم هۆیەوە، دوور لە چاوەڕوانی نەبوو کە ڕۆمانی ناوبراو، کتێبی پڕ خوێنەری چینێك لە شۆڕشگێڕانی داهاتووی ڕووسیەی ئەو سەردەمە و هەروەها یەکێکی تۆ لە خوێنەرانی کتێبەکەش لینین بوو.

لەم کتێبەدا ژنێك، بە نێوی "ورا پاولف" لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی بە نێوی "ڕاخمانۆف" کە قارەمانی دیکەی ڕۆمانەکەیە کە بە ڕێکخستنی شوێنی کار بۆ جل و بەرگ دووران و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ کەلتووری کۆن، هەوڵ دەدات ژنانیتر ڕێك بخات بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕانە و خەباتی ڕەوای خۆیان و دابین کردنی مافەکانیان لە نێو کۆمەڵگادا، وە هۆشیار کردنی ژنان بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین.

بە بەڵگەی مێژوو، کتێبی ناوبراو بەرهەمێکی گرنگ و پڕ بایەخە لە ڕووی بەرەو پێش چوونە هونەریەکان لە وڵاتانی "ئێسلا" و زمان و بزوتنەوە نێو نەتەوەییە کرێکاریەکان و بزوتنەوی ڕزگاریخوازەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا.

ئەم کتێبە ڕۆمانێکی سیاسە کە سەرنجی خوێنەران بۆ خەباتێکی ڕەوا و عادڵانە ڕادەکێشێت، جێگای ئاماژەیە کە ئەم کتێبە بە یەکەمین کتێبی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەدەبیاتی ڕووس ناو براوە. "ڕاخمانۆف" قارەمانی دیکەی کتێبەکەیە، هاوشێوەی چین و توێژێك لە گەنجانی ئەو کاتەی "شۆڕشگێڕانی پیشەیی"، ڕاخمانۆف لەگەڵ هاوسەرەکەی "درا" مرۆڤانێکی خاوەن کردەوەن کە ماناکانی ژیان لە چالاکی و خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەبینن، "ڕاخمانۆف" و "درا" بۆ خەباتێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مرۆڤە ئاساییەکان و خەڵکدا تێکەڵ دەبن تاکوو جەستە و عەقڵیان بەهێز بکەن بۆ پیشەیی بوون بۆ مردن یا ژیانێکی



شۆڕشگێڕانە.

بابەتی کتێبەکە "مرۆڤی نوێیە" بە بیر و بۆچونی کەسانێکی خاوەن بیروڕا ئەم کتێبە، تەنیا ڕۆمانی سەدەی ١٩ی میلادی بوو، کە هەر لەو قوتابخانەی ئەدەبی و ڕاست بینانە و کۆمەڵایەتیەی سەدەی ٢٠دا کە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

"چرنیشفسکی" ساڵی ١٨٢٨ میلادی لە ڕوسیە بە دنیا هات و لە ساڵی ١٨٨٩ی میلادی هەر لەوێ کۆتایی بە ژیانی هات، "نیکۆلای چرنیشفسکی" کوڕی قەشەیەکی مەسیحی هەژار بوو، لە زانکۆ دەرسی فەلسەفەی خوێندووە و ماوەیەکیش بووە بە مامۆستا.

ئەو لە کاتی خوێندنی لە زانکۆدا لەژێر پەروەردە و ڕاهێنانی "هرسن" و "بلینسکی"دا بوو، هەروەها ئەوان خۆیان لەژێر پەروەردەی ئەدەبیات و فەلسەفەی سەدەی ١٨ی میلادی ئاڵماندا بوون و جێگای ئاماژەیە کە "چرنیفسکی" بە فیلسوف و ڕۆژنامەوان، نووسەر، خاوەن بیروڕا، وە هەروەها دیموکراتێکی شۆڕشگێری بزوتنەوەی جوتیاران و بە یەکێك لەلایەنگرانی مارکسیستی ڕووس ناو براوە، پێش لە دەس بەسەر کردنی ئەو ماوەیەك چاودێری گۆڤاری ئەدەبی - کلتووری و هەروەها گۆڤاری "هاو ئێواران" بوو.

"چرنیفسکی" دەست بەکار بوونی ئەدەبی خۆی بە کۆتایی نامەیەکی زانکۆ لە ساڵەکانی ١٨٥٣ی میلادی لەژێر ناوی " پەیوەندی جوانی ناسی هونەر" لەگەڵ ڕاستیدا دەست پێکرد.

ئەو لە کۆتایی ٢١ ساڵ لە بەندیخانە، لە ساڵی ١٨٨٣ی

میلادی لە کاتی بەر بوونی لە بەندیخانە بە شێوەیەکی پیرەمێردێکی نەخۆش و ڕوخاو بۆ ماڵ و وڵاتی خۆی گەڕایەوە.

"چرنیفسکی" بایەخێکی گرنگ بۆ جانی ناسی ڕاستیانە لە بواری ئەدەب و هونەر دادەنا، بە وتەی هێندێ لە لێکۆلەرەوان، ئەو لە ڕێگای "شیلر" شاعیر و شانۆ نووسێکی ئاڵمانی بە مافێکی ڕاست بینانە بە ئەدەبیات ئاشنایی بوو.

"چرنیفسکی" بە وردی و مادەگرایانە بۆچوونە "ئیدئالیستیە"جوان ناسیەکانی هێگلی بەرەو پێش دەبرد و زیاتر پەرەی پێدەدا تاکوو بتوانێت شێوەی جوانی ناسی بۆ هونەری ڕاست بینانە مسۆگەر بکات، پڕ بایەخترین ڕستە بە لایەوە، جوانی و ژیان کردن بوو.

ئەو پێی وابوو ئەرکی هونەری ئەمەیە کە ماناکانی ژیان وەکوو ڕاستیەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان باس بکات، "چرنیفسکی" لە نێو جل و بەرگی "فیلسووف" دژی "ئیدئالیسم" و بیر و باوەڕی مەزهەبی مەسیح، ساڵهای ساڵ لە سەدەی ١٩ی میلادی خەباتی کرد، ئەو لە کتێبەکەدا، باس لە پەیوەندی جوان ناسی و ڕاستیەکان، پێناسەی لە مادەگەرایانەی هونەر کردووە و ئەم کتێبە بە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکان و پڕ بایەخەکانی پێش لە جوانی ناسی مارکس دەزانێت، "چرنیفسکی" بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندیە چینایەتیەکان و فام و جوان ناسی بەردەوام لە هەوڵ و هەڵسوڕاندا بوو.

گرنگترین بناغەی ڕاستیەکانی ئەو لە ئەدەبیات و هونەر ، یەك نەخش و یەك ڕیز کردنیان بۆ پەیوەندی کردن بە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشەوە دەزانێت.

"چرنیفسکی" بەبۆنەی هەل و مەرجە تایبەتیەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتەکەی، بایەخێکی تایبەتی بە بزوتنەوەی جوتیارانی لە نێو شۆڕش دەدا.

چاوەڕوان کردنی ڕاستیەکانی ژیان بەسەر شانۆ ڕاکێشانی گۆرانی و هونەرە و هەروەها پێی وابوو ڕاستیەکانی ژیان باشتر لە خەون و خەیاڵە، بە هێنانە بەر چاوی خەون و خەیاڵ لە هونەر، تەنیا لێکدانەوەی بۆیاخە کزەکان و شکست خواردووەکانە لە ڕاستی.

هەروەها دوور لە ڕاستیە کە "گوگول" لە ئەدەبیاتی ڕووس، بۆ یەکەمین جار بەرنامە داهێنەر و بەرنامە داڕێژی ڕاستیەکان لە سەردەمی "پوشکین" دابێت.

"لرمانتۆف" و "گوگول" تا ئەو سەردەمە خۆیان بە قوتابیانی قوتابخانەی ئەدەب و سروشت دەزانی.

"چرنیفسکی" لەسەر ئەو باوەڕە بوو، ئەدەبیات تەنیا بۆی نییە ڕاستیەکان بکێشێتەوە، بێ ئەوەیکە کاریگەری لەسەر جم و جۆڵی ڕۆح و دەروونی مرۆڤەکاندا نەبێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە "چرنیفسکی"، "ئەولیسینگی" کە شانۆ نووسی ئاڵمانی بوو تیژ بینتر لە "گوتە" شاعیری جیهانی دەزانی، و "ئەولیسینگی" بە داهێنەری ئەدەبیاتی نەتەوەیی ڕووس دەزانی و هەروەها لە ڕەخنە گرانی سەردەمی خۆی نابودووە، "چرنیفسکی" هیوادار بوو کە کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەدەبیاتی ڕووس.

هەر بەم بۆنەیەوە "ئنگڵس" نێوی ئەوی بە "چالیسینگی" سۆسیالیست ناو بردووە و بە یەکێك لە لایەنگرانی ئەدەبی مەنتق دەزانی، هەروەها لە لایەکی ترەوە "چالیسینگ و گوگولیش" ڕووبەڕووی سەنگەر گیری ئەدەبی لەگەڵ "گوتە و پوشکین"دا بوون.

هاو خەباتیان و قوتابیانی کلتووری "چرنیفسکی" هەوڵیان دەدا تا بە یارمەتی بەرنامە و وتە داڕێژراوەکانی ئەدەبی خویان بە جیا و خاڵی لە ناوەڕۆك کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، ئایدۆلۆژیکی چینایەتی لە بەرهەمە ئەدەبیاتەکانیان کە خۆیان داڕێژەری بوون بەردەوام بن، ئەوان هەروەها بە وتەی دامەزراوەی لە داڕێژراوەی کلتووری کۆن، وەکوو کلتووری فئۆدال، سەلتەنەت و تەزاریان پەیڕەو دەکردوو دەیانوت، هونەر دەبێت جواب دانەوەیەك بێت لە ڕاستیەکان، بەردەوام ڕاستیەکان چاودێری بکات و بە دوایاندا بڕوات، ئەوان ئەدەبیاتی بناغەیی و نەگۆڕ و بێ لایەن، تەنیا بۆ خۆ سەرگەرم کردن و بێ بەهرە و بێ بایەخیان دەزانی، بەڵکوو گرنگی ئەدەبیاتیان لە پەسەند کردنی ماناکانی ژیان، وەکوو بابەتە ئەخلاقیەکان، کۆمەڵایەتی و سیاسیان دەزانی.

قوتابیەکانی ئەو لە دوای هەموو جۆرە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژ لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ خستیانە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

"پێزارۆف"، بە وتەی خەباتکارێکی و قوتابیەکی، ئێستیتیك، بە مانای زانستی جوان ناسی، لە شێوەیەك دەتوانێ بوونی هەبێت کە زمان بە شێوەیەکی بابەتی بنەڕەتی و نەگۆڕ بوونی هەبێت، بەڵام بەم شێوەیە نییە و ویستی، جوانی هەتا هەتایی، جۆرێکە لە ویست و داخوازی ئەنگەلێ کۆمەڵانێکی تێر و تەسەلە، یانی گەورە کردنەوەی کال و پەلە لوکسەکانی مێژووە کە بە بناغەی ڕەنج و زەحمەتی چینەکانی زەحمەتکێش بە دەست هاتووە.

"پیزارۆف"، لە یەکێك لە بەرهەمەکانی دەیویست کە لە نێو بەرهەمەکەیدا ڕاستی، جوانی هونەر و زانست یەك ڕیز و یەکگرتوو بن، "داستایووسکی"، لەوتەی سەرچاوەیەکی ساختەکاری، بە بیری خۆی دەهێنایەوە کە بە "پیزارۆف" ناوبانگیان دانابوو کە ئەوەش ئەمە بوو کە ئەو وتبوی: یەك جووت چەکمەی چەرمی پڕ بەهاتر لە کۆکراوەی بەرهەمەکانی پوشکینە، ئەو تەنیا هونەرێکی پێ پەسەندبوو کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، یەکێك لە وتە بەناوبانگەکانی "پیزارۆف" ئەمە بوو کە دەیوت: دوورە لە ڕاستی کە مرۆڤێك نووسەر بێت بەڵام باوەڕی بە ڕاستیەکان نەبێت.


بیر و بۆچونی ئەم کۆمەڵە دیمەکراتەی شۆڕشگێرانی ڕووس، بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێش چوونی عەقڵانیەتی سەدەی ١٩ دیاریکراو بوو کە لە سەدەی ٢٠ بە زۆری لە ڕێگای بلشویکەکان بە شێوەیەکی سارد پێش وازیان لێ دەکرد و کەڵکیان لێ وەردەگرت و زۆرجاریش کەڵکی نابەجێیان لێ وەردەگرت.

* * *

# چەند بابەت سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر و ئەدەبیات

ن: عەباس سەماکار
و: پێشەنگ

لەناو هەڵسەنگاندنی جوانی ناسیدا، ئێمە لەگەڵ دوو دیاردەی کوللیدا بەنێوی "هونەر"و "ئەدەبیات" رووبەڕووین لەسەرەتاوە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی ئەم دوو دیاردەیە یەك نێویان نییە و چ جیاوازییەکیان لە نێواندایە؟ هەڵبەت زۆربەی خەڵك پێیان وایە ئەم دوو بابەتە یەکن جیاوازییەکیان لەبەینیدا نابینن. بێگومان، لەجەوهەری کاردا وایەو لەنێوان شوێنەوارێکی ئەدەبی شوێنەوارێکی هونەریدا جیاوازییەکی زاتی بوونی نییە. بەڵام لەکاتی خوێندنەوەی جوانی ناسی سەرنجدانە بونیادە نەزەریەکانی ئەدەبیات هونەر، چۆن لەم دیاردانەدا لەگەڵ هەمەجۆر بوونی پێکهاتەکاندا رووبەڕووین دەمانەوێ سنوورەکان لەیەك جیا ببکەینەوە، ئەم جیاکردنەوەو بەش بەندییە دەبێتە پێویستییەك.



هونەرەکان حەوتەوانەن: شێوەکاری، پەیکەر سازی، بیناسازی، مۆسیقا، چۆپی، شانۆگەری سینەما. سینەما بەهونەری حەوتەم ناوی دەرکردوە، چون ئاخرینی گشت هونەرەکانەو بەپێچەوانەی ئەوانیتر کەتەمەنی چەند هەزار ساڵەیان هەیە، ئەو زیاتر لەسەد ساڵ لەتەمەنی تێناپەڕێ. ئەم حەوت هونەرە لەدەستە بەندییەکی سێ بەشیدا بەشێوەی خوارەوە، دەگونجێن: هونەرە تەجەسومیەکان وەك شێوەکاری، پەیکەرسازی بیناسازی، ئەو هونەرانەی دەبیسترێن وەك مۆسیقاو هونەرە نوێیەکانی وەك چۆپی شانۆ و سینەما.

شێعر، شانۆنامە، چیرۆك داستانیش دەچنە خانەی ئەدەبیاتەوە.

هونەرەکان، لەپانتایی ناسینی جوانی ناسی ژیاندا، یەك مەبەست ئاکامیان نیشانە گرتووە. ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە کەرەسەو مادەی کەڵك لێوەرگیراو و سەبك شێوەی دەربڕینیانە. بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەدەبیات هونەردا تەنیا جیاوازی لەو لایەنە باسکراوانەوە نییە. بۆ دەرکی جیایی جیاوازی ئەو دوانە، پێویستە بەشوێن تایبەتمەندییەکدا بگەڕێین کەلەهونەرەکاندا هاوبەشەو لەئەدەبیاتدا نییە ویان ئەو تایبەتمەندیە بدۆزینەوە کەلەشوێنەوارە ئەدەبیەکاندا هەیەو بەڵام لەهونەرەکاندا ونە. ئەم تایبەتمەندیانە لەم دیاردانەدا چین چۆن دەتوانرێ بدۆزرێنەوە؟

ئەگەر کوللی ترین گشتی ترین پێناسەی هونەر بدۆزینەوە، زۆرمان نامێنێ بگەینە مەبەست. ئەگەر بکرێ بڵێین کە: "هونەر بریتیە لەدەربڕینی هەستێکی جوانی ناسانە، بەهۆی مادەیەکەوە"، کلیلی قوفڵی مەتەڵەکانمان بەدەستهێناوە. بەڕواڵەت بەم شێوەیە. چون گشت ئەو پێناسانەی کەتا ئێستا

لەهونەر کراوە ئەم وتەیە ڕەد ناکاتەوەو کەمتر پێناسەیەکی تر دەتوانین بدۆزینەوە کەبەم شێوەیە هەمەلایەنەو گشتی بێت. بەڵام ئایا ئەم پێناســەیە ســەبارەت بەئەدەبیاتیش دروستە؟ واتە ئایا ئەدەبیاتیش بریتیە لە"دەربڕینێکی جوانی ناســانە، بەوەسیلەی مادەیەکەوە"؟

هەڵبەت دەکری بەشی سەرەتای ئەم پێناسەیە قەبوڵ بکەین کەئەدەبیاتیش دەربڕینی هەستێکی جوانی ناسانەیە. بەڵام ئەم هەست ناســینە بەچ ئامرازێك دەردەبڕدرێ؟ ئایا پیتەکانی ئەلفبێش، مادەیە؟ واتە ئەم نیشــانانەش شــتێکی وەك ئەو ماددانەن کەلەهونەرەکاندا بەکارهاتوون؟ دیارە ئەم پیتانەش بەمادده دەنووســرێن، بەڵام خــودی ئەمانە، نابێ مادە بێ وەك مادده بەکارهاتوەکان لەهونەردا، بەچەشــنی ڕووناکی، دەنگ، ڕەنگ، بەدەن، فەزا، بزووتن کات شوێن، لەخۆیەوەو ڕاستەوخۆ، "بوونی مادە" ناگەیەنێ مانا بەدەستەوە نادات؟ پیتی ئەلف بێ، و تەنانەت وشــەش، خاڵ گەلێکی یەگانەو هەڵێنجــراوە کەزاتەن خاوەنی مانا نییــە. بەڵکو بڕیارنامە گەلێکە کەپێویســتە لەهەڵکشــان ئاڵوگۆڕێکەوە تێپەڕێ تا ببێتە مانا. دەبێ ســەرنج بدرێ کەمەبەســت لە"مانا" پێکهێنانی هەستی جوانی ناسانە لەبەردەنگ دا نییە، بەڵکو نیشــاندەری ڕاستەوخۆی ئەســڵێکی (عنێر) ماددی بەسەر بوونی بابەتە ئاماژە پێکراوەکەیە: بۆ نموونە وەك بیســتنی دەنگێك کەبوونی پێکەنینێك دەردەخات. هەســتی خۆشیەك، کەلەڕاســتای بیستنی پێکەنینەکە دا بەردەنگ یان بیسەردا دەگرێ، باسێکی ترە.

لەڕاســتی دا، لە دەربڕینی ئەدەبیدا، پێویستە سەرنج بدەینە دەوری ناڕاســتەوخۆی مــاددە. واتە، جیاوازیــەکان دەبێ لەکەرەســە ســەرەتاییە پێکهاتەییە ئەدەبــی هونەریەکاندا بدۆزرێتەوە. هونەرەکان لەســەر کەرەسەی سەرەکی ماددی، وەك بــەردو ئاســن ڕەنگ تــا دەنگ ڕووناکــی بزووتن، داندراون. بەڵام ئەدەبیات ئەساســی دەربڕینی خۆی لەسەر ڕەمز و نیشانە، لەسەر ئەلف باو لە ڕاستی دا لەسەر زمان، کەڕواڵەتی ماددی نییە، دانــاوە. خودی ڕەنگ، بۆ نموونە ڕەنگی زەرد، زەردی دەنوێنێ لێکدراوی ڕەنگەکان شێوەکاری یە. بەردو قوڕو ئاســن فەزا و شوێن نیشــاندەری جسمن، لێکدراوەکەیان، بیناســازییە. یان ڕووناکــی دەنگ بزووتن شت گەلێکی ماددین پێکەوە سینەما پێك دێنن. بەڵام ئایا ئەلف بــێ ش مادەیە؟ هەرچەند ئێمە لەبەرانبەر لێکدراوی ئەلف وبێ لەگەڵ مادده، واتە ئەدەبیات، ڕووبەڕووین، بەڵام ئەلف بێ (نیشانەکان) خۆیان وەك ماددەی سەلمێنەری بوون نوێنەرایەتی ناکەن. یانی ئەلف بێ ڕواڵەتی ماددی ئەدەبیات نییە، بەڵکو نیشــانەیەك لەوە کــە وەك ماددەی بەکارهاتوو لەهونەرەکاندا ڕاســتەوخۆ شــیاوی دەرك کردن نییە، بەڵکو پێویســتە ســەرەتا لەزەین دا تەرجمە بکرێ تا مانا بدات.

لەڕاســتی دا، شــێوەی دەرەوەی ئەدەبیات، نیشانەو ڕەمزە. ئەم نیشــانەو ڕەمزە، کەهۆی ئەدەبییە، پێویستە لەئاستێکی تەرجمانی تێپــەڕێ تابتوانێ لەزەینــی مرۆڤدا ماددییەت بەدەست بێنێ، لەحاڵێکدا ڕەنگ، ڕووناکی، جووڵە، دەنگ یان جسمیەتی هونەری، خۆی، ماددییەتە: واتە بەبێ واسیتە شیاوی دەرك کردنەو نیازی بەوەرگێڕان نییە.

هیچ ئاخێوەرێك (ڕوایتگر)-لەسەرەتای مێژووی داستانەوە، یان زۆر زوو بەر لەو ، لەســەرەتای دەرکەوتنی شــێعرەوە-نادۆزیەوە کەوەك شــێوەکارێك، چاوێکی لەسروشت چاوێکی بەســەر پەردەی بەردەمیەوە بێت. ئەگەر شێوەکار (هونەری ســەرەتایی ) کاردانەوەیەکی نیازی مرۆڤ بە"دەنگدانەوە"یە تەنانەت لە ئەبستراك دا، ئەدەبیات کاردانەوەی "دیارنەبوونی دیاردەکان"ــە. ئەدەبیــات هونەرێکی "لەبەرچــاوان" نییە: هونەرێکــی "لەتەنیایی"دایــە. تەنیایی مــرۆڤ لەگەڵ خۆیــدا. "تەفەکورێکی خامۆش"ی کە کاتــێ دەرکەوێت، ڕەنگ دەدۆڕێنــێ دەتوێتەوە. ئــەم تایبەتمەندیە، بێجگە لەئەدەبیات، لەهونەرەکاندا نییە. هونەر بەشــێوەیەکی بەرین تێکەڵ بەسروشــتە. تەنانەت مۆسیقاش کە لەگەڵ گشت هەڵێنجراویەکەی، شــان بەشان پێبەپێی شێعر دێت، بەتوندی ئاوێتە بەسروشت مادده و گیرۆدەی دەنگە. بەڵام لەئەدەبیاتدا بابەتەکە بەشێوەیەکی ترە. لەئەدەبیاتدا، چاوی مرۆڤ نیشانە گەلێکی بەســەر لاپەڕەی کاغەزەوە دەبینێ ، لەم ڕێگایەوە تێدەگات کەلەزەینی ئینســانێکی تردا چ شــتێك ڕابردووە. بەڵام ئەم نیشــانانە (ئەلف بێ) خۆی، ڕاستەوخۆ، هەر ئەو وێنە و فەزایانە نییە کە نووسەر لەزەینیدا بوو، بەڵکو مانا کراوی ئــەو بەدەرکەوتنێکی تر بەنێوی ئەلف بێ، کەدووبارە پێویســتە لەزەینی خوێنەردا مانا بکرێتەوە تا دەرك بکرێ. هەڵبەت ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کەنەخوێندەوارەکان، واتە ئەو کەسانەی کە سەریان لەڕەمزو ڕازی ئەلف بێ دەرناچێ، لەم پەیوەندییە جادووگەرانەیە بێبەشن. هەرچەند ئەوان کاتێ کتێبێك دەبینن شــتێك لەڕەمزو ڕازەکانی بەدەســت ناهێنن، بەڵام دەتوانن کتێبەکە لەزمان کەســێکی دیکەوە ببیســتن، واتە کەسێك ئەدەبیاتیان بۆ بخوێنێتەوە یان بۆیان بگێڕێتەوە. بەڵام بەم چەشنەش، دەنگێکی کە وشەکان دەردەبڕی بەواتای بەکاربردنی ئەدەبیات نییە. دەنگ لەمۆســیقادا بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ حاڵی بوون لەمۆزیك ئاسان دەکات. بەڵام وشە، چ بەشێوەی تێکەڵی نوسراو (ئەلف بێ)، چ بەشێوەی شفاهی (بەکاربردنی وشە)، پێویستە لەزەیندا ماناکرێتەوە. بەواتایەکی تر، لێرەدا دەنگ ڕواڵەتی ماددی وشــە نییە، بەڵکو وشە و لێکدراوەکانی تری زمان، بەهەر شێوەیەك، بێجگە لەنیشانەو بڕیارنامە شــتێکی تر نین، ڕاست هەر ئەم تایبەتمەندیانەیە کە بــواری لێکبەرکردنی وشــەی بە بــەش گەلی وردتری نیشانەیی وەك بەم چشنەو ڕەمزە نەویشتاریەکانی پێکهێناوە

و داهێنانی هێڵی کردۆتە ئەمری واقع. وە بەم نییەتەشەوە لەم وتارەدا لە"ئەلف بێ" وەك سەرەتاییترین کەرەسەی کاربوردی ئەدەبیات، ئاماژە کراوە.

لەئەدەبیاتدا، هەرگیز پێکەنینی مرۆڤ لەپەناو پەسیوی کولانەی هێڵە ڕەشەکانی کتێبەوە نابیسترێ. نەپێکەنینێك دیارە و فرمێسکێك، نەجسمییەتێك لەکارایە و نەبزووتن دەنگێك. حاڵ هەوای پێکەنینەکان لەتوێی وشەدا دەئاوسێن.

ئەدەبیات جیهانێکە کە لە وتاری بێدەنگی نووسەردا شکڵ دەگرێ لەرێگای لێوارەی تیژی زەینیەوە -دەست- بەقاڵبی تاقانەی چەمکەکان -پێت گەل- سەر هەڵدەدەن، تا دواتر بخزێنە ناخی زەینیەتی ئێمەوەو لەوێدا دیسان مانا کرێتەوە. بەبێ ئەم تێپەڕینە، ڕواڵەتی دەرەوەی ئەدەبیات بێدەنگی بەتەواو مانایە. بەدوای ئەودایە کە پێکەنین ماددییەت بەدەست دێنێ خۆی لە قاپوڕی بێدەنگی پیت دەردەکێشێ بەگوێ دەگات. ئەوکات تۆفانێك لەجووڵەو وێنەو دەنگ، کەلەزەینی کەسێکی تردابووە، شکڵ شێوەی خۆی لەزەینی بەردەنگ دا دەدۆزێتەوە.

لەم رووە وە، ئەدەبیات لەجادووگەری دەچێت. مرۆڤانە بیردەکاتەوە، نیشانەگەلێك لەسەر کاغەز دەکێشێتەوە، و مرۆڤێکی تر، بەسەرنجدان بەم نیشانانە، جادوو گیردەبێ ئەندێشەی کەسی نیشانەدانەر حاڵی دەبی پەیوەندی لەگەڵ دەگرێ. پەیوەندییەك لەنێوانیاندا پێك دێت کە لەوەنزیکتر، لەنێوان دوو کەسا، بەبیردا نایە: تەنانەت لەنێوان دوو کەسدا کەگشت کات ساتێك یەکتر دەبینن. نووسەری جادووگەر، لەکاتێکدا کە لەجێی خۆیدا دانیشتوە، خوێنەر دەگرێتە ژێر ڕەگباری سوتێنەری قسەو نیشانەکانەوە. لەهەر کتێبێکدا، جیهانێکی شاراوە نووستوە، دنیایەکی پڕ لەڕووداوو شتی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێنەر کەلەسەرنجی یەکەمدا وەبەر چاو نایەن. لەهەر کتێبێکدا هێڵ -خاڵە ڕەش بچوکەکان لەگەڵ سەدان هەزار لێکدڕاوی هەمەجۆر لەپاڵ یەکدا قەراریان گرتوە کە لە زاتی خۆیدا شتێکی جیا لەو هێڵ خاڵ نیشانە خوارو خێچە بچووکانە هیچی تر نییە، بەڵام، هەر کەچاوی مرۆڤی نیشانە فێربوو، سەرنجی بخاتە سەر، دەبێتە دنیایەکی سەرسوڕهێنەر کەپڕە لەرووداوو شێوە ڕەنگ دەنگ عەجایبات. لەناخی ئەم هێڵە خامۆش وردانەدا چ غولگەلێك شاراوەتەوە. چ هاوارو پێکەنین هەوڵ گریان شادمانییەك هەن. چ هەستگەلێکی شەریف سەرسوڕهێنەر لەئارادان. وە چ دنیایەك لەئەوێن، قارەمانی، جەسووربوون، خیانەت، سەرشۆڕی، گاڵتەجاڕی مالیخولیا خۆی حەشارداوە. هیچ کەس بەگوێ خستنە سەر لاپەڕەی کاغەز شتێك نابیستێ. تەنیا چاوە کەدەتوانێ ئەم دەنگانە ببیستێ کزانەوەکان هەست پێبکات لەناخی هەستە ئینسانیەکان حاڵی بێت. چاو لەئەدەبیاتدا رۆڵ کاربردێکی گرینگی هەیە کەلەپەیوەند لەگەڵ هیچ هونەرێکی تردا وەها دەورێکی نییە. بوونەوەرە ئەدەبیەکان، بەبێ چاوی مرۆڤ، لەدوو توێی لاپەڕەی کتێبەکاندا لەژێر گوشارێکی مەرگ باردان تا کاتێ، سەرئەنجام، چاو لەبەندی نیشانەی تاقانەی کاغەزی دەرباز دەکات. نووسەر بەدەستەکانی خۆی قسە دەکات ئێمەش بەچاو دەیبیستین شتێك لەم نێوانەدا ئاڵوگۆڕ ناکرێ، بەڵام ئێمە گەوهەری زەین ئەندێشەی ئەو بەدەست دێنین. دەستی نووسەر زمانی بێدەنگی ئەوە. بەهۆی ئەوەوە، دنیایەکی نەبیندراو پێك دێنێ کەلەکاکە شانەکانەوە تا ماڵی مێروولەکان لەخۆی دەگرێ بابەتەکە تەنیا لەئاستی ئەم جیاوازیەدا ناوێستی. لەبەر ئەم تایبەتمەندیە لەئەدەبیات دا شتگەلێکی هەمەجۆر، هەر لەپێکهاتەیی شوێنەوار دانەری، دێنە پێش کە لەگەڵ بابەتی هونەرەکان جیاوازیەکی زاتی (ماهەوی) بەدەست دێنێ.

ئەدەبیات، لەبنەڕەتدا، بۆ سەلماندنی ئەوە کەدەیڵێت ڕێگایەکی دوورو دژواری لەبەرە. بەتایبەتی لەشێعردا، کەمەسەلەی مەودا دانان توندو خێرا دەبێتەوە، ئەم چلۆنایەتیە باشتر خۆ دەنوێنێ. کەسێکی کەشێعر دەخوێنێتەوە، بەگشتی هەست دەکا کەشێعر دەخوێنێتەوە. بوونی شاعیر بەردەوام لەدەرەوەی بابەتەکە هەست پێدەکرێ. لەهونەرەکاندا کەمتر بەم شێوەیەیە. کاتێ فیلمێ چاو لێ دەکەین، بەهاسانی دەتوانین جێگاو شوێنی خۆو ئەوەی کەئەساسەن سەرگەرمی فیلم تەماشاکردنین لەبیر دەچێتەوە. کاتێ ژیان لەسینەمادا دەبینین، لەگەڵ ئەوەی دەزانین "شانۆ"یە، دیسان باوەڕمان وایە کە"ژیان"ە. بۆچی؟ ئایا خۆمان فریو ئەدەین؟ یان ئەمە ڕاستەقینەی دەرەوەی ئێمەیە کەخۆی دەسەپێنێ لەنیزامی باوەڕەکانی ئێمەدا جێنشین دەبێت؟ لەسینەمادا، مرۆڤەکان، جسشوێن، شوێن، دەنگ ڕەنگ رووناکی بزووتن لەدەرەوەی ئێمەو لەبەرانبەرماندا، بوونیان هەیەو هەست دەکرێن. ناکرێ پێکەنینی منداڵێك ببیستی سەبارەت بەو بێ تەفاوەت بێ خەیاڵ بیت. ئەوینی مرۆڤەکان، خۆراگری، هەوڵدان، ستەم، ڕەمزورای ژیان یان هەر لایەنێك لەهەستی کۆمەڵایەتی سروشت لەبەرانبەردا بێ لێی بەدووربی. هونەر، هەر کامێکیان، چ شانۆیی، چ بیستیاری (شنیداری)و چ دیداری شکڵی (تجسمی)، بەپێی تایبەتمەندیەکانی، بەهۆی کەرەسەیەکی ماددی کەلەئیختیاری دایە باوەڕ بەخۆی دەسەپێنێ. تەنانەت لەشێوەکاریش دا هەروایە. لەگەڵ ئەوەشدا کەبەردەنگ دەزانێ ئەو شتەی کە تماشای دەکات وێنەیەکە بەمەبەستی پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ئەودا پێك هێندراوە، دیسانیش باوەڕ بەڕاستەقینە بوونی خودی وێنەو ماددییەتی ڕەنگ نەخش دێنێ. بەڵام لەئەدەبیاتدا گشت شتێك خەیاڵە، هەموو شتێك لەهەمبانەی زەینی نووسەرەوە دەدەڵی، لەبەردەم ئێمەدا، ڕواڵەتی ماددی نییە.

دەکری سەرنج بدرێتە بابەتێکی تریش لەبواری جۆری شوێنەوار دانان، وەك ئەوەی کە: نووســەر لەهونەرمەند کەمتر پابەند بەلاسایی کردنەوەو بەدیهێنانی ڕواڵەت گەلێکی ڕاستەقینەیە. ئەدەبیات زۆر لەهونەرەکان ئازادترە. لەشێعردا، کەچۆراوەی خەیاڵــە، ئەمانە بەرچاوتریــن خاڵی جیــاوازی ئەدەبیات لەهونەرەکانــەو تایبەتمەنــدی خۆی پێدە بەخشــێ کەیلی دژواریەکانیشی دەکات. نووسەر، لەگەڵ سەربەخۆبوونی، بی سەرمایەترین هونەرمەندانیشن. وەك کەرەسەی ماددی کار هیچی لەبەر دەست دا نییە پێویستە بەرێتە گیرفانی ناخی خۆیــەوەو لەهەمبانــەی زینی مایەدا بنێت. نەشــا گردێکــی هەیە، نە یاری کەرێك نەڕەنگ شــوێن تەنانەت سروشتێکی لەبەرانبەردا. لەیارمەتی هیچ فەن پسپۆریەکیش بەهرەمەند نییە. بۆ خۆیەتی خۆی. تەنیا، لەوەتاغێکی ساکت بێدەنگ. لەگەڵ دنیایەکی بێسنوور لەبەرانبەردا، کەپێویستە لەبنەڕەتەوە دروستی کاتەوەو نیشانی بدات. دنیای نووسەر هی خودی ئەوە. جیهانێکی کەبەر لەدروستکران نادیارە چ شکڵ شێوەیەکی هەیە. ئەو پێویستە لەجیاتی کەسەکانی فێر ببێ، کار بــکا، بێنێ، ببات، بکــرێ، بکوڵێنێ، بخوا، بخواتەوە پێبکەنی، یاری بکا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، چاکەو خراپەی لێروو بدات، ببێتە گشت پوچیش بێتەوە.. بەجێگای بەشەرو ئاژەڵ لەدایك بێ تەنانەت بشــمرێ، تا شتێك لەو نێوانەدا بڕوێت. ئەدەبیات سەرشــارە لەئەزموون گەلێك کەلەمەودای بەدیهێنانی بەرهەم دا دەدۆزرێتەوە. نموونەیەکی لەبەر دەمدا نییــە. بەم هۆیە، ســەربەخۆترین هونەرەکانە. ســەر بەخۆ لەخەیاڵدا. هیچ چەشنە کەرەسەیەك، کارەکەی پێوەند ناکا. هەر بەو ڕادەیەی دەستکورتە لەبەدەستەوە گرتنی کەرەسە، بەو ڕادەیەش ئازادو سەربەخۆیە. کەسەکانی پێشتر نەبیندراون. بەهەر شێوەیەك خۆی پێی باش بێ دەیانخەملێنێ ڕواڵەتیان دەردەخات. هەر وشەیەکی خۆی بیەوێ دەیخاتە زاریان هەر ڕەنگ بۆیەکی کەنەچێتە چوارچێوەی ماددەوە دەبەخشــێتە ئاو و گڵی زەویەکەی. بەدژواری شــیاوی بەزبین گەیشتنە کەخەیاڵاتێکی ئەدەبی بــۆ وێناکردن ببێ لەهونەرێکی ترا. سەربەخۆیی ئەدەبی ڕەخنەدەکاتە دنیای خوێنەریشەوە. ئیزنی هەیــە ئەو جۆرە راهاتووەو دەتوانــێ دەیەوێ جیهانی ناخی نووســەر بخاتە چوارچێوەی خەیاڵیەوە. ئەم ســەربەخۆییە بۆ خوێنەر لەداســتانیش دابوونی هەیە کەســیماو ڕواڵەتی کەســایەتیەکان، فەزاو یان ئــەو شــوێنانەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدا، بەنابەویســت بەپێــی توانایی خۆی لەزەینیدا بخولقێنێ. بۆ نموونە هەر کام لەئێمەدا ڕواڵەتی بابا گوریو یان ابلمف و باقی پاڵەوانەکانی ئەدەبیات بەدڵخوازی خۆمان دەبینین شــوێنەکان ئەو فەزایانەی کەرووداوی داستانەکانی تێدا ڕوویداوە بەپێی زانیــاری ئەزموونەکانی خۆمان دێنینە بەرچاو. یان، کاتێ کەباســی تاریفی سەحنەیەك، بۆ نموونە

ماڵێکی مەترســیدار، دەخوێنینەوە، لەسەر ئەساسی توانایی نووســەر لەتاریفکردندا، بەنزیك بوونەوە، لەزەینی خۆماندا ماڵێکی مەترســیدار دێنینە بەرچاو کەبەهەڵکەوت لەگەڵ ئەوەی کەنووسەر لەزەینی دابووە وەك یەکە، بەڵکو لەزۆرکات دا بەتــەواوی لەگەڵ ئەو جیاوازە. چون وەها ســەحنەیەك، بەپێی بیســتنەکان، دیتنەکان ئەزموونەکانی هەر کەســێك، بەچەشنێکی تایبەت لەزەینی ئەودا شکڵ دەگرێ. و ڕەنگە ماڵێکی مەترســیداری کەلەفیلمێــك دا دیومانە، ئەمجارە لەچوارچێوەی وێنەی ماڵێکی کەنووسەر بۆ ئێمەی نەخشاندوە یان دەنەخشێنێ، دەر بکەوێ. سەربەخۆیی وێناکردن (تێور) لەئەدەبیاتدا، تەنیا بۆ ئەندێشــەی نووســەردا هەرگیزیس نامێنیتەوە، بەڵکو مەیدانی زەینی خوێنەریش دادەگرێ. وە ئەمە لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ کە واژە لەپێکهێنانی وێنە لەگشت زەینەکاندا کردارێکی وەك یەکی نییە، بەڵکو بەپێی ڕادەی وشیاری، ئەزموون، خووخدە، داب نەریت و فەرهەنگ بەپێی دیتنەکان بیســتنەکان شــکڵ دەگرێ. لەڕاستیدا واژەیەکی هاوبەش لەزەینە جیا جیاکاندا وێنە گەلی هەمەجۆر دروســت دەکا. بەم هۆیەوەیە کە بەڕادەی کەسانی هەمەجۆر لەدنیادا تێڕوانینی جیاواز ســەبارەت بەدیاردەی خودا هەیە. ڕوانینمان ســەبارەت بەهەر دیاردەیەك کە، لەگەڵ ڕواڵەتی وێنەیی، شــێوەی واژەییش بەخۆیەوە دەگرێ. بەپێی دەرکی ئێمە لەشکڵ شــێوەی هەر واژەیەك جۆری دەربڕینی، وتێك هەڵچونێکــی کە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا پێکی دێنی، وێنەی دیاردەی ناوبــراو هەمە جۆر دەبێت. هەر بەم شــێوە زمانە هەمەجۆرەکان، و پێشــینەو داب نەریت ڕووداوە مێژوویی کۆمەڵایەتییەکانیــش، شــوێنەواری تایبەتیان ســەبارەت بەپێکهێنانی هێندێك وێنەی واژەگانی هەیە. بەم شــێوەیە، سەربەخۆیی خەیاڵاتی ئەدەبی، جۆرێك بێ سنووری بۆ خۆی دیاری دەکات کە هاوتــای لەکەمتر هونەرێکی تردا دەتوانی بدۆزیتەوە.

لەســینەمادا ڕواڵەتی دانە دانەی کەســەکان شــوێن ئەو فەزایانــەی کە ڕووداو تێیاندا تێدەپەڕێ ڕاســتەوخۆ لەبەر چاوماندایەو بینەر مەجالی خەیاڵ پەردازی لەو بوارەدا نییەو فیلم ســاز وێناکردنی هیچ ســەحنەیەکمان ناخاتە ئەستۆ. بەڵام لەئەدەبیات دا، چاوی شــەهلا، لووتی قەڵەمی، لێوی گۆشتن شــتی وەك ئەمانە، کەبەگشتی شت گەلی کوللی نارۆشــنن، پێکهێنەری ڕواڵەتی هەمەجۆر لەڕوانگەی کەس گەلی جیاوازەوە، ڕەنگیشە بەشــتێکی ڕۆشنی کەلەپەیوەند لەگەڵ ڕواڵەتێکی داســتانیدا دەردەبــردرێ، وێنە گەلێکی جیاواز لەزەینی بەڕەنگە (مخاگب) هەمەجۆرەکاندا شــکڵ بگرێ. لەڕاستیدا، هەر کەسەو، بەپێی لێهاتوویی توانایی زەوقی خۆی، جوانی لەزەینی دا شــکڵ پێدەدا. لەم ڕووەوە، ســەربەخۆیی ئەدەبیات دەگوێزرێتەوە بۆ بەردەنگ لەشکڵ

پێدانی روالّەتەکان، شـوێنەکان فەزاو حالّەتـەکان، بەپێی ئەزموونی خۆی، خۆی لەگەڵ نووسـەردا دەکاتە هاوبەش- شتێکی کەهەرگیز سەدەمە بەتواناییە هونەرییەکانی نووسەر ناگەیەنێ. بەڵکو ئەو تەنیا "بەچەشـنی هەرکەس" شـکڵ پێدەدات. لەڕاسـتیدا، بەخوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، هەر جارەو دیسان بەرهەمەکە سەر لەنوێ دروست دەبێتەوەو خاڵ نیشانە ڕەسـم کراوەکانی ئەلف بێ، کەلەپێشترا لەبارەیانەوە دواین. دنیای داسـتانی نووسـەرەکە کەبەچەشنێکی جادوو گەرانەوەك بابەتێکی دروستکراوی خۆی شـکڵ پێدەدات، وە نەك هـەر ئەو فەزایـە، بەڵکـو فەزایەك بەکەرەسەی سەربەخۆ لەروالّەت شـوێن حالّـەت، کەتەنیا لەچوارچێوەگەلی کوللیدا لەگـەڵ دیـاردە سـەرەتاییەکاندا دێتەوە.
بـەڵام ئەمانە بەم مانایە نییە کەکاتێ ئینسـان ئەدەبیات دەخوێنێتـەوە باوەڕ نـەکا ئەم شـتانە ڕاستەقینەن. ئێمـە کاتێ کتێب دەخوێنینـەوە بـڕوا دەکەیـن کەمرۆڤـەکان، لەگـەڵ گشـت ناڕاسـتەقینەبوونیان، ڕاستن لەشکڵی ڕاستەقینەی خۆیاندا وێناکراون، ئێمە، لەگەڵ ئەواندا، خۆشمان دەدۆزینەوە. بڕوا دەکەین کەهەین خەریکین وێدان بەخشـین لەنێوان نووسەرو بەردەنگ دایە کەلەگەڵ وێدان بەخشینی هونەریدا جیاوازی گەلێکی هەیە. کەسێکی کەئەدەبیات دەخوێنێتەوە لەهێندێك ئان ساتا ئەو مرۆڤەی پێشـووتر نییە: کەسێکە کەبەڕەمزو ڕازو ئەزمونێکـی دژواردا تێدەپەرێ، لەبازنەی سـوتێنەری ئازمونێکی سەرسـوڕهێنەرەوە تێپەڕ دەبێ، تا بەچەشنێکی



تایبەت بگۆردرێ. سـاتێکی زەینیەتـی کارتێکراو لەلایەن تاقانەی (تجرد) ئینسـانییەوە کەشێعر دەخوێنیتەوە، و دیارە بـەردەوام دەزانی کەلەحالّی شـێعر خوێندنـەوە دایە، بێنە بەرزەین تا ئەم وتارە رۆشـنتر بێتەوە. بەتایبەتی لەشێعردا، هەموو شتەکان غافلّگیرییە. بەردەنگی شێعر، بەبێ ئەوەی مەجالێکی هەبێت، لەڕاسـت چەپەوە دەکەوێتە بەر هێرش. تێکچڕژاوی پێشکەشکردنی چۆڕاوەی بابەت وزەیەکی زۆری دەوێ بۆ حالّی بوون. لەشێعردا، بەردەنگ پێناسەی (هویت) خۆی دەدۆرێنێ تـا لەڕەوتـی تونـدو خێـراو پـڕ لەخوێنێکی کەلەفەزادایـە تێپـەڕی. ڕەت بوون لەکوللیەتی شێعر گەورەیی کەسایەتی واتە تەشەخوسـی بەردەنـگ دشـواتەوە، تا جوانی ناسانەی چۆڕاوەیەکـی "کوللـی هەستی" سـات بەسـات بـەو ببەخشێ. دوای خوێندنـەوەی شـێعر، مرۆڤ گێژەو واهەست دەکات چەنـد سـاتێك خـۆی نەبوەو لەشێوەیەك هاوسـەنگی پاکی بەهرەمەند بـووە. جۆرێك گۆشەگیری لەناکاو. لەشـێعردا، بەشی هەرە زۆری بابەت لـەدەرەوەی شـێعردا لەجەریاندایە، تا ئەو سـاتە پالّاوتە، ئەم برگە غافلّگیرانەیە، بگاتێ. لەشـێعردا، ڕاسـتەقینە بەچەشـنێك دەردەکەوێ کەبەردەوام، بێجگە لەم چوارچێوەو شێعرەدا، نایەتە بەرزەین. باقی چوارچێوەکان دووبارەکردنەوەی هەر ئەو نموونە شـاراوانەیە. گشـت پێچـەڵاو پێچەکانی ئەدەبیـات هەر بەو ڕادەیە لەژیانەوە نزیکە کەخۆی لی دوور دەگرێ. پەیوەندیەکی نوێ نامۆ لەگەڵ نا سـەقامگیری

مرۆڤ هەستی ئەم، سەخاوەت مەندیەکی تایبەت بەروالەت چەمکی ئەدەبیات دەبەخشــێ، بونەوەرێکی کەلەدایك دەبێ ژیان تێکوشــوێن دەدات خۆی لەژیانی تازە بەدەســـتهاتوی بەردەنگدا، ئالوگۆڕ وەردەگرێ.

بەڵام کاتــێ لەگۆڕەپانی عەینییەتـــەوە تێپەڕین پی بنێنە بەســـتێنی خەیاڵەوە، ئەم سەربەخۆیە رواڵەتێکی تر بەخۆیەوە دەگـــرێ. بەتایبەت لەهێندێك بواردا، لەوانە لەبواری دەرکی ناخی کەسایەتیەکان، خەیالاتی بەردەنگ بەر تەسك دەبێتەوە: بەم هۆیەی کەئەدەبیات نا وێنەییەو تەنیا لەزەینداد دەبێتە وێنە. لەراســـتیدا، لێرە، واتە لەئەدەبیاتدا ئەمە نووسەرە کەدیوی ناوەوەی کەســـایەتیەکانی داستان دەنوسێتەوە، لەحاڵێکدا، بۆ نموونە، لەســـینەمادا، ئەمە ئێمەین کەدەتوانین، بەئارەزووی خۆمان، ناوەڕۆکێکی تایبەتی بۆ ئەو کەســـانەی کەلەفیلمدا دەور دەبینن دیـــان بینین لەزەیندا بگونجێنین. بەشـــێوەی ئاسایی کاتێ کەســـێك دەبینین، دەتوانین سەبارەت بەناخی ئەو بیر ببکەینەوە، واتە بۆ ئەوەی خاوەنی بەرداشتێکی زەینی لەکەســـایەتییەك بین، پێویســـتیمان بەوێنەی ئەو لەدەرەوەی زەینی خۆمانـــە. و بەکردەوە ئەمە روو نادات کەمرۆڤ بیر لە"ناوەڕۆکی" کەسایەتیەکی خەیاڵی (ئەدەبی) بکاتەوە. بەم پێیە، شیکردنەوەی ناخ ناوەڕۆکی کەسایەتی ئەدەبی، بەشێوەی وێنەیەکی کەنووســـەر پێکی دێنێ، چەشنێك دەست تێوەردان یان دادوەری ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە دەژمێردرێ. هەر بەم هۆیەشـــەوەیە کە "زانای کول" لەئەدەبیاتدا لەچاو ســـینەما زۆرتر لەچاو ئەدات. لەشێعردا، باسەکە لەمەش نادێمکراتیك تـــرە. لـــەوێ تاقولایی ناخ هەســـتی ئێمـــە لەکۆنترۆلی شاعیردایەو، ئەو بەرێنماییە کوللیەکانی، مەجالی بیرکردنەوە ســـەبارەت بەبونیادی کوللی شـــێعریش بەخوێنەر نادات، چ بگا بەئیمکانی بەدەستهێنانی ناخ ناوەڕۆکی کەسێکی دیارو بەناو. دەکرێ بوترێ لەشـــێعردا، بەتایبەتی شاعیر بەکردەوە لەغاوی کوللیەتی هەســـتیاری خوێنەر بەدەســـتەوە دەگرێ و بەئاراســـتەیەکی دیاریکراویدا دەبات. شـــاعیر بەڕادەیەك لەدەربڕینی وردەکاریەکانی ســـەحنەکەیدا سەقیلە کەبەکردەوە توانایی ئەوەمان نییە کەبەیارمەتی ئەم دەر بڕداوە کوللییانە، تەســـەورێکی "دەروون کەســـایەتی"مان لەکەســـێك هەبێت، ئەساسی شـــێعری سروشتی کرداری ئینســـانەکان لەشێعردا دەسڕێتەوەو کوللییەتێکی داوەری مانەندو ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە دەباتە پێش.

ئەم داوەریە، کەلەسینەمادا ڕاستەوخۆ لەلایەن کارگەردانەوە بەڕێوە ناچێ، تەقریبەن بەچەشنێك لەئەستۆی بینەرە. چون ســـینەما نوێنگەی خاڵی بۆچوونە. وای دەردەخات کەوێنە دادوەریەکی ڕاســـتەوخۆ بەحیســـاب نایەت، بەڵکو دادوەری لەزەین دایە کەبەرێوە دەچێت، نەك لەدەرەوەی ئەودا.

***

تا ئێرە باســـمان لەکوللیەتی جیاوازی هونەرو ئەدەبیات کرد. ئێســـتا دەتوانین باس لەجیاوازییەکانی ئەدەبی هونەریەکان، وەك جیاوازی لەشێعر داستاندا، وەیان جیاوازی لەنێوان هەریەك لەهونەرەکان، و هەروەها خاڵە هاوبەشەکانیان بکەین.

## گۆڕان دەرکەوتن

تا ئێستا روون نەبۆتەوە و نازانرێ کام هونەر بەر لەوی ترە. کەس نازانێ کەشێوەکاری زووتر بەدیهاتوە یان، بۆنموونە، مۆسیقاو چۆپی، لەنێوان شەش هونەری کۆندا، هونەر تەجەسومیەکان (شـــێوەکاری، پەیکەرسازی بیناســـازی) ئەم شانسەیان بوە کەلەکۆنترین شـــکڵیانەوە بمێننەوە تا ئەمڕۆییان. بەڵام بۆ پارێزگاری لەهونەرەکانی تر وەك چۆپی، مۆســـیقاو شانۆ، کەرەسەیەك بەدەســـتەوە نەبوە تا بەهۆیەوە بتوانری پێشینەو سەرەتاو کۆتایی هەوڵ ئاخری هونەرەکان سەبارەت بەیەکتری پەی پی ببرێ. بەم پێیە، لەتوێژینەوەکانی مێژوی ســـەرەتای هونر زیاتر لەهەر شتێکی تر پشت بەشێوەکاری و هونەرەکانی تری وەك ئەمانە دەبەســـترێ. و لەرێگای ئەمانەوە دەســـت دەدەنە خوێندنەوەی ڕشتەکانی تر، بۆ نموونە، بۆ پیاچوونەوەی چلۆنایەتی شوێن هەڵگرتنی چۆپیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، جگە لەوەی، بگەڕێینەوە سەر ئەو نەخش نیگارانەی کەبەسەر دیوارو بەردەکانەوە کێشراونەتەوە، رێگا چارەیەکی تر لەئارادا نییە. و لێرەوە، ناتوانـــرێ بگەینە ئەم ئاکامەی کەحەتمەن، هونەری شـــێوەکاری، لەچاو چۆپی لەپێشـــترەوە بووە، بەڵکو ئـــەم مانەوەیە بەهۆی توانایـــی تۆمارکردنییەوە پێکهاتووە. هەڵبەت، بەپێداچونەوەی ئیمکاناتی مرۆڤە سەرەتاییەکان ئەو پەیامەی هونەرە کەهەڵگریەتی تا ڕادەیەك دەتوانرێ پەی بە بەر و دوا بوونیان ســـەبارەت بەیەکتری ببردرێت. بۆ نموونە رۆشنە کەئەدەبیات نەیتوانیوە بەر لەدەست ڕاگەیشتنی بەشەر بەشێوەکاری ئیمکانی بوو بێت. ئووستورە، کەکۆنترین شێوەی ئەدەبە، تەنانەت بەچەشنی زارەکیش، سەرو دەمانێ پێکهاتوە کەمرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ســـەرچاوەو بنەڕەتی هەســـتی یان بەدی هێنەر دەســـتی دابێتە بیرکردنەوە. دەرکی ئالۆزیەکانی ژیان، بیرکردنەوە سەبارەت بەڕابردوو وە چلۆنایەتی پێکهاتنی (کەلەئوستوورەدا شکڵ دەگرێ) لازمەی تێپەڕین لەدەرەوەی ســـەرەتای بیرکردنەوە ســـەبارەت بەژیانی ئێستاو بیلفێعلی مرۆڤی سەرەتایی بووە کە شـــێوەکاری خۆی ئالوگۆڕەکەی (هەروەك پێشـــتر لەم وتارەدا باسکرا) یەکێك لەم دەورانەیە. و یان دەســـت دانە بیناسازیش نیازمەندی کەرەسە گەلێك بۆ دامەزراندن بووە کە دەســـت پێڕاگەیشتنیان ئالۆزتر لەدەست پێڕاگەیشـــتن بەکەرەسەکانی شـــێوەکاری بووەو پێویست بوو لەدەورەکانی دواییدا بەدەست هاتبێت.

شانۆش لەســـەرەتاوە نیازمەندی ئەوەبووە کە مەبەستێك بۆ گێڕانەوەی داســـتان لەئارادا بێت. و ئەم دیسان دۆزینەوەیە،

كە بێشك شتێكە پەیوەندی بەڕابردووەوە هەیە، دەبوو لەدەوری ئیدراكاتی داســـتان وێژی، كە لە هەستكردن بە شێوایەكانی شێوەكاریە دیواریەكان ئاڵۆزترە، تێپەڕیبایەت، بەڵام، ئەگەر لەجێژن ئاهەنگەكانی ڕاو و یان، ڕی و ڕەســـمە ئاینیەكانی دواییدا ئەنگێزە شـــانۆییەكان بدۆزینەوە، و یان، سەبارەت بە شێوەكاری، گۆرانی وتن ، تەنانەت هەراو هوریای بەكۆمەڵی ڕاوچییە سەرەتاییەكان، لەكاتی ڕاودا، بەشێوەیەك مۆسیقا دابنێین، دەتوانین ئەم دوو هونەرەش بخەینە ڕیزی شێوەكاری، پەیكەرســـازی چۆپییەوە كە كۆنتر بوونیان سەبارەت بەیەكتر روون نییە.

### شێوەكاری

هونەرە تەجەسومیەكان بەشـــێوەیەك بەیەكەوە لەپەیوەندیدان، چ لەبەر جسمیەتێكی كەلەواندا وەك یەكەو چ لەبەر بەرقەرار مانـــەوەی ماددی ئەم هونەرانە. ئەگـــەر چاو لەهونەرەكانی تـــر بكەین، دەبینین بێجگە لەســـینەما، كە هونەرێكی كەم تەمەنترە، تەنیا هونەرە تەجەسومیەكان دەمێننەوەو بەرقەرارن. واتە شانۆ، مۆسیقاو چۆپی هەرسێكیان هونەر گەلی ساتین كەلەكاتێكی دیاریكـــراودا بەدی دێن دواتـــر لەئارادا نین. لەم ڕوانگەیەوە، خســـڵەتی بەرقەراری، كات لەهونەرە تەجە سومیەكان دوور دەخاتەوە.

بەعەلاوەی ئەمە، بۆ روانین بەبەرهەمێكی تەجەسومیدا، وەك، تابلۆیەكی شـــێوەكاری، پەیكەرە یان بیناسازی، ساتەوەختێك كافییەو كاتی سەردەم سەدەیەكیش كەمە: واتە لەڕوانینێكدا دەكرێ گشـــتیەتی بەرهەمێكی تەجەسومی دەرك بكەیت، لەهەمـــان حاڵ دا، بۆ دەركی هەرچی باشـــتری، كات كات ڕێژەیەكی دیاریكراوی نییە.

كاتـــی گەڕانەوە ســـەر بەرهەمیش دەركرێ لەم چەشـــنە هونەرانەدا خاوەنی نەكسە بێ. هەڵبەت ئەم وێستانە كاتییە لەگەڵ وێســـتانێكی شـــوێن هەڵگرانەی وا كەلەگەڕانەوە بۆ ســـەر ئەدەبیاتدا هەیە، جیـــاوازی هەیە. چون، لەهونەرە تەجەسومیەكاندا، بەدواداچون شوێنگێڕی بابەتیانە و حادسی لەئـــارادا نییە، كات دەبێتە عاملێكی دەروونی، لەواندا، واتە شـــتێكی كە، لەناخی ئەواندا گوزەر دەكات لەدەرەوە نموود و دەركەوتنی نییە. ئەم تایبەتمەندیە، بەبەرقەراری مانەوەی بەرهەمە تەجەســـومیەكان لایـــەن تایبەتمەندی نارۆژانەیی دەبەخشـــێ: بەو شێوەی كەســـەر بەو كات و دەورەیەی، كە هونەریش تێدا بەدیهاتووە، خۆ نواندنێكی دەرەوەیی بەخۆیەوە ناگـــرێ لـــەم رووە وە كۆت وبەندی دیاریكراوی ســـەردەم دەورانەكان داوێنگیری هونەرمەند نابێت.

### *هونەری شێوەكاری

هیچ هونەرێك لەمێژوودا بەئەندازەی شێوەكاری نەدراوەتە بەر ڕەخنە و لێكۆڵینەوە. لە وێنەی دەستی بەشەر بەسەر دیواری غارەكانەوە تا ئابستره و شێوەكاری ئەمرۆ، پشكنین، گەڕان داوەری بەشەر سەبارەت بەم هونەرە هێشتا هەر بەردەوامە. و ئەمەش نەك لەبەر ئەوەیە كەشێوەكاری هونەرێكی لەمێژینە، بەڵكو زاتی ئەوە كە ئینســـان وادار بەداوەری دەكات. دەركی ئاڵوگـــۆڕ لەئەدەبیاتدا ئانی لەڕێوە نییەو پێویســـتی بەوەیە كەخوێنەر خۆی لەرووداو و سەنعەت پەردازی گەلێكی وا لە بەرهەمەكەدا دەرباوێ تا بتوانێ لەو ڕەگەزە شوێنەواردانەرەی كەبەردەوام دەیخەنە ژێر ســـەیتەرەی خۆیانە دوور كەوێتەوە. داوەری ســـەبارەت بەمۆســـیقاو چۆپیش، لەبەر هەڵێنجران پاكییەكی لەپێكهاتەی ئەم هونەرانە دایە، بەئاســـانی دەست نادات.

هەروەها، لە شـــانۆدا، لەبەر داستان وێژی حزوری زیندوی ڕەگەزگەلی ســـازەندە، لەپەیكەردا لەبەر ســـنووردار بوونی جنس جۆر و لە بیناســـازیدا لەبەر بەكەڵك بوون ئنتیزاعی بوونی شـــكڵ قـــەوارەكان، دەركی ئاڵوگـــۆڕە دەورەییەكان دژوارە. بەڵام عەینیەتی شـــێوەكاری، زمانی ئاشـــنای ئەو و "ئەم هەمانی"یە سروشـــتیە، بینەر بەدوای بەدەســـتهێنانی وێكچوونەكاندا دەكێشێ دەركی ئاڵوگۆڕو بەراورد و داوەری، ســـەبارەت بەم هونەرە، بۆ هەر بینەرێك ئاســـان مومكین دەكات. لەشـــێوەكاریدا، داســـتان وێژی كەمتـــر لەبەرچاو دەگیرێ وێچواندنی سروشـــتی بەكردەوە رۆڵی گێڕانەوە كە چاوگێڕانێك بەلایەنی بیرو ئایدیادا دەكات، وەئەستۆ دەگرێ. وەك شێعر. لەســـینەمادا، گێڕانەوە لە دروستكردنی بیستن دیتن دا شكڵ دەگرێ لەئەدەبیاتدا، گێڕانەوە لەبەدیهێنانی وتاریدا (واتە ڕاســـتەوخۆترین چەشنی ریوایەت پەردازی). لەم رووە وە، ئاڵوگۆڕی شـــێوەكاری كە تەنیا لەوێچواندن دا خـــوێ دەنوێنێ، زیاتر لەهونەرەكانـــی تر بەرچاو دەكەوێ. هەر بەم هۆیە دەكرێ، بەچاو گێڕانێكی گشـــتی بەمێژووی شێوەكاری دا، بەئاسانی ئەم گۆڕانانە هەست پێبكەی.

شێوەكاری لەمیری باستانەوە، لەدەورانی دەستەڵاتی گرایشاتی ئینتزاعی ئەندازەیی، تاگەیشـــتن بەئابستراك لەسەردەمی نوێدا، بەردەوام ڕێگایەكی نوێ ئاشكرا و شیاوی گەیشتنی بـــۆ خۆی كردوتەوە و بەم وەســـیلە مەیلـــی كەماڵ جویی گشتی خوازی بەشەری ڕازیكردوە. بەڵام، بەر لە گەیشتن بە ئاخرین دەورەی تەكامولی پێكهاتەی خۆی، لەئیمپرسیونیســـم دا، لەسروشتگەرایی خود بەخودی دەورانی سەرەتایی دەورەی ژیانەوە و ڕەگاژۆ، مەودا دەگرێ ڕێگایەك دەست پێدەكات كەگرینگترین خسڵەتی زۆر لەسەردەمەكان لەقەب دەگرێ. بەئاســـانی دەكـــرێ بەوەبگەی كە لە بەرهەمی شـــێوەكانی ئیمپرسیونیســـت دا، گۆڕانـــی پێكهاتەیـــی، بەپێچەوانەی ڕابرووی ئەم هونەرە، شـــتێكی ئیرادییـــە و بە ئەنگێزەیەكی ئاگایانەوە بۆ گۆڕینی سەبك شێوە بەرێوە دەچێ. چاوێك

لەکلیل ودمەنە و سزان بکەن ببینن، ڕوانگەی مرۆڤ لەئیمپرسیونیسم بەدواوە چۆن دەگۆڕدرێ.

ئیمپرسیونیسم خاڵێکی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیە. بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا، ئاڵوگۆڕ لەپێکهاتەی هونەریدا، نەك لەرواڵێکی بەشێنەیی دوورو درێژدا، و لەژێر کاردانەوەی ناڕاستەوخۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو بەپێی ئیرادەو ئەنقەستی هونەرمەند، و بەتەئسیر وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لەژیانێکی ئاڵوگۆڕ دیتوی پڕ جموجووڵ پڕ خورۆش دا بەدی دێت. ئەم نوێ ئاوریە ناگەهانیەی شێوەکاری، بەچەشنێك شوێنەوار دانەرکە دواتریش لەباقی هونەرەکانی ترداو لەئەدەبیات دا ئیدامە دەدرێ دەبێتە. حاڵی دەست پێکردنی ئاڵوگۆڕە بەئانقەستەکانی داهاتوو.



ئیمپرسیونیسم پێوانەی حەقیقەت لەیەك ساتدا بێ هاوتا و تاك یەگانە دەبینێ چەشنێك ڕاپەڕین لەبەرانبەر بایەخە پایەدار و سوونەتی ئولگو کراودایە. ئەگەر شێوەکاری سەرەتایی سروشتگەراییەکی خودبە خودییە، ئیمپرسیونیسمی سەدەی نۆزدە تەکامولێکی فکری بەئانقەستە. چەشنێك دۆزین گەڕان کێشەیە، تا بەراورد کردنی واقعیەت لەگەڵ خەیاڵدا. هەر ساتێکی گۆڕان خوازە و لە ڕەوتی بەردەوامدا. عەین زەین، کاردانەوەی بەپەلەی هیتر خوازیەکە، کە سەمەرەی چەشنێك نا ئارامی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە و شکستی شۆڕشی ١٩١٧یە. ئیمپرسیونیسم، بەجیاکردنەوەی ڕوانگە لەهۆکارگەلی چەمك، سەربەخۆیی بەڕوانین تکنیکی شێوەکاری دەبەخشێ حەرەکەتی کالبودی سروشتی لەشێوەکاری دا مومکین دەکا و خاڵێکی حەرەکەت بەرە و ئابستراکە. ئەم شێوەکارە لەدەورانێکدا ڕوودەدا کەجێگۆڕکێی بەردەوام دەورگرتوی مەسرەفی کالا، چەشنێك خێرایی لەکۆمەڵدا پێکهێناوە و خێرایی لەئەرزیابیە بیری یەکان لەگەڵ خێرایی شێوەگەلی گۆڕاوی ژیاندا هاو ئاهەنگ دەکات.

"ئیمپرسیونیسم، کەوتەڕی پڕ خورۆش، بزوتنی بەردەوام، و لەڕاستیدا هونەرێکە شاری، چون ئاڵوگۆڕ پەزیری، ڕیتمی عەسەبی، کەشتەنگ بوونی ناگەهانی بەردەوام لەحاڵی تێپەڕیندا وەسف دەکات، و دەقیقەن هەر بەم کەیفیەتە، نیشاندەری بەرینایی‌یەکی عەزیمی بینینی حیسی، شیدەتێکی نوێی هەستیاری تەحریك پەزیریەکی نوێیە. لەگەڵ سەبکی گوتیك ڕۆمانتیکدا نیشانەی یەکێك لەگرینگترین خاڵەبەرجەستەکانی هونەری ڕۆژ بەم چشنەیە. لەفەراگەشتی دیالکتیکیدا، واتە کرداری بەنۆبەی چەقین بزوتن، شێوە ڕەنگ، و ژیانی ئۆرگانیك کەشێوەکاری لەخزمەت پیشاندانی دایە، ئیمپرسیونیسم لوتکەی ئاڵوگۆڕێك دەردەخات کەلەودا ڕێز لە توخم و ڕەگەزگەلی رووڵەگەشە و ئۆرگانیکی ئەزمون دەگیرێ جیهان بینی چەقبەستوی سەدەکانی ناوەڕاست یەکسەرە تێکدەرمێنێ وەلا دەنێ.

"زاڵبوون بەسەر سات مانەوە و بەردەوامی، ئەم هەستەی کەهەر دیاردەیەك هەستێك شێوەیەکی دووپات نەبۆوەیە، سادەترین فۆرمۆلێکە کە دەکرێ ئیمپرسیونیسمی پێ لێکبدەیتەوە. واقعیەت، نەك بوون، کەدروست بوونە (شدن است). نەك جێگاوشوێنێك، کە چاوگێرانێکی بەرز لەئەوج دایە. هەرشتێکی ڕێکپێك سەقامگیر بەسەر ڕواڵەتگەلێکی ئاڵوگۆڕ دیتودا دابەش دەبێ تایبەتمەندیەکی ناتەواو و ناچیز بەخۆیەوە دەگرێ. سەر لەنوێ دارشتنەوەی کرداری زەینی بەجێگای شالودەی عەینی دیدار، کەمێژووی شێوەکاری هاوچرخ لەگەڵ ئەودا دەست پێدەکات، لێرەدا بەلوتکەی خۆی دەگات. نیشاندانەوەی ڕۆشنایی، هەوا و فەزا، دابەشکردنی پانتاییەکی بۆیەکراو بەخاڵ پەڵە گەلی ڕەنگی لەناکاو، دابەشکردنی ڕەنگ بەوالورگەل، واتە بایەخگەلی دیمەنگا و پرسپکتیو، یاری گەڕانەوەی نوور و تاریکروونەکان، خاڵگەلی لەرزۆك زەربەگەلی خێراو بەردەوامی، ناپایەدار و خێرا و لەناکاوی قەڵەم موو، سەیرکردنی بەپەلە و بەڕواڵەت بی دیقەتی شتەکان بی نەزمی درەخشانی بەرێوەبردن، لە لێکدانەوەی کۆتاییدا دەربڕی ئەو هەستە ڕاستەقینە تەکاندەرە، پویاو بەردەوام گۆڕاوەیە کە لەگەڵ جیهەتگیری سەر لەنوێی شێوەکاری کە بەوەسیلەی کاربورد و پرسپکتیو دەستی پێکرد"(١)

ئیمپرسیونیسم، پێشامەدەکان وەك ئەسڵ لەبەرچاو دەگرێ ئەوەی کە لەساتێکدا دەیبینی بە بنەمای ئیدراك ڕاستەقینەی ژیان دەزانێ: ڕاستەقینەی ژیانێکی کەناکرێ لەسەر پایەدار مانەوەی پێدا گری بکرێ. ئەم حەرەکەتە دەست پێکەرەی پێنانە مەداری نوێی جوانی ناسییە. گۆڕان لە بایەخ دانان گەلی دیداری لە ئیمپرسیونیسم دا دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لەساختومانی قەبارە و جسمدا. واتە، لەمە بەدواوە بەجێی ئەم دوانە، ئێمە زیاتر لەگەڵ پانتاییەکاندا بەرەوروو دەبین.

بەم پێیــە، لایەنەکانی واقعیەت مــاددە لەچەند لایەنیەوە بــۆ لایەنی درێژی پانایی دەگۆڕدرێ لەم پێشــڕەویەدا، ئەبعاد لەکاری پوئانتیســتەکاندا دادەبەزێتە ئاســتی خاڵ دانانی بێلایەن (بعد)، و دواتر شــکڵ شێوە نە تەنیا بۆعد لایەن لەدەست دەدەن بەڵکو خەتیشیان نامێنێ. ئەوە گومان لەشــکڵ دایە کەپەیوەندیگەلی ناو واقعیــەت دەئالۆزێنێ نمایشێکی تەڕدەستانەیە لە ئالوگۆڕێکی بی وێنە کەچەشنێك ســەرپێچییە لەبەرانبەر سوننەت مانەوەدا، کەبوونەتە هۆی شکست دڵ ئێشی، بەحیساب دێ. تکنیکێکی تازەی کەبەم شــێوەیە پێك دێت چەشنێك گرایش بۆ لای پاڵاوتەیی پاکی تاقانەی یە: بەشێوەیەکی کە کاراکتەرێك لەشێوەکاریدا، وەك خاڵ، هێڵ، پانتایی ڕەنگ، رواڵەتێکی ناجســمانی "نێو خۆیــی" بەخۆ دەگرێ. و گرینگــی دیاردە گەلی "نێوخۆ" (درخــود) دەگاتە ئاســتێك کە زۆر شــێوەکاری گرینگ وەك هونەرمەندی هەراســان تووڕە دەکێشــێتە پانتایگەلی تایبەتەوە. هەروەها، قەیــران لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، تایبەتمەندیەکی بەئاشــکرا هیتر خــواز بەرواڵەت ئەتواری هونەرمەند دەبەخشــێ کە دواتر دەبێتە ئسلوبێکی کرداری. بەشــێوەیەکی کە ئەگەر کەسێکی وەك وانگۆك گوێی خۆی دەبرێ لە دەســرەیەکی دەپێچــێ بۆ گراوێکی دەنێرێ کە ســەردەمێك ئەم گوێچکەیەی پێ جوان بــووە، یان ئەگەر کەســێکی وەك ســزان هەڵدەکەوێ، بەهۆی هۆگری فرەیەوە بە"ڕەنگــی ســەوز" دەســت دەکابەخواردنی ئــەو ڕەنگە، بەپێچەوانەی ڕابردوو، وەك شێتیان چاو لێناکەن، بەڵکو وەك خووخدە و ئەتوارێکی هونەرمەندانە بەحیساب دێت.

بەلابردنی خەســڵەتی داســتان وێژانەی شــێوەکاری، لادانی پابەندی بەعەینیەت بەدەســتهێنانی تەرکیب ڕەگەز گەلی پێکهێنەری فیگۆڕ، شــتێکی وای بۆ لادانی تەواوی شێوەی بەدەن گەیشــتن بەئابسترك نەماوە. "ئیمپرسیونیسم ئێستاش ئاخرین ســەبکێکی ئوروپاییە کە ئیعتبارێکی گشتی هەیە، و ئاخرین گرایشــێکە لەسەر ئەساســی پێکهاتنی هاوبەشی زەوق"(٢)

### *کات لەشێوەکاریدا

لەغارەکانــی شــوێنی ژیانی ئینســانە ســەرەتاییەکاندا، بەروخســاری ئاژەڵ ئەو چوار پێیانەی کەبەدیوارەوە نەخش کرابوون، بەرواڵەتی ئەسپ گاوە، کات مەوجی ئەدا. ئاژەڵی زیندوو ســاڵ ژمێری دروســت دەکردەوە و نەخشیش، کاتی لەخۆیــدا تۆماردەکرد تا کاتێکی کە مرۆڤ پێیدا دەڕوانێ، جارێکیتر وەجووڵە بکەوێتــەوە و مەودای نێوان "واقعیەت"و "دروســتکردنەوە" لەناو بەرێت. بەڵام ئێستا شێوەکاری لەبێ کاتیدا بەســەر دەبات. ئەگەر هونەری خود بەخودی هەوەڵیە بەشــتێکی دەگمەن لەبەرچاو بگرین، شێوەکاری دواتر کاتی وەلانا تا، ئەمجارە، شــێوە، سروشتی شــێوە، هێڵ شکڵی دەرکی بێ کاتی چەمکی کوللیەت هەمەچەشنە مومکین بکا. ڕەنگ شــێوەی سروشــتی رواڵەت لەشێوەکاریدا پاك بۆوە و ئیتــر گرینگ نەبوو کەبۆچی ڕواڵەتی ســوننەتی ئاگوســت لەکلێســـای گوتیکی نوتــردام دا ڕەنگی نییە و هێڵەکانی لەگــەڵ واقعیەتدا نایەتەوە. گرینگترین ڕەگەزی نەخش، مەبەستێکی ڕێنمایی دەربوو کە لەپشت ئەم رواڵەتە ناسروشــتیەوە، پەیوەندی لەگەڵ غەیرە ماددە یان پەیوەندی لەگەڵ ماوەرا التبیعە بەژومار دەهات.

دواتر، کەناتورالیســمیش هات، ئیتر کات بەشێوەی رۆژانە و تەقویمی بەرە و شــێوەکاری نەگەڕایەوە، بەڵکو لایەنێکی تایبەتی لێ هاتە ئارا کەســەر فەســڵ بڕگەی دەورانێکی نوی بوو وە زیاتر لەم پێناوەدابوو تا وابەســتەگیە کاتیەکان، لەخۆیدا بنوێنێتەوە.

بەم حاڵەشــەوە، ئێســتا هەروا جار ناجاری مرۆڤ بەشکڵ شــمایلێکی نارۆشنەوە، لەســیمای دووچاڵ کەندڕی ڕەش لەپــاڵ یەکدا و بەهێڵێکی ســتوونی کە بەگومانەوە دەکرێ ڕاڵەوتــی کەپۆی تێدا بەدی بکرێ، لەشــێوەکاری مۆدێرندا دەردەکەوێ تــا دڵتەنگی مێژوویی خۆی لەبەجێهێشــتنی شــێوەکاری دا قەرەبوو بکاتەوە و ئەگەر بۆ ســاتێکیش بوە لەم دیمەنە دێرینەی خۆیدا، لەمێر غوزارەکانی بی کاتی ئەم هونەرە ئەزەلیەدا پیاسەیەکی کردبێ.

(١) "مێــژووی کۆمەڵایەتی هونــەر" ئارلوند هێاوزر، وەرگێڕانی ئەمین موید، ئینتشــاراتی چاپ پەخشی تاران، ل٨-٢-٦-٢.

Arnold Hauser، The social History Of Art، ١٩٥١.

(٢) هەمان جێ، ل٢١٤.

### پەیکەرسازی

پەیکەرســازی، بەپێچەوانەی شــێوەکاری کەهەر لەسەرەتاوە مۆرکی وێکچــوون نزیکایەتی لەگەڵ سروشــتی لێدراوە (نەخشی دەســت بەســەر دیواری غارەکانەوە)، خاوەنی ئەم شانســە بوە کەهەر لەهەوەڵەوە ئالۆگۆڕ پێکهێنانی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتوە و کەمتر شێوەی سروشتی بەخۆیەوە گرتوە. بێگومان، هۆگەلێکــی زۆر لەم بابەتەوە دەســتیان هەیە. لەوانە، دەکرێ ئاماژە بەجنسیەت، ڕەنگ... بکرێ. جنسی هەر پەیکەرێك جنســییەتێکی سروشــتی نییە. بۆ نموونە پەیکەری ئینسانێك، بەر لەهەر شتێك، سەبارەت بەجنسێکی کەهەیەتی وەك بەرد، دار، بڕۆنزو شتی تر، کاتی دەست لێدانی هەســتێکی تایبەت بەدی دێنێت کە لە گەڵ هەستی دەست لێدانی جنسی بەدەن جیاوازە، هەروەها سەبارەت بەڕەنگەکەی،

کەدەرکی شێوەو ڕواڵەت تووشی دژواری دەکات، و لەبەر ڕاددەکە گەلێکجار لەگەڵ ڕاددەی سروشتیدا نایەتەوە، و، لەکۆتاییدا لەبەر ئاڵوگۆڕ لەشکڵ حاڵەتدا، دەتوانێ وێکچونێکی سروشتی نەبێت.

هەوەڵین پەیکەرێکی تا ئێستا بەدەست هاتوون هی دەورانی سەرەتای دەستپێکردنی وەرزێری (دایك سالاری)یە. و نوسی ویلن دورف(١)، هی پازدە هەزار ساڵ لەوەپێشە و لەبەرد تاشراوە، پازدە سانتیمیتر بەرزاییەتی ئەندامی ژنێك بە بەرجەستەکردنەوەیەکی زیادەڕۆیانە لەدەرخستنی ئەندامی زاووزێی دانیشان دەدات. زیادەڕۆیی لەبەرجەستەکردنەوەی ئەم بەشانەی لەش، شێوەی سروشتی ئەندامی ژنی گۆڕیوەو ئەو وەك هێلکەیەك کەگریمانەی نێوەڕاستەکەی شوێنی ئەندامگەلێکی بەرجەستەیە، پیشاندەدات. ئەم پەیکەرە تەنیا نموونە لەو چەشنە نییەو لەو بابەتە هیدیکەش دەست دەکەوێ. لەهونەری ئەندازەیی دا دوای ئەمەش، لەمیسری باستاندا، پیشاندانی ئەندامە گۆڕاوەکان شێوەی شێواوی مرۆڤ نیشانەی زاڵنەبوونی پێکگرتنێکی سروشتی لە پەیکەرسازی دایە. لەیۆنان رۆمی باستانیشدا کە گوایە ڕواڵەتی پەیکەرەکان لەگەڵ ڕواڵەتی مرۆڤدا دێتەوە، دیسانیش کەماڵ خوازی داگیرکردنی لوتکەی جوانی لەپەیکەرە هەمەجۆرەکانی وەك دیسك یان ونوس کە نموونەی کۆمەڵێك پەیکەرن، لەروخسار، روانین، جوڵە و لەجوانی تەواوداو بی عەیب و ئیراد کە وێنەیان لەژیانی ئاساییدا کەمتر دەست دەکەوێ، چەشنێك زیادەڕۆیی تەوس بزووتنی ناسروشتی، یان، لەڕاستیدا حەزو ئارەزوویەکی تێدایە. زۆربەی پەیکەرە ئینسانیە کلاسیکەکان، ڕوانینێکی دوراو بەئاسۆوە، بە دوور دەستەوە بە ئەبەدیەتێکی نەبینراوەوەیە. ئەندامیان کامڵە و باڵایان لە هەر بارێکەوە جوانی لێدەبارێ. جووڵەکانیش، ئەگەر بوونی هەبێ، بۆنموونە لەپەیکەری دیسك هاوێژدا، لەگەڵ بزوتنی ئەندامی مرۆڤێکی ئاسایی تەنانەت قارەمانێکدا جیاوازی هەیە و نیشانەی لووتکە و ساتێکی تایبەتە کەساتی هاویشتن نێودەنرێ. هەموو شتێك باس لەمانەوە و پایەداری ئەم ساتە کۆتاییانە دەکات وەك ئارمانخوازی، و سەرمەشقی ئارەزوویەك دێتە بەرچاو. ئەم تایبەتمەندیانە پەیکەرسازی سەدەکانی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە. لەوانیشدا، نەتەنیا لایەن شکڵ شێوە چڕکراونەتەوە و هەڵێنجرا وو ناسروشتین، لەڕوانگەی بابەتیشەوە، هاوشێوەی بابەتەکانی رۆژانەیان تێدا بەدی ناکرێ.

تەنیا لەدەورانی ڕەگاژۆدا (بازرائی) کەسروشتگەرایی بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ هونەر، پەیکەرسازی، هەرچەند بەشکڵ دان بەبارستایی جسمی ئینسانی لەپەیکەرسازیدا کە لە کەماڵ خوازی کلاسیکی مەودا دەگرێ، بەڵام هەروا چەشنێك بزووتنی ڕەهایی گەرا کە زۆرتر بابەتیە، تاقیب دەکات کە لەڕواڵەتێکی نائینسانی، و هەر بەم پێیە ناسروشتیان پێدەبەخشێ. پەیکەرەی مریەم مەسیح (لەکلێسای سی ستین. واتیکان) کاری میکل ئانژ نموونەیەکی باشی یەکێك لەپەیکەرسازانی چیرە دەستی ئەو سەردەمەیە کەدەکرێ پێکهاتە گەلی زاڵی هونەری دەورانی ڕەگاژۆیی لەکارەکانیدا ببیندرێ. ئەم پەیکەرە، ژنێکی جوان (مریەم) پیشان ئەدات کە لەسەر سەکۆیەك دانیشتوە و تەرمی پیاوێکی بەتەمەنی (مەسیح) لەسەر ڕان لەباوەش دایە. شێوەی سروشتی پەیکەرەکە، پەراسوە دەرپەڕیوەکانی تەرمی مەسیح، جووڵەی ماسوولەکانی، حاڵەتی رووتی بەدەنی مردوەکە و بەچاڵاچوون گوشارێکی کە قامکەکانی مریەم بەسەر بازووی مەسیحەوە، بەگشتی، باس لەچەشنێك سروشتگەرایی کامڵ دەکات کە لە پەیکەرەکانی دەورانی کلاسیزمی یۆناندا نابیندرێ. بەڵام، لەلایەکی ترەوە، لەبواری بابەتی ئایدیاییەوەش چەند شتێك وەبەر چاودێت کە شوێنەواری ئەم وێکچوونە سروشتیەش دەسرێتەوە و بینەر بەرەو واوەتر (ماورای گبیعت) لەسروشت ڕێنمایی دەکات. مریەم، لەم پەیکەرەدا، پیرە ژنێك نییە. بەڵکو ژنێکی گەنجە کە نزیکەی بیست ساڵ تەمەنیەتی دایکە و تەرمی مناڵەکەی واتە مەسیحی، کەپیاوێکی بەتەمەنە، لەسەر ڕانی ڕاکێشاوە. روانین حاڵەتی پڕ لەڕەزایەت لەسەرەخۆییەکەی لەگەڵ خەمی ئاسایی دایکێکی جەرگ سووتاودا جیاوازی هەیە، بینەر لەرووداوێکی زەوینی دوور دەخاتەوە و هەروەها، گشت لایەنە سورئالیستیە لەباوەشدا بوونی پیاوێکی لە سەلیب دراو لەلایەن ژنێکی گەنجەوەش بەهیچ شێوەیەك وەك حاڵەتێکی سروشتی لەبەرچاو ناگیرێ. لە پەیکەرەی داودیشدا کە کاری هەر ئەم پەیکەرسازەیە، میکل ئانژ، هەر ئەم ڕوانین ڕوانگە و حاڵەتەی تێدایە. لەباقی پەیکەرەکانی ئەم دەورانەشدا دەکرێ شوێن پێی چەشنێك دەستە و داوێنی ماوەرای حاڵەتەکاندا، لەگەڵ نموونەگەلی سروشتی، دەبێتە هۆی جیاوازیەکی روون ئاشکرا. ئەم تایبەتمەندییە بەکردەوە بۆتە هۆی ئەوەی کەئاڵوگۆڕی پەیکەرسازی لەگەڵ بەرهەڵست کاریەکی ئەوتۆدا لەلایەن کۆنە پارێزەکانەوە بەرەو روو نەبێت پەیکەرسازی، بەئارامی لەسەرخۆ، بزوتنی گۆڕانکارانەی خۆی لەشکڵ بابەت ناوەڕۆکدا درێژ پێبدات بەگەشە و گەیشتن بەهونەری نا فیگۆراتیو، گرایشێکی دەروونی کە بەردەوام لە گەڵیدا بووە بەرەو پێش بەرێ.

**(١) ونوس ویلندرف** (Willendort) **لزدوران نوسنگی، موز تاریخ گبیعی وین.**

**(٢) مریم و مسیح، اپر میکل ێنژ، کلیسای سیتین، واتیکان.**

* * *

# جوانی لە ڕوانگەی هونەرەوە

ئا: هێمن ئەمانی

هونەر، بەهۆی هەل و مەرجی مێژوویی، ماوەك تەنیا هەۆکاری هەڵســـوڕانی مرۆڤایەتی بوو کە جوانی ناسیش لایەنێکی بوو. هێگل، ئەو بیرمەندە مەزنە، هێڵێکی تەواوی بۆ ئەو لقەی فەلسەفە دیاری کرد و هونەرە جوانەکانی بە ناوەڕۆکی ئەو دائەنا.
تا ماوەیەك لەمەوبەر، بیرمەندان و هونەرمەندانی شـــۆڕەوی کۆنیش ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەیان هەبوو، وە لە حاڵێکدا کە بوونی جوانی سروشـــت و ژیانی مرۆڤیان قەبوڵ دەکرد، لەســـەر ئەو باوەڕەش بوون کە ناتوانری بە یارمەتی یان بە هۆی هونەرەوە هەســـت پی بکری.
ئەگەر بڵێین کە هەست و سۆزەکانی هونەرمەند، بەرهەمی هەستی جوانییە کەمێك بەپەلە ڕۆیشتووین، دەبی چێژی ئەم کارە باس کری، کە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هەستی جوانی ناسیە.
یوری گاگارین لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ڕێگای ئەستێران) دەنووسی: "ئێمە وەها پاڵەوانێکمان خۆش دەوی کە خەڵك بەم جۆرە باسیان دەکەن: تەواوی ژیانی ئەو شاکارێکی جوان و بەهێز بوو". هەستی جوانی ناسیش جۆرێك سۆزی ئاشکرای مرۆڤە. ئایا ئەم سۆزە بۆ ڕوون بووونەوەی لێهاتوویی گرنگ نییە؟ ئایا هەستی مرۆڤ بەرامبەر جوانی، چ کۆمەڵگا و چ قارەمانێتی، لە بواری بەرجەستە بوونیەوە بۆ بەرهەمی کار گرنگی هەیە؟ هەروا کە چۆن پێشتر وتمان ئەم هەستە یەکێك لە بەهێزترین مەبەستەکانی مرۆڤە لە ڕێگای هەستان بە کردنی کارێك، وە خۆی لە داواکاری مرۆڤ کە بەبی ئەو هیچ کارێك ناکری، سەرچاوە دەگری. هەروەها جوانی سروشت کە هەموو خەڵك دەیبینن و دەزانن، بە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر دادەنری. وە شتێکە کە پێویستی بە هۆکار و ڕوون کردنەوە نییە.
زۆربەی ئێمە، تەنانەت لەســـەر ئەو باوەڕە نین کە دەڵی جوانی سروشـــت کاتێك دێتە ئاراوە، لە قســـە کردن و بابەتی تردا، چ شتێکی سەرنج ڕاکێشمان پی دەڵی. هەروەها هاسان نیە کە مرۆڤ بیەوی جوانی سروشت وەکوو یەکێك لە ماناکانی (مێژوو) تێبگات.
لە ڕاستیدا ئەمە بەس نییە کە بڵێین: "سەیر کردن لە سروشت، بەرانبەر سروشت، بە جێگای خۆی هۆکاری تەواوە بۆ هەستی ژینگە دۆســـتی." مرۆڤ دەبی بزانی لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانی بە هەموو ئامانجەکانی بگات. قســـە کردن لەسەر جوانی سروشت پێویستە و توانایی ڕوون کردنەوەی شێوازی ئەدەبی هەیە و وەك ئەوەیکە لەسەر شا ڕێگایەك وەستاوە، ناخی مێژوویی ئەم لایەنە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە و هەموو کەسێك دەزانی کە جوانی سروشت ماوەیەکی زۆر وەك هێزی بزوێنەری هونەر ناو دەبرا.
سروشـــت ئێســـتاش ئەو گەورەییەی هەیە کە ئێمە لە خۆیدا جی بکاتەوە. هەروەها بناغە دانەری فەلسەفەی زانستی زۆرجار مانای سروشـــتی بە شـــێوەیەك بەکار هێناوە کە هەموو جیهانی مادی و کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. لەم بوارەدا پێویســـتە قســـەکانی (میخائیل پریشوین) لە کتێبی (ئاوێنەی مرۆڤ)دا باس بکەین کە دەڵی: "هونەر و زانست هەر وەك درگایەکی کە لە سروشتەوە بە ڕووی دونیای مرۆڤایەتیدا دەکرێتەوە، سروشـــت لە درگای زانســـتەوە دەچێتە دونیای مرۆڤ و مرۆڤیش لە درگای هونەرەوە دەچێتە سروشـــتەوە کە لەوێدایە بە هەست و سۆزی خۆمان دەکەین و سروشت بە دایکی خۆمان دادەنێین.
جیهان لە بیری هونەرمەند یان سروشت ناسدا کە لە ڕاستیدا هەیە گەورە دەبێتەوە، وە بەم هۆیەوە ئەوان زۆرجار زیاتر لە فەیلەسوفەکان لە ڕاستیەکان نزیك دەبنەوە. ئەمە بی هۆکار نییە کە ویلادیمێر دەڵی: "ڕاستیەکان وای لە زۆربەی سروشت ناسەکان کردووە لە کارەکەیاندا ببنە ماتریالیست، گەرچی ئەوان لە مانای ماتریالیست بوون ڕایان ئەکرد.
لێرەشـــدا دێمە ســـەر باسی خەیاڵی هونەری، کە لە مانا گرنگەکانی جوانی ناسیە. لەساڵەکانی پێشوودا لە جوانی ناسی بورژوایدا وا دائەنرا بیر کردنەوە لەســـەر ڕێڕەوی خەیاڵاتی هونەری، لە خووە تایبەتیەکانی هونەر نییە، بەم شـــێوەیە بۆمان دەردەکەوی کە مەسەلەی ڕاستی، ئیتر هیچ جۆرە مانایەك لەخۆ ناگری و هەر شوێنێك لە هونەری خەیاڵ مافی ئەوەی دەبی کە خۆی بە نوێترین شێوەی هونەری ناو ببات.
بیر کردنەوە لەســـەر بناغەی خەیاڵ دوای چەند ســـەدەیەك، شـــێوەیەکی پوختە و تەواوی وەرگرتووە و بەرهەمە هونەریەکان بە هیچ جۆرە هێرشـــێك کە بکرێتە ســـەریان لەناو ناچن. لەگەڵ ئەوەیکە هونەر و زانست هەردوکیان تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانن، کە ئەم ڕادەیی بوونە لە هونەردا نهێنی، یان، شاراوەیە، وەکوو ڕادە لە زانستدا ڕاستەوخۆ ئاشکرا نییە، لەبەر ئەوە لەکاتی شکڵ و گەشە کردنی هونەردا شـــێوە ســـەرەتاییەکانی هونەر وەك (ئەلیدە و ئۆدیسە)، بە هونەری پێشکەوتووی کۆن دەرناکەوی بەڵکوو هەروا گرنگ ئەمێنێتەوە و شان بە شانی شێوەی نوێی هونەر، درێژە بە ژیانی خۆیان ئەدەن و هەروا چێژیان لی وەردەگیری.
بیرۆکەکان لە بەردەوام بوون ئەوەســـتن، بەڵام ئەو شـــێوازە بە هیچ چەشنێك لە بواری هونەردا باس ناکری. کاری هونەری هەروا بە شیوازێکی بچووك، دونیایەکی مەزنە، وەکوو شێعرەکانی هومێر کە وێنەیەك لە بازرگانی، بینای کۆمەڵگا، بیرۆکەکان و هەڵس و کەوتی یۆنانیەکان لە بەرانبەر مرۆڤدا وێنا دەکا.

***

# نامەیەك لە مامۆستا فەرزادی کەمانگەری زیندانییەوە بۆ قوتابییەکانی

## ... وانە وتنەوە لە زیندانەوە

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: س. ماکوان...



ئەوەی لـــە بنج و بناوانەوە، مامۆســـتایە، هەمووشـــتێك لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ قوتابییەکانیدا بە هێنـــد وەردەگرێ (نیچە).

بیـــر لەو ڕۆژانـــە دەکەمەوە، کە دەبوو مامۆســـتای ئەو منداڵانـــە بوومایە کە لە تەمەنـــی منداڵیدا دەبوو، دەرد و ڕەنج و کۆڵە مەرگی گەورە ســـاڵان هەڵگرن و لە تەمەنی گەورە ساڵیدا، ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی سەردەمی منداڵیان لە منداڵەکانیان وەشـــێرن. مامۆستای ئەو کچانە بوومایە، کە بە دەستە ڕەنگینەکانیان، سۆمای چاوەکانیان لە بن پێی داری فـــەرش کردندا بڕوا هەتـــا هونەرەکانیان ڕازاندنەوەی ماڵی خەڵکانی دیکە بێ و مزگێنی نان و سەرخوانی بنەماڵە بێ.

مامۆســـتای منداڵانێك کە زادەی دەرد و ڕەنج بوون، بەڵام هیوا و ڕاچەنین ســـرووودی هەمیشـــەییان بوو، کەسانێك کە تێکۆشـــانی سەخت و دەســـت ئاواڵەیی لە سروشتەوە بۆیان بە میرات گەیشـــتبوو. ئەوان کەسێکیان دەویست، لە خۆیان بێ و بۆنی خاکی ئەوان بدا. کەســـێك کە مانای هەژاری و نایەکسانی بزانێ. هەڤاڵێك کە تێکەڵ بە گەمەکانیان بێ و متمانە بە هیواکانیان بکا. لەگەڵیان پێبکەنێ و لە تەکیان بگری. ئەوان، کەسێك دۆســـتێك، بەردی سەبووریەك و هاو ڕازێکیان دەویست کە هەر وەك خۆیان بێ قەرار، تامەزرۆی کرانەوەی قوتابخانە بێ، کەســـێك کە بە مانەوە بیر بکاتەوە نەك بە چوون. زۆری پێ نەچوو لە تەنیشـــت ئەواندا، خۆم نەك وەك مامۆســـتا، بەڵکوو وەك قوتابییەك کە زۆر درەنگ ڕێگەی قوتابخانەی گرتۆتە بەر، دیتەوە.

کتێبەکانم بەست کە نەکا مردن و هیوا بڕاوی لە دوو توێی لاپەڕە ڕەشەکانیان بە بازنەی شادی و جیهانی هیواکانیان دزە بکا. هەموو ڕۆژێك کلاســـەکانمان دەسپاردە دەستی ئومێد و خیاڵەکان و بە خوێندنـــەوەی چیرۆکەکان کەیفمان دەکرد. هاورێ لەگەڵ "ماســـییە بچکۆلەکە" بەڵام ئەمجارە نە لە

ڕێگای ئاراس بەڵکوو لە ڕێی سیروانەوە، تویژینەوەی دەریای ژیان و ڕاستیمان دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ چیرۆکی "ڕێبوارە بچکۆلەکە" بۆ دیتنەوەی دۆســت دەچووینە سەفەر، هەتا ئەوان خۆشی ســەفەر لانی کەم لە خەیاڵەکانیاندا تەجروبە بکــەن و ڕاهێنانی "من لە تەك خەڵــك بووندا" بکەن. هەر چیرۆکێکم کــە دەخوێند، ڕۆڵــی قارەمانەکانیانم بە ئەوان دەســپارد بێ ئاگا لەوە کە ئەوان هــەر کامەیان قارەمانی داســتانی پڕ لە دەرد و کۆڵــە مەرگی ژیانی خۆیان بوون. هەموو ڕۆژێك چەند کات ژمێرێك، ڕەنجی نا یەکسانیەکان و دەردی ناخۆشــیەکانمان، لە پشتی دیواری قوتابخانە لەبیر دەکرد و پێکەوە دادەنیشــتین. گەرمای کلاسەکەمان، بۆنی نانی گەرم بوو کە بەرهەمی دەست قڵەشیوی باوك بوو و دایك لەو پەڕی پاکی و ســانایی، نێوەڕۆیە دەهێنانیە قوتابخانە، ئێمەش تێــر لە دیتنی یەکتری، کۆڵانەکانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیانمان بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی قوتابخانە دەپێوا و هەتا دیداری دووبارەی ســبەی وەدووی مەشق و ئەرکەکانی دیکەی ژیان دەکەوتین.

کاوە بەو لەشە لاوازە بەڵام خۆ ڕاگرەوە، بەبێ نانی نیوەڕۆ خواردن لە جیگەی باوکی نەخۆشــی دەبووە شــوان، ئێوارە کاتێــك مەڕەکانی بەرەو گونــد دەهێنایەوە، دایکی بە زەردە خەنەیەکەوە دەچووە پێشــوازی نان دەرهینەری بنەماڵە هەتا ماندوویەتی کاوە دەربکا، مەڕەکان بدۆشــێ و بۆ فرۆشتنی شــیر بچێتە شار، کاوە مەست و شاد لە ڕازی بوونی دایکی زەردەخەنەیەکی دەهاتێ، بــەڵام کاتێك چاوی دەبڕیە کیفی قوتابخانە و ئەرکەکانی ســبەینێ، زەردەخەنە شــیرینەکەی دەڕەویەوە.

...لەیلاش بەو چاوە پڕ لە پرسیارانەوە و نیگایەك کە هەتا قوڵایی بیر، بڕی دەکرد، مرۆڤی، وەدوای وڵام دانەوەی خەیاڵە بێ بنەکانی دەخست، کیفی قوتابخانەی دادەنا و تەشیەکەی هەڵدەگــرت هەتا یارمەتی یەکی گچکــە بۆ پەیدا کردنی نانی سبەی بە دایکی بکا، تەشیەکەی هاوکات لەگەڵ هیوا گەورە و بچووکەکانی لە دەســتیدا هەتا کۆتایی دەسووڕاند، هەتــا خوریەك وەك تاڵە جوانەکانــی خەیاڵی خۆی باریك و باریکتر دەبووە و دیسان تەشــیەکەی خول دەدا هەتا ڕەنگە ڕۆژێك سوڕی دنیاش بە دڵی ئەو و دایکی خول بخوا.

...فەریادیش بە دیتنی پەڵە هەورێك دەچووە ســەربان و کاگڵەکەی خۆش دەکرد هەتا دڵۆپە باران فەرشە کۆنەکەیان کاڵتــر نەکا. لەم کارەدا وەهــا بلیمەتێکی لێ دەرهاتبوو کە لە تەك باوکیدا ســەربانی هەموو ماڵەکانی گوندیان بانەناو دەکرد و بەو شێوەیە دڵۆپە بارانەکان مزگێنی نانی سبەینێیان بوون. تەنیا وەختانێك لە نێو چزووی سەرما و نانی سبەینێدا ڕادەما کە بۆ بارینی بەفر و باران بپاڕێتەوە یان نا؟

...یاســریش پاش مردنی باوکی کاری دەکرد هەتا جێگەی بەتاڵــی ئەو پڕ بکاتــەوە و بتوانێ بۆ براکەی قەڵەم ڕەنگ و ئاو ڕەنگ بکڕا هەتا ڕەنگە، هیوای بوونە نیگار کێشــی خۆی لەسەر ئەو وەدی بێنێ.

...ئیدریســیش کە لە وەرزی بەهاردا نەدەهاتە قوتابخانە، هەموو ڕۆژێك کۆڵێك بە کۆڵەوە، خۆشحاڵ لەوەی کە سروشت لە خوانی فراوێنی خۆی بێبــەش نەکردووە، چەند کیلۆیەك گیای لە شار دەفرۆشــت و دەگەڕایەوە ئاوایی. منیش کە تاوانبار بووم هەر ڕۆژ ئۆقرە لێبڕاو لە نایەکسانی و بێزار لە هەرچی یەکی کە چارە نووســیان ناو لێنابوو، لە بەرانبەریان ڕاوەستام و مەیلی بەر تەسکی ئومێد لە چاوەکانیاندا بەدی بکەم، بەســەر کاوەدا، شــۆڕ دەبوومەوە و دەرفەتێکم لەژێر دەم و چاوی لەبەر تاو ســوورەوەبوویدا، کە بەسەریدا خەوی لێکەوتبوو، دەردێنا و لەژێر دیکتە نەنوسراوەکەیدا دەمنوسی: "شوانە بچکۆلانەکە، نمرەی بیستیش بۆ تۆ هەر کەمە". لە تەنیشــت لەیلای شــەرمێون لە ماندوویەتی دوێنێی، دەستە زبر و قەڵەشیوەکانیم، لە نێو دەستم دەنا هەتا نەرمی دەستی فریشــتە ئاساکەی هەســت پێبکەم، بەر لەوەی شتێك بڵێم، ڕوانینی قوڵ و پڕ بەزەییانەی هەزاران پرسیاری لە مێشکمدا دەوروژاند و منیش بێدەنگ دەمام، لە نزیك ئیدریسی دوورە پەرێز لە ئەرکــی دووپاتکراوەی دوێنێی، لە دەســتە بلۆقە کردوەکانیــم دەڕوانی و هاوڕێ لەگەڵ ئەو لە پەنجەرەوە لە دوور دوورم دەڕوانی، ئەو لە بەســەر چوونی بەهار دڵتەنگ دەبوو و منیش لە ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕاوی ئەو.

ئیمڕۆ لە تەك دنیانیەکدا شــانازی، شادی، قین و داخ و کۆڵێك بیرەوەری تاڵ و شیرین، بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە. لە ڕۆژی مامۆســتادا بوو کە پڕ بایەخترین دیاریەکانی ژیانم لە مامۆســتایانی گەورە وەرگرت: لە لەیلا ٣ دانە هێلکە، لە ئیدریس دوو کیلۆ کەنگر دەسڕەنجی ڕۆژێك، لە فریشتە دوو چڵ گوڵی هەڵاڵە، لە نیدا بوکەڵەیەکی لە دار و پەڕۆ چێکراو و لە یاسریش نەقاشیەك.

بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژانە لە یادەوەریەکانماندا زیندوو ڕابگرین، قەرار درا کە هیواکانیان بە قەڵەم ڕەنگەکانیان بنەخشــێنن. کاوە لە کاتێکدا بیری لە باوکی دەکردەوە، نەخۆشــخانەیەکی کێشا و لە بنی نووســی ئەم نەخۆشخانەیە هەموو نەخۆشە هەژارەکانی جیهان دەرمان دەکا.

فەریاد کە هەموو کاتێك ئاسمانی ساف و بێ هەوری نەخش دەکرد هەتا ئیتر دەســت و پێی کەسێك لە سەرمادا نەڕچێ، دیســان ئاسمانێکی کێشــا و هەتا توانی ماڵی بچکۆلانە و جوانی لە بن کێشــا و لە ژێری نووســی ئەم ماڵانە بۆ ئەو کەســانەیە کە خانوویان نییە، ئاسمان هەم گەورە و هەمیش بەر بڵاوە، وەك عەرز بچــووك نییە کە هەتا ناچار بین بۆ ژیان لەســەری، پارە بدەین، لە ئاســماندا جێگە بۆ هەموو کەسێك هەیە و من دتوانم خانووی تێدا بکێشمەوە.

فریشتەش کە هەمیشـــە بۆخۆی و خوشکەکانی برایەکی بچکۆلانەی دەکێشـــایەوە، ئەم جارە پێم وت کە فریشـــتەی جیهان ســـەر لە نویَ بکێشمەوە لەبەر ئەوە کەسێك تۆ لەبەر کچ بوونت بە کـــەم نەزانیَ، تۆ وەك خۆت و لە تەك خۆت بتبینیَ، ئەویش کۆمەڵێك زۆر بوکەڵەی کێشـــا کە بە دەوری گۆی زەویدا دەســـتیان گرتبوو و گۆرانیان دەوت. یاسریش هەمیشـــە هیواکانی باوکی دەکێشایەوە، وانێتبارێکی رەنگ شـــین کە ئەو لە کۆڵبەری رزگار بکا. بڕیار درا یاسر سەر لە نویَ وڵاتەکەمان بەبیَ هەژاری و نایەکسانی، بەبیَ ئەوە کە کۆڵبەرە بانەییەکان، مەریوانیەکان و کامیارانیەکان ناچار بن بۆ گواســـتنەوەی ١٠کیلۆ چای لە بری دوو هەزار تمەن، گیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە، بکێشێتەوە، ئەو نیگارێکی جوان و ڕازاوەی سروشتی کێشایەوە کە خەڵك تێیدا خەریکی کار کـــردن بوون لە ژێری دا نووســـی: "بۆ رۆژێك کە ئیتر مردن لە بۆسەی ناندا دانەدەنیشت". ٨ی گوڵانی ٢٠٠٨

* * *

تێبینی: مامۆســـتا فەرزادی کەمانگەر لە زیندانی رەجایی شـــاری کەرەجە، رژێمی ئێران بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردووە.

سەرچاوە: سایتی دەنگەکان.

* * *

# ڕێز گرتن لە خۆڕاگری و ڕاوەستاوی "فەرزادی کەمانگەر" مامۆستای مەحکوم بە ئیعدام، لەلایەن کانونی سێنفی موعەلیمانی ئێرانەوە

**کانونـــی ســـێنفی موعەلیمانی ئێـــران لە ڕاگەیاندنێکدا، ڕێزی لە خۆڕاگری و کـــۆڵ نەدانی "فەرزادی کەمانگەر" مامۆستای مەحکوم بە ئیعدام گرتووە.**

**لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە:**

**فەرزادی کەمانگەر!!!**

**لەو رۆژانەدا بە بەدەســـتەوە گرتنی دەفتەرەکانی بێ تاوانی، بەو جۆرە و بە ســـەر ســـوڕمانەوە بیر دەکەینەوە، کە ئایا وڵامی قســـەی ڕاســـتی مەعەلیم شەلاق و زیندانە؟ بە ڕاستی ئەو هەموو موعەلیمانەی کە هاواری ڕەنج و ئازارێکی هاوبەش دەکەن، یاســـا و ماف، ســـزای ئەوان چۆن دیاری دەکات؟ سروودی ئێمە کە بانگەوازی عەدالەت و ئازادیە، ئایا جگە لە مێژوودا، ڕەنگدانەوەیەکی تری دەبێت؟**

**هاوکاری خۆشەویست!**

**ئێـــوەی ئازیـــز کـــە بە تەحەموول کردنی ســـەختیەکی زۆر، بە دوای دەســـتەبەر کردنی مـــاف و دادپەروەریدان، لە ڕاســـتیدا بەرنامەی گەشـــی خۆتـــان بۆ داکۆکی لە ئارمانە ئینســـانیەکان، لەلای موعەلیمانی ئەم ســـەرزەمینە، پڕشنگدارتر کرد.**

**ڕێز لە تێکۆشان و ئازادیخوازیت دەگرین.**

**کانونی سێنفی موعەلیمانی ئێران.**

**بەهاری ٢٠٠٨**

# "هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری بەشێکی هەرە گرنگی هونەر و ئەدەبیاتی جیهانیە"

## وتو ویژێك لەگەڵ سیناریست، کارگەردان و دەرهێنەری سینەمایی " بایز نەورۆزی"

ئا: سەعید ئەمانی



*** تکایە سەرەتا بە کورتی خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری پێشەنگ بناسێنە؟**

من لە دوایین رۆژەکانی ساڵی ١٩٦٣دا لە کوردستانی ئێران لە دایك بووم. لە ساڵی ١٩٨١دا کوردستانم بە جێ هێشت و لە تاران نیشتەجێ بووم و لەو شارەدا خۆم دۆزییەوە و گەشەم کرد. ماوەیەك بە چالاکی کرێکاری و سەندیکاییەوە سەرقاڵ بووم وەك نوێنەری سەندیکای کرێکارانی شیشەسازی (بلورسازی) تاران و دەوروبەری لە کۆبوونەوەکانی لێژنەی مەرکەزی ئەنجوومەنی سەندیکاکان و شوراکانی کرێکارانی تاران و دەوروبەری دا بەشداریم دەکرد، دواتر وەك بەرپرسی کومیتەی راگەیاندنی هاوبەشی حەوت سەندیکای کرێکاری باشووری تاران هەڵبژێردرام و تا هێرشی رژیم بۆ سەر سەندیکا کرێکارییەکان و داخستنیان لەو بوارەدا چالاکیم دەنواند.

ساڵی ١٩٨٤ رووم لە چالاکی هونەری کرد و هەر لەو ساڵەدا یەکەم سناریۆم بە ناوی لە ژێر باران (زیر باران) نووسی و ساڵێك دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٨٥ دا لە بەشی منالانی کەناڵی ٢ ی تەلەفزیۆنی ئێراندا، کرا بە فیلم.

لە ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەك چووم بۆ ئەفغانستان و شاهیدی دواین ساڵەکانی دەسەڵاتداری نەجیب ئەللە بووم و دواتر گەڕامەوە بۆ ئێران و پاش چەند ساڵێك چووم بۆ رووسیە و لەوێوە چووم بۆ ئەرمەنستان و نزیك بە دوو ساڵ لەو وڵاتە نیشتەجێ بووم.

ساڵی ١٩٩٦ گەڕامەوە بۆ تاران و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا دوای بیست ساڵ ، گەڕامەوە بۆ کوردستان و ئەنجوومەنی سینەمای لاوانی بانە و سەقزم دامەزراند و نزیك بە ساڵێك لەو دوو شارە جیا لە بەرپرسیەتی ئەنجومەن , وانەکانی فوتۆگرافی، وێنەگرتن و سێناریۆم دەوتەوە...

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بووم بە مودیری ئینتاج (تەولید) و جێگری بەرپرسی نجوومەنی سینەمای لاوانی پارێزگای کوردستان و لە سنە نیشتەجێ بووم، بەڵام بە هۆی گەندەڵی بەرپرسی ئەنجوومەنەوە، وازم هێناو کۆمپانیای )چیا بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی( م پێك هێنا . هەر لەو ساڵەدا یەکەمین کۆبوونەوەی ئازادی سینەماکارانی سنەم سازدا و دواتر بە مەبەستی لابردنی بەرپرسی ئەنجومەنی سینەمای لاوانی کوردستان لە سەر پۆستەکەی , نامەیەکی نارەزایم نووسی کە پتر لە ٥٠ سینەماکاری کورد ئیمزایان کرد و بوە هۆی لابردنی ئەو بەرپرسە و ...

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بەرنامەی )ئاوردانەوەیك لە بەرهەمە سینەماییەکانی کوردستانی ئێران (م ساز کرد کە لە ماوەی سێ رۆژدا ١٧ فیلمی دەرهێنەرانی کوردی ئێرانی خستە بەر چاوی بینەران و پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا. ئەو ١٧ فیلمە هەڵبژاردەیەك بوو لە نزیك بە١٠٠ فیلمی کوردی .

لە ساڵی ٢٠٠٥وە هاتوومەتە کوردستانی ئێراق و لێرە نیشتە جێم و ئێستا بەرپرسی بەشی فیلمی ئنستیتۆی کورد لە سلێمانی م و...

*** کاک بایز بەرێزتان وەک شارەزایەکی بواری سینەما،**

**ئەگەردەکرێ ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی سەرهەڵدانی سینەما لە ئێران بکەن و بڵێن لە کەیەوە لەم وڵاتەدا کار لە سەر ئەم لایەنە لە هونەر کراوە؟**

یەکەم فیلمی سینەمایی ئێرانی لە ساڵی ١٩٣٠ دا واتە ٧٨ ساڵ پێش لە لایەن هونەرمەندێکی بە ڕەگەز ئەرمەنی، بەناوی (ئووهانیان)وە لە تاران ســـاز کرا. ناوی ئەو فیلمە (ئابی و ڕابی) بـــوو و ناوەڕۆکەکەی کۆمێدی بوو. بەڵام بـــە داخەوە تەنها کۆپی ئەو فیلمە بە هۆی ئاگر کەوتنەوە لە سینەما (ماياك)ی تاراندا فەوتاوە. ئەو فیلمە (ێامت) واتە بێدەنگ بوو.

دووهەمیـــن فیلم، فیلمی کچـــی لوڕ (دختر لر) بوو کە لە ســـاڵی ١٩٣٢دا لە لایەن (عەبدوولحەسەینی سپنتا) وە لە وڵاتی هێند ســـاز کرا. فیلمی کچی لوڕ یەکەم فیلمی دەنگ داری ئێرانی بوو و بە زمانی فارسی دەدوا.

بەم شـــێوە بناغەی سینەمای ئێران دانراو تا ساڵی ١٩٣٧ چوار پێنج فیلم ســـازکران. بەڵام لە ١٩٣٧ وە تا ١٩٤٧ بۆ ماوەی نزیك بە دە ساڵ، بە هۆی شەڕی دووەمی عالەمی و ڕوخانی ڕژێمی ڕەزاشاوە و هەندێ هۆکاری ترەوە ، هیچ فیلمێك لە ئێراندا ساز نەکرا .

لە ساڵەکانی ٨ ـ ١٩٤٧ وە سەر لە نوێ ساز کردنی فیلمی ئێرانی، بە هێز و توانایەکی فراوانترەوە دەســـتی پێکردەوە و بەردەوام بووە تا ئێستا کە سینەمای ئێران ناوبانگی عالەمی وە دەست هێناوە و زۆر سەر کەوتووە.

*** ڕات ســەبارەت بــە هونــەر و ئەدەبیاتی کرێکاری چیە؟ ئایا ئەم گرایشە لە هونەر و ئەدەبیات لە سینەمای ئێـــران دا ڕەنگـــی داوەتـــەوە؟ ئەوکەســانەی لەوبوارەدا کاریان کردوە کێن و بەرهەمەکانیان کامانەن؟**

هونـــەر و ئەدەبیاتی کرێکاری بەشـــێکی هەرە گرنگی هونـــەر و ئەدەبیاتی جیهانیەو بـــەلای منەوە زۆر بە نرخ و پیرۆزە. هەڵبەت بە داخەوە زۆر کەس بە هۆی بێ ئاگایی یان بە مەبەســـتی دژایەتی کردن و شـــاردنەوەی ئەم جۆرە ئەدەبیات و هونەرە، وەها بەرتەســـك و بچووکی دەکەنەوە کە دەست نیشـــان کردن و هەڵبژاردنی هونەرێکی لەم چەشنە، لە ناو جۆرەکانـــی تری هونەر و ئەدەبیاتدا زۆر دژوارە. بۆ نموونە وا دەڵێن و دەنووســـن کـــە گوایە هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری دەبێ بە شـــێوەیەکی زەق و ڕاســـتەوخۆ باســـی کرێکاران و چالاکیە سیاســـی و ســـەندیکاییەکانیان بکات و هـــەر بەرهەمێکی هونەری کە بەم شـــێوە نەبێ، هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری نیە!

ئەم بۆچوونە، بە هەر مەبەستێك بێت هەڵەیە و ڕاستەوخۆ دەبێتـــە هۆی بێبەش کردنی کرێکاران و زەحمەتکێشـــان لە هونەر و ئەدەبیاتی ڕاســـتەقینەی خۆیان و سەرلێشێواندنی ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە دەیانهەوێ بەرهەمەکانیان لە خزمەت چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا بێت.

ئەم چەواشـــە کارییە لە لایەن هەر کەســـێکەوە بێت دەبێ ڕسوا بکرێت و ئەمەش ئەرکی دڵسۆزان و لایەنگرانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکارییە.

لە ڕوانگەی منەوە، هەر بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی کە بە شـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە ژیانی پڕ لە مەینەت و سەرانسەر تێکۆشانی چین و توێژە دەســـت کورتەکانی کۆمەڵگا بکات، هونـــەر و ئەدەبیاتی کرێکارییە.

هەڵبـــەت گومانی تێدا نییە کە گشـــت ئەو بەرهەمانە لەیەك ئاســـتدا نین و پێویستە بە پێوانەی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری هەڵســـەنگاندنیان بۆ بکرێت و لاواز و بەهێزیان دەستنیشان بکرێت.

بەڵام بە داخەوە تا ئێســـتا هیچ ڕخنەگرێکی بە تواناى هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری لە ئێراندا ســـەری هەڵنەداوە و هەر ئەمەش یاریدەدەری چەواشەکاران بوە بۆ چەواشەکاری زۆرتر.

ســـەبارەت بە بەشی دووەمی پرســـیارەکەتان، بە داخەوە، دوای تێپەڕبوونی نزیك بە هەشتا ساڵ بە سەر سەرهەڵدانی ســـینەما لە ئێراندا، ژمارەی ئەو فیلمە ســـینەماییانەی کە بتوانین لە چوارچێوەی ســـینەمای کرێکاریدا جێگەیان بکەینەوە، بە بەراورد لە گەڵ هونەرەکانی تردا، زۆر کەمن و ناگاتە پێنج(٥) فیلم!

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژمارەی بەرهەمە سینەماییەکانی ئێران لە هەزار (١٠٠٠) نزیك بوەتەوە. بێگومان هۆکارەکانی لاوازبوونی سینەمای کرێکاری ئێران، زۆرن کە بە باوەڕی من ســـەرەکی ترینیـــان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ســـەرمایە و ســـەرمایەداران لـــە هونەری ســـینەمادا و سانســـۆری حکومەت.

هەموومان دەزانین کە ســـاز کردنی فیلمێکی سینەمایی پێویســـتی بـــە پارەیەکی زۆر هەیە کە بە گشـــتی کەمتر هونەرمەندێـــك خاوەنـــی پارەیەکـــی وەهایـــە و ناچارە بۆ سازکردنی فیلمەکەی پەنا بۆ کەسێکی تر کە پێی دەوترێ بەرهەمهێنەر (خاوەنی سەرمایە) بەرێت. ئاشکرایە کە هیچ سەرمایەدارێکیش حازرنیە بۆ دەرهێنانی فیلمێکی کرێکاری پارە ســـەرف بکات، ئەگەر حازریش بێت، دواتر کە فیلمەکە سازکرا و فیلمەکە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا نەبوو، دەزگای سانســـۆری حکومەت مۆڵەتی نەمایش کردنی پێنادات و گشت چالاکیەکان و سەرمایەکە بە فیڕۆ دەچێت.

زۆر ئاســـاییە کە لـــە هەر وڵاتێکـــدا دوو ڕووداوی لەم جۆرە بقەومێ، هیچ سەرمایەدارێك حازر نابێت بۆ فیلمێکی کرێکاری، کە سانســـۆری حکومەتی لە نەمایشـــکردنی

ڕێگری دەکات، پارە سەرف بکات.

کەواتە سەرمایە و سانسۆر دوو هۆکاری هەرە گرنگی سەرهەڵنەدان و گەشە نەکردنی سینەمای کرێکاری لە ئێران و زۆربەی وڵاتانی خاوەن سیستەمی سەرمایەدارین.

هەڵبەت دوای چاکسازییە عەرزییە ناتەواوەکەی سەردەمی پاشایەتی (ساڵی ١٩٦٣) کۆمەڵێك فیلمی سینەمایی ساز کران کە باسی ژیانی پڕ مەینەتی جوتیارەکانیان دەکرد و تا ڕادەیەك دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوون، بۆ نموونە فیلمەکانی: گاو (داریوش مێهرجوویی) و خاك (مسعوود کیمیایی) و...

بەڵام سینەمای کرێکاری بە باشترین شێوە لە کورتە فیلمدا ڕەنگی داوەتەوە و گەشەی کردوە. بە جۆرێك کە بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین سینەمای کرێکاری ئێران خاوەن دەیان کورتە فیلمی بەهێز و سەرنج ڕاکێشە.

چونکە سازکردنی کورتە فیلم پێویستی بە پارەی زۆر و سەرمایەدار نەبووە و دەسەڵاتیش نەیتوانیوە کونترۆڵی زۆری بە سەریەوە ببێت و سانسۆری بکات.

زۆربەی ئەو کورتە فیلمانەش دیکۆمێنتارین و ڕاستەوخۆ مەینەتیەکانی کرێکاران دەخەنە بەر چاو.

*** جەنابتان چەند ساڵە لە بواری سینەما و فیلم سازی دا کار دەکەن؟ لە کام بەش دا زیاتر خۆت ماندوو کردوە و ئەساسەن پسپۆڕیتان لە چ بەشێک لەم پیشەیەدا هەیە؟**

هەروەها کە پێشتر ئاماژەم پێکرد من لە ساڵی ١٩٨٤ دا وەك سناریۆ نووس دەستم بە کار کرد و تا ساڵی ٢٠٠٠ چەندین سناریۆم لە کەناڵی ٢ی تەلەفزیۆنی ئێران و ناوەندی پەروەردەی فیکری منالان کراوە بە فیلم. هەروەها تا ئێستا نزیك بە پەنجا و پێنج کورتە فیلمم مۆنتاژ کردوە و دەرهێنەری چەند کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری بووم و لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە وەك وانەبێژ (مامۆستا) لە تاران و سنە و سەقز و بانە و سلێمانی وانەکانی فوتۆگرافی، وێنەگرتن و سێناریۆم وتوەتەوە. بەڵام یەك دوو ساڵە کەمتر ئیشی مونتاژ دەکەم و زۆرتر سەرقاڵی دەرهێنان و وانە وتنەوەم.

*** چیت بە دەستەوەیەو پرۆژەکانی داهاتووت کامانن؟**

باش یان خراپ، لە تەواوی تەمەنمدا هاوکات سەرقاڵی چەندین چالاکی جۆراوجۆر بووم و وا ڕاهاتووم کە گشت تواناییەکانم لەیەك بواردا بە کار نەهێنم، هەر بەم هۆیەوە ئێستاش چەندین کار و پرۆژەم بە دەستەوەیە و بەپێی کات و توانام پێشیان دەخەم.

لە بواری فیلم و سینەمادا (کە تەنها یەکێك لە بوارەکانی چالاکی منە و بەشێکی ژیانمی بۆ تەرخان کردوە) جیا لەوەی سەرقاڵی وانە وتنەوەم، وەك بەرپرسی بەشی فیلمی ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد چەندین پرۆژەی دەرهێنانی فیلمی دیکۆمێنتاریم بە دەستەوەیە کە گرنگترینیان پرۆژەی (مەسیحیەکانی کوردستان)ە و لە ١٤ بەش تەنها ٢ بەشی تەواو بووە.

هەروەها بەرپرس و نوێنەری Kurdish Moving Image (کە ناوەندەکەی لە ئۆستراڵیایە و فستیواڵێکی فیلمیساڵیانەشی هەیە) لە چوار پارچەی کوردستانم و بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکەش پێوستی بە کار و پرۆژەی تایبەت هەیە کە بۆ ئەمساڵ جیا لە چەند خولی فێرکاری سینەمای( بۆ وانەکانی سیناریو نووسی و وێنەگری )، سازدانی حەوتەی فیلمی کوردستانی ئێران، حەوتەی فیلمی کوردستانی تورکیا و بەرنامەی ڕێزگرتن لە یەڵماز گونای و هەندێ پرۆژەی ترم بە دەستەوەیە.

وێڕای ئەمانە خەریکی مونتاژی فیلمی کرێکارە عەرەبەکانم کە بە بڕوای خۆم یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانم وەك دەرهێنەر و ئیشی فیلم هەڵگرتنەکەی چەند مانگێکە تەواو بووە. دوای مونتاژی ئەم فیلمەش بەنیازم فیلمێك دێکۆمێنتاری لە سەر کرێکارانی... ساز کەم.

لە لایەن ئنستیتویشەوە بۆ ئەمساڵ چەندین فیلمی دێکۆمێتاریم بە دەستەوەیە...

چالاکیەکانی تر:

- بەشداری لە نووسینی ٥ جلّد کتێبی تایبەت بە پەروەردەی منالانی پێش مەکتەب
(رموزش پیش از دبستان)
- نووسینی زۆرتر لە ٢٠ وتاری توێژینەوەیی لە بواری جیاجیادا
- لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە لە زاراوەی سەقزی (کتێب)
- چاپی زۆرتر لە ٣٠٠ فۆتۆ لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئێراندا
- سەرنووسەری ٩ ژمارە لە گۆڤاری (نامەمربی) لە تاران
- تیپ گۆڕینی کتێبی (زارگوتنا کوردا) لە سریلیەوە بۆ تیپی عەرەبی (بۆ ئەنستیتۆی کورد)
- وەرگێرانی کتێبی فەرهەنگی یارسان (ئەهلی حەق) بۆ ئنستیتۆی کورد
- ئەندامی "خانەی عکاسان ایران" - لە ساڵی١٩٩٧ وە
- ئەندامی" فیلمخانەی میللی ایران"- لە ساڵی١٩٩٧ وە
- ئەندامی "شورای کتاب کودك"- لە ساڵی١٩٩٧ وە
- ئەندامەتی و هاوکاری لە گەڵ چەند NGO ی تر

***

# تابلۆکانی ئەحمەد نەسیف و دیوارە کۆنکرێتییەکان

ئا: ناسر حەقپەرەست

لەنێوان رۆژەکانی ٢٤ تا ٢٠٠٨/٠٦/٢٦ لە هۆڵی موزەخانەی سـلێمانی لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پێشانگەیەك بۆ هونەرمەندی شێوەکاری عێراقیی ، ئەحمەد نەسیف کرایەوە کە تێیدا ١٩ تابلۆی نمایش کرابوو.

ئەگەرچـی رەنگ وقەبارەی تابلۆکان لێك جیابوون ، بەڵام سەرجەمیان لەیەك شت دەدوان کە هەروەك هونەرمەند خۆی دەیگوت : ئەویش ئازاری دیوارە کۆنکرێتییەکانی ناو شاری بەغدان کە هەموو شاریان دابڕدابڕ کردووە .

لەرێـگای هاورێیەکـی هۆنەرمەندەوە کە قسـەکانمانی وەردەگێڕایەوە توانیم لێدوانێکی کورتی لەگەڵدا سازدەم .

لەراسـتی دا ئەوەیکـە رووبـەری زۆربـەی تابلۆکانی هونەرمەنـدی داگرتبوو، گرد و خوبارێکی زۆر بەسـەر شـەقامە هێڵدارەکانەوە ، جیَ پێیـەك ، قاچێك وە یان لە هێندێکیـان دا چەند قاچ بەرچاو دەکەوتن . پرسـیم ئەم تابلۆیانە بە گشتی دەیانهەوێ لەچی بدوێن ؟

ئەحمەد نەسیف هاوکات کە لەگەڵمدا بە تابلۆکاندا دەگەڕا ، ئاماژەی پێدەدان ، دەیگوت : ئێسـتا شاری بەغدا پڕبووە لە دیـواری بتۆنی و کۆنکرێت کـە فەزایەکی تەنگ و پشـووبڕیان بۆ دانیشـتوانەکەی خوڵقاندووە و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا ئینسانەکانیان لێك جیاکردووەتەوە و حاڵەتێکی ناخۆشـی دەروونیان دروسـت کـردووە . بـەڵام ئەوەیکە دەمهـەوێ بیانڵێم ، ئەوەیەکە سـەرەڕای هەر بارگرژی و ئاڵۆزییەکی سەرشـەقامەکان ، هەنگاو یان هەنگاوگەلێك هەن کە گەرەکیانە لەم فەوزایە بپەڕنەوە و ئەم بشێوییە پشت سەر بنێن . لەو نێوانەشدا لەوانەیە توشی خەسار بن ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەنگیزەی پەڕینەوە هەیە .



هەروەك هونەرمەندی خۆی باسی لە ئەگەری خەسارەکانی پەڕینەوەکان دەکرد ، ئەم خەسـارە بەو قاچانەشەوە دیاربوو کە بەسـەر شـەقامەکانەوە هەنگاویان هەڵگرتبوو. چونکە بەشێکیان شکان یا ڕەنگی خوێنیان پێوە دەبینرا.

لە وەڵام بەو پرسیارە کە تۆ وەك هونەرمەندێك چۆن چاو لە پرۆسەی شـەڕ لە سەرەتاوە تا بەئێستا لە عێراقدا دەکەیت ؟

ئەحمەد نەسیف ی هونەرمەند وتی : سەرەتا پێی گەشبین بووم ، بەڵام ئێستا ... دیمەنی شەڕ بەتەواوی وڵاتەوە دیارە و خەڵکیش بەردەوام روبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە کە ئەمە خۆی بارودوخێکی تەئەسوف بارە.

شـایەنی باسـە کە هونەرمەند ، سـاڵی ١٩٦٧ لەشاری بەغدا لەدایکبووە، ئەندامی کۆمەڵەی شـێوەکارانی عێراق و سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە. ساڵی ١٩٩٢ کۆلێژی هونەری لەشاری بەغدا تەواو کردووە و تائێستاش لە چەندین پێشـانگە لەئاسـتی وڵاتانی دەرەوە، عێراق و کوردستاندا بەشدار بووە.

***



# گوڵە نێرگزەکان

نوسینی: رۆزا جەوان
وەرگێڕانی: سەرگوڵ بێتوشی

ئەوە بۆ جاری سـێیەمە کە لە ترافیکدا دەمێنمەوە. چەند ریز ئۆتۆمبێل لە بەردەمم بەریز راوەستاون. هەموویان بە بێ تاقەتی چاویان بڕیوەتە کاتژمێرەکەی سـەر چوارڕێیانەکە. چاوێك لە کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم هێشتا چەند خولەکێکی ماوە بۆ حەوت. بەو ترافیکە قەرەباڵغەوە ئەگەر بتوانم تاوەکو نیو سەعاتی دیکە لە ستدیۆ ئامادە بم زۆر باش دەبێ.
جامی ئۆتۆمبێلەکـەم دادەدەمەوە تاوەکو ئاوێنەکەی خاوێن بکەمـەوە، لەو نێوەدا تەنیا دەنگی ئـەو ئۆتۆمبێلانە دێت کە بە ڕیز راوەسـتاون و چاوەڕێی سەوز بوونی چرای سەر چوارڕێیانەکە دەکەن. مل پێچەکـەم بە بەر دەموولووتمەوە دەگرم نەکا سەرمام ببێ. لە بەفرەکەی دوێنێ تەنیا کزەی سەرماو قورو لیتەی قەراغ شۆستەکە ماوە.
هەر چارەڕەشێك ئەمشەو لە دەرێ بمێنێتەوە لە سەرمان رەق دەبێتەوە.
جامی ئۆتۆمبێلەکەم هەڵ دەدەمەوە و لەو ژمارانە ڕادەمێنم کە بەردەوام کەم دەبنەوەو ئەو چاوەڕوانیە پشووبڕە لەکۆتایی نزیك دەکەنەوە.
«شـەش، پێنج، چوار...» تەواو. گێڕەکـە دەگۆڕم و بە دوای پەیکانێکـی نەفەر هەڵگـردا وەڕێ دەکەوم کە هەر لە سـەرەتای رێگاوە لە پێش منەوە بوو. لە پشـتەوە چوار نەفەر دانیشـتوون کە لکاون بە یەکـەوە، بەو جۆرەش هەر دەکرێ نەفەرەکانی پێشەوە ببینی. ژنێك لەچکێکی سووری گوڵداری پەشـمینی بە سەرەوەیە، دیارە نزیکایەتیەکیان بە یەکەوە نییـە، ئەگەر هەیانبوایە، ژنەکە لە لای پەنجەرەکە دادەنیشت.
بزەیەکـم هاتێ، باشـترین سـەرقاڵی ئەو رۆژانـەم بۆتە لێکدانەوەی ئەو شتانەی کە پێموایە بابەتی سەرنج راکێشن بـۆ لێکۆڵینەوە. جا چ بە رێکەوت وەك ئەم دیمەنە یا خود ئەوەیکە چەندین کاتژمێر دانیشم و بیریان لێبکەمەوە. بەڵام بە داخەوە ئەو هەسـتەی کە تازە سـەری هەڵداوە لە بەر چاوی کەسانی دەوروبەر بایەخێکی ئەوتۆی نییە. لە گەڵ ئەوەیکە زۆرێك لە سەرنووسـەرەکان ناسیاومن، لەو هەموو لێکدانەوە سیاسیانەی کە ناردومن بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان، تەنانەت یەك دانەشیان چاپ نەکراون. هەریەکەیان بیانوویەك دەدۆزنەوە.
ریزە ئۆتۆمبێلەکانی پێشـەوە بە خێرایی چـوار رێیانەکە تێپـەر دەکەن، مەودایەك کەوتۆتە نێـوان نەفەر هەڵگرەکەو سـەیارەکەی پێش خۆی، نازانم ئەو لەعنەتیە بۆچی وردە وردە لە خێرایەکەی کەم دەکاتەوە.
لە سـەر خەتەکە لە ناکاو پەیکانەکە رادەوەستێ، منیش بە پەلە پێم لە سەر ستۆپەکە دادەنێم،»دایە...»
هۆڕینـە یەك لە دوای یەکەکان،بشـێوەیەکە زۆرتر دەکەن. پۆلیسـی رێگاو بـان لەو لای چـوار رێیانەکە بەهەڵاتن بـەرەو ئەم لا دێت، لەگەڵ کردنەوەی دەرگای پێشـەوەی پەیکانەکە، پیاوەکە فڕێ درایە ناوەڕاسـتی شـەقامەکەو دوا بـە دوای ئـەو ژنە لەچك سـوورەکە هاتە دەرێ و بە جانتاکەی دەسـتی بەربووە سەروچاوی کابرا. وا دەیقیژاند کەس لێی تێنەدەگەیشـت جوێنی زۆر پیسـی ئاراستەی کابرای شـۆفێریش دەکرد. خەڵکەکە راوەسـتابوون و هەر سـەیریان دەکرد، کەس نەیدەویست کۆتایی بەو کێشمەکێشە بێنێـت، تەنانەت یەکێك لە دوکانـدارەکان خۆی کرد بە نێو دوکانەکەیداو کامێرایەکی لە گەڵ خۆی هێنا.
کابرا خۆی کوشـمەڵە کردبوو و متەقـی لێوە نەدەهات ، ژنەکەش تاوەکو توانی لێیدا، دواتر بەبێ ئەوەی سـەرنجی خەڵکەکەی دەوروبەری بدات رۆیشـتە سەر شۆستەکەو لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا ون بوو. ئەو پیاوەش کە لێدانەکەی خواردبوو دیسـانەوە دەچێ لە سەر کورسیەکەی پێشەوەی پەیکانەکە دادەنیشـێ و دەرگاکە بە توندی پێکدادەدات. نەفەر هەڵگرەکە لە دوایین هەلدا لە چوار رێیانەکە تێدەپەڕێ و منیـش بە فیکەی پۆلیسـەکە دیسـان دەبێ چاوەڕێ بم. مسـتێکی توند دەکێشم بە دەشـبوولی (داشبوورد) ئۆتۆمۆمبێلەکەداو لە ژێر لێومەوە هەرچی قسەی ناشیرین هەیـە بەو ژن و پیاوە بێ شـعورەی دەدەم کە بوونە هۆی پێکهاتنی ئەو دۆخە.
بەڵام هەرواش ئارام نەبوومەوە. چاوێکم لە سەعاتەکە کرد، سـەرم خستە سەر سوکانی ئۆتۆمبێلەکەو چاوەکانم لێك نا. بە پشتە دەستم سەرم رێك دەگوشی تاوەکو تۆزێك دەردەکەی بڵاو بێتەوە. هەوڵدەدەم لایەنی پێکەنینی رووداوەکە بێنمە بەر چاوم. ئەو ساتانەی ژنەکە کەوتبووە گیان پیاوەکە و تۆڵەی ئـەوەی لێدەکردەوە کە تەنیا نەفەرەکانـی ناو ئۆتۆمبێلەکە دەیانزانی چی کردوە. لەو شوێنەی کە من لێی راوەستابووم روخساری ژنەکە دیار نەبوو، لەچکە پەشمینەکەی تا سەر

برۆکانی هێنابووە خوارێ و بەشێکیشی بە بەر دەم و لووتیەوە گرتبوو.
هەستم کرد دەستێك لە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەم درا. کاتێك ســەرم بەرز کردەوە، باوەشــێك گوڵە نێرگز شووشەی لای راســتی ئۆتۆمبێلەکەی بە تەواوی داگرتبوو، لە مابەینی گوڵــەکان پەنجەی وردیلانەم دەبینی کە لە شووشــەکەیان دەدا.
رەش و شین هەڵگڕاون، زۆر بێ هێز دیارن. ئەوەندە بێ هێزن کە زۆر بە زەحمەت دەکرێنەوە و لە شووشەکە دەدرێن. گوڵە نێرگزەکان بە شووشــەکەوە لکاون، حەزم دەکرد بۆنیان بکەم.
شووشەی ئۆتۆمبێلەکەم دادایەوەو: بە چەندە؟
گوڵەکان تۆزێك لادران و کچۆڵەیەك سەری هێنایە ژوورەوە:»
چوار دانە، بەدوسەد تمەن«
چرای سەر چوار رێیانەکە زەرد بووەو، ئیتر کات نەمابوو بۆ کڕینی چەپکە گوڵەکە.
بــە جۆرێك ســەرم لەقاند یانی نامەوێ، بەڵام ســۆمای چاوەکانی ئەو کیژۆڵە پەشــیمانی کردمەوە، رەنگە بینینی ئەو پەنجە ســەرما بردوانەش بێ هۆ نەبووبێ بۆیە لە ناکاو هەستم بە شێواویەك کردو دەرگاکەم کردەوە و: «وەرە سەرەوە، لەو بەر داتدەبەزێنم»
بە بــێ دواکەوتن گوڵە نێرگزەکانی خســتە بن باخەڵی و ســوار بــوو. چەکمە«جزمــە« ســووره قوراویەکانی نێو ئۆتۆمبێلەکەمیان هەموو کرد بە قوڕ.
سەری بەرز کردەوە و بە شەرمەوە سەیری کردم، زۆر گەورەتر لە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە دەهاتە بەر چاو.
منیش پێم وت: شــەرم مەکە بچکۆڵــە قەیناکا، دەرگاکەم کردەوە و دووبارە توووند پێمەوەدا.
کە پۆلیسەکە فیکەی لێدا لە خەتەکە تێپەڕیبووم، کارێکی باشیشــم نەکردبوو کە کچێکی گوڵ فرۆشــم سوار کردبوو ئەویــش لە ئاکامی راوەســتانم بە دیار لێــدان و کوتانی نەفەرەکانی نێو پەیکانەکەوە بوو.
کیژۆڵەکــە خۆی کــۆ کردبۆوە و زۆر بە وردی ســەیری دەوروبــەری خۆی دەکرد، چاوەکانی هــەر زیتەیان دەهات و رانەدەوەســتان. بە پەنجە ســەرما بردوەکانی دەستی بە کورســیەکانی ئۆتۆمبێلەکەدا دێنا. منیش لەو کاتەدا وتم: گرانە، چوار چڵەکەی هەرزانتر حیساب بکە.
ئاورێکی دایەوەو چاوێکی لێکــردم، چاوەکانی رەنگێکی خۆڵەمێشیان هەبوو، زیتەڵەو خوێن شیرین. پێم خۆش نەبوو چــاو لە ســەر چاوەکانی هەڵگرم و هەروا لە ســەرتاپای ورد دەبوومەوە. چاو لەو روخســارە بێگەردەی دەکەم کە لە کاتی سوار کردنیدا بە هۆی دوو دڵی خۆمەوە نەمتوانیبوو سەیری بکەم.
لەچکێکی ســەوزی بە سەرەوە بوو بەڵام سەرو پرچی زۆر قژن و شێواو بوو و سەریشی پڕ بوو لە کرێژ و پیسی.
بە دەنگێکی کزەوە وتی: ئەگەر دوو چەپك بکڕی، سێسەد تمەنت لێ وەردەگرم.
دوو چەپککەم هەڵگرت، پێکەوە کردیە هەشت چڵە نێرگز، بە ڕاستی بۆنەکەیان سەر خۆشی کردم. نێو گیرفانی کۆتەکەم



گەڕام و پێنج سەد تمەنم خستە سەر باوەشە گوڵەکانی. پارەکەی هەڵگرت و دەســـتی خستە نێو گیرفانی ئەو کۆتە کۆنەی کە لە بەریدا بوو. بە هێواشی توورەکەیەکی دەرهێنا و کردیەوە، دەســـتەکانی هێشتا بە باشی لە گۆ نەدەهاتن. توورەکەکەی هەڵتەکاندو ئاخرەکەی بڕێك پوڵی شڕو دڕاوی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم.

منیش ووتم: «باقیە کە یت لێ وەناگرمەوە بۆ خۆت «

خۆشـــی لە چاوەکانیدا دیار بوو، بەڵام لێوی هەڵنەپچڕی. پارەکەی خستە نێو توورەکەکەیی وبە نینۆکەکانی گرێیەکی لێدا. چەکمە«جزمە« ســـوورەکانی خستبوونە سەر یەکتر و پێیەکانی نەدەجوڵانـــد بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئۆتۆمبێلەکە قوڕاوی نەکات.

لێم پرسی ناوت چیە، لە بەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە هات.

ووتم:» کەمێك دەنگت بەرز بکەوە تێنەگەیشتم «

ـ نێرگز.

نێرگز هاوناوی گوڵەکانی بوو، رەنگە راستیشی نەکردبێت. بە هەر حاڵ بۆ خۆی پێی خۆشە ناوی نێرگز بێت.

ـ کیژۆڵە بچکۆلەکە دەچیتە قوتابخانە؟

ـ نا

بە جۆرێـــك ووتی نا چەناگە خرەکەی قـــوڵ بوو. دەم و لێوێکی زۆر جوانی هەبوو.

ماوەیەك بووئیتر سەیری نەدەکردم، سەرقاڵی ئەو بووکەڵەیە بوو کە بە ئاوێنەکەوە هەڵواسرابوو، زۆر سەیرە کیژۆڵەیەکی لەو تەمەنە ئەو هەمووە تایبەتمەندییە ســـەرنج ڕاکێشانەی ژنانـــەی تێدایە، لە هەڵســـوکەوتی ڕا وا دیارە کە زوتر لە کاتی خۆی باڵغ بووە. بە دوای نیشـــانەیەك دا دەگەڕام بۆ ئەوەی بزانم ئەو کیژۆڵە بچکۆلەیە باڵغ بووە یان نا بەڵام لە بەر ئەو کۆتە گەورەی لە بەری دابوو هیچ دیار نەبوو.

پێـــم خۆش بوو زیاتر لە بارەیەوە بزانم لێم پرســـی و وتم:» ماڵت لە کوێیە نێرگز؟ لە گەڵ کێ دەژی ؟«

دەستی لە بووکەڵەکە کردەوو سەری لە بەر خۆی نا.

ـ ماڵمان نییە! لەگەڵ دایکم ژوورێکمان بە کرێ گرتووە.

ـ ووتم: تەنیا دایکت هەیە؟

لێوەکانـــی کەمێك تەڕ کـــردو تفەکـــەی زۆر بە زەحمەت قووت دایەوە. لەوە دەچوو سەرمای بووبێ، دەنگی کەمێك گیرابوو.

ـ ووتی نا! بابە شـــەریفم چۆتە شـــار بابـــەك، بۆ ئەوەی لە کارخانـــەی مس وەك کرێـــکار دابمەزرێت و ماڵمان بۆ بکرێت.

ئەوەندە بە بێ وازی قســـەی دەکرد کە لە پرسیار کردنەکەم پەشیمان ببوومەوە. پێموابێ نارەحەتی ئەو پێنج سەد تمەنە بێت، دەترسا بڕەنجێم و پارەکەی لێ وەربگرمەوە.

ماندوو ببوو لەوەی ئەوەندە پاژنەی پێیەکانی لە سەر یەك دانابـــوون. جاروبارەش کە بە هێواشـــی پێیەکانی دەجوڵاند ، هەوڵم دەدا ســـەیری نەکەم بۆ ئەوەی بە ئاســـودەیی بیان جوڵێنێ. بە سەر قۆڵی کۆتەکەی ئاوی لووتی سڕیەوە.

ـ دابەزم؟

ســـووکانی ئۆتۆمبێلەکەم سووڕاند و لە قەراخی شەقامەکە راوەســـتام. بەر لە وەیکە دابەزێت، بووکەڵەکەم لە ئاوێنەکە کردەوەو خستمە سەر چەپکە گوڵەکانی. سەری سووڕمابوو، یارمەتیم دا تاوەکو دەرگاکە بکاتەوە. بە بێ ئەوەیکە شتێك بڵێ یان چاوێکم لێ بکات، گوڵەکان و بووکەڵەکەی گرتە باوەش و دابـــەزی، لە ئاوێنەکەوە چاوم لێ دەکرد کە چۆن بەشـــەرمێکی ژنانەوە لە پشت ئۆتۆمبێلەکەوە لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە.

ســـیگارێکم هەڵکردو هاتمە خوارێ، چوومە لای رۆژنامە فرۆشیەك و هەروا سەر پێیی چاوێکم بە سەر ئەو رۆژنامانەدا گێڕان کە لە سەر شۆستەکە بڵاوی کردبوونەوە.

دوو دانە رۆژنامەم هەڵبژاردن، راستترین و چەپترینەکەیان. لاپـــەرەی یەکەمی هەردووکیان پڕە لە هەواڵی ئاڵۆزیەکانی پەناگرتن لە پەرلمان.

بیســـت دەقیقە لە ســـەعات حەوت لای دابوو، دەبوایە پەلە بکەم. سواری ئۆتۆمبێلەکەم بوومەوە و وەڕێ کەوتم. گوڵە نێرگزەکانـــم بەو ئاڵقەیەوە کرد کە بووکەڵەکەیم بە دیاری دا بە گوڵفرۆشەکە.

بیرم لەو پەنجە بێ گیانانە دەکردەوە کە لە شووشـــەی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەدرێن کە ژیانی نەفەرەکانیان زۆر جیاوازە لە ژیانی نێرگز.

زۆر بـــە بێ تاقەتی خەریکی لێخووڕینـــی ئۆتۆمبێلەکەم بووم، گلۆپـــی ئاگادارکردنەوەکەم دانەگیرســـاندبوو و بۆ لایەك بامدایەوە. هەوڵم دەدا بە تابلۆی ســـەر دوکانەکانەوە خـــۆم خەریك بکەم. لە مانگەکانی ســـەرەتای دامەزراندم لە ڕاگەیاندن، بـــە خوێندنەوەی تابلۆکان بە دەنگێکی بەرز پرۆڤەی باوەڕ بە خۆ بوونم دەکرد.

گەمەیەکی بـــێ ئەقڵانە بوو، زیاتر مانـــدووی دەکردم و دەنگی زڕ دەکردم.

دوای ماوەیەك، بە دەســـتهێنانی ئەزمـــوون یارمەتی دام تاوەکو بتوانم بە شێوەیەکی باش شتەکان پێشکەش بکەم. ئەو کارەی کە لە ئەســـتۆی منە لە چاو ئەو پێشکەشکارانەی تەلەفزیۆن کە هەواڵەکان پێشـــکەش دەکەن زۆر دژوارترە. لە کاتی پێشکەش کردندا وێنەکان یارمەتی باشیان دەدەن، ئەوە لە کاتێکا هەموو ئەو ئامرازەی کە پێشکەشکارێکی هەواڵ لە رادیۆ لە دەستی دایە تەنیا دەنگیەتی.

بەرامبەری بیناکـــە ئۆتۆمبێلەکەم پارك کردو رۆژنامەکانم لە گەڵ خۆم برد.

زۆر بە خێرایی لە قادرمەکان چوومە ســـەرێ. ســـەرێکم

بۆ ئێشــکگرەکە لەقاند و چوومە نێو ئاسانسۆرەکەوە. ئەو دوو کەســەی کە لە پێش من ســوار ببوون، چرای قاتی پێنجەمیان لێدابوو. دەرگاکە داخراو چووینە ســەرێ. سەیر لەوەدایە دوای ئەو هەموو ســاڵە هێشــتا بــە تەکانەکانی ئاسانســۆرەکە ڕانەهاتووم و حاڵم تێك دەچێ. لە قاتی سێ کە ئاسانســۆرەکە ڕاوەســتا، هاتمە دەرێ و بە داڵانەکەی لای چەپ دا ڕۆیشــتم، یەکســەر چوومە ناو بەشی بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان. بۆ ئەوەی گلەیم نەیەتە ســەرێ بە دەنگێکی بەرز ســڵاوم کرد. ئیبراهیم کە بەرپرسی بەشەکە بوو، هات بۆ لام و ئەو کاغەزانەی کە بە دەستیەوە بوون لە سەر مێزەکە بڵاوی کردنەوە.

«دیســان دواکەوتی! ئەگــەر تۆپۆق لێــدەی بزانە چیت لێدەکەم»

هەر بە پێوە چاوێکم بە ســەر شــتەکان دا خشاند. هەواڵی یەکەم، تایبەتە بە چاوپێکەوتنی ڕێبەر لە گەڵ خوێندکارانی هەڵکەوتووی زانکۆکان. دەبێ قسەکان بە شێوەیەکی ئامرانە بخوێنمــەوە. بە شــێوەیەکی وا کە لە ســەر گوێگرانی رادیۆکە زۆرترین کاریگــەری هەبێت، چونکە دەبێ ئەوان کەسی یەکەمی وڵات لە دەنگی مندا وێنا بکەن. هەڵبەتە هەڵبژاردەیەك لە قســەکان بڵاو دەبێتــەوە بەڵام چۆنیەتی پێشکەش کردنی پێشکەشکارەکە بایەخێکی زیاتری هەیە.

ڕاگەیاندنــی وەزارەتی دەرەوە دووەم هەواڵی ئەم بەشــە بوو و دوا بە دوای ئەو ڕاپۆرتی گەشــەی ئابووری بەرچاوی دەوڵەت لەم چەند ساڵەی دواییدا. دەبێ بووترێ هەواڵەکان لە ســەرەوە ریز دەکران لە گرنگترین هەواڵەوە و دەنێردران بۆ ستۆدیۆ.

ئیبراهیم گەڕایەوەو خەریکی چاو پێداخشاندنی ڕۆژنامەیەکی ڕاستڕەو بوو.

ـ چاوم بە هەموویدا خشاند.

ـ بەو خێراییە؟ باشتر وایە خولێکی خێرا خوێندنەوە دابنێی!

پرسیم: چی نووسیووە؟

کاریکاتێری ڕۆژنامەیەکــی هێنایە بەر دەمم، پیاوێك وەك هیچ نەدیوان پەلاماری ئەو مێزە خۆراکیەی داوە کە پڕە لە خواردنی جۆراو جۆر، لە سەر سەری نووسیوویانە دووکانی پەناگرتن (تحصن). پێکەنینم هاتێ. ئەو ڕۆژانە دەنگۆی خۆتێر کردنی کەســانی پەناگرتوو لە پارلمان، زۆرە. باس لەوە دەکرێ کە ئەو جەنابانە بە جانتاکانیانەوە دەچن و تا ئەو جێگایەی کــە دەتوانن دەخۆن و یان داوا دەکەن لە دەرەوەڕا چەند جۆرە خۆراکێکیان بۆ ژەمێك بۆ بێنن.

ئیبراهیم، ئێستا خەریکی چاوپێدا خشاندنی ڕۆژنامەیەکی چەپە. سەر دێڕەکانی دەخوێندەوەو لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە.

ـ دیسانیش هەر ئەو بەزمە قۆڕانە.(( جموجۆڵەکان درێژەیان هەیە)).

وا دیارە ئەو جەنابانە نایانهەوێت واز لە مانگرتن بێنن.

ـ زۆر ســادەی؟! پارلمانیان کردۆتە هۆتێلی خۆیان. دەخۆن و دەخــەون و داواکاریە سیاسیەکانیشــان زۆر بــە ڕێزەوە ڕادەگەیەنن. کاکە جا بۆ تەواوی بکەن؟

ڕۆژنامەکەم لە ئیبراهیم وەرگرت و دەســتم کرد بە تەماشا کردنی.

لە لاپــەڕەی چوار، لە لای گۆشــەی ڕاســتی خوارێ، سەردێڕێك ســەرنجی ڕاکێشام. نووســرابوو(( مانگرتنی کرێکارانی مسی خاتوون ئاباد))

وەرسووڕامەوە و ڕۆژنامەکەم لە بەر دەمی دانا. هەواڵەکەم پێ نیشان داو ووتم تەماشای ئەوە بکە!

خوێندیەوەو شــانێکی هەڵتەکاند: باشە کە چی ببێت؟ خۆ کاکە مانگرتنی کرێکاران شتێکی تازە نییە!

ـ خاتوون ئاباد لە کوێیە؟

ـ لە نزیك شار بابەك. چی بووە، شتێك ڕوویداوە؟

وەڵامم نەدایەوە، لە پشــت مێزەکە دانیشتم و بیرم لە نێرگز و شەریفی باوکی دەکردەوە کە بەڵێنی پێدابوون بە کرێکاری کردن لە کارخانەی مس خانوویان بۆ بکڕێت.

*****

ژووری بەندیخانەکــە تۆزێك روناکــە ئەویش بە هۆی ئەو کونەی کە لە میضی ژوورەکەدایە. کەڵکەڵەی چاولێکردنی نوورەکە نایەڵێ بۆ ســاتێکیش بسرەوم، کە چاوم بە کونەکە دەکەوێ ئیتر ناتوانم چاوی لە ســەر لابەرم. ئەوەندە چاوی لێدەکــەم و چاوەکانم لێك نادەم کە فرمێســك لە چاوم دێتە خــوارێ. دواتر کە چاو هەڵدەبڕم، هیــچ نابینم، جگە لە تاریکــی هیچی تر دیار نییە. بۆیــە دەبێ خۆڕاگر بم و تەنیا چاو لەو دیوارانە بکەم کە پڕن لە یادگاری و چەندین ڕێکەوتیان لە سەر نووسراوە کە زۆر کۆن بوون. ئەوانەیان کە بە خەتی گەورە نووســراون دەیانخوێنمەوەو ئەوانەشی کە بە خەتی وورد نووسراون خوێندنەوەکەیان هەڵدەگرم بۆ کاتێك کە وەزعم باشــتر دەبێت. چونکە بۆ خوێندنەوەیان دەبێ لە سەر تەختەکە هەستم و لێیان نزیك ببمەوە.

حەزم دەکرد، منیش یادگارییەك لە ســەر دیوارەکە هەڵکەنم و بنووسم، ڕەشــەمەی هەشــتاودوو، بەڵام نەمدەتوانی، چونکە گیرفانەکانیان بەتاڵ کردبووم. هەموو شــتەکانیان لێ وەرگرتبووم، نینۆکم لە دیوارە چڵکنەکە دەخشــاند. بە حاڵ شوێنی تێ دەکرد و گەچەکە وورد دەبوو.

هەموو لەشــم دەیزیڕاند، بگرە ئەو شــوێنانەش کە لێدانیان وێ نەکەوتبوو هەر ئازاریان هەبوو. ئەو نامەردانە دەســتیان لە هیچ شــوێنێکم نەدەپاراســت. رایان دەکێشــامە لای ئۆتۆمبیلەکەو بە باتومە ســەوزەکانیان لێیان دەدام. بە هەر لێدانێك گڕم دەگرت.

هیچم لە دەســت نەدەهات، لە بەینی چەند پاسدارێك گیرم

خواردبوو، کەسیش نەبوو فریام بکەوێ. هەموویان لە گەڵ پاسدارەکان تووشی تێکهەڵچوون ببوون، زۆربەشیان لە ترسی گیانی خۆیان نزیك نەدەبوونەوە، چونکە پاسدارەکان ئیزنی تەقە کردنیان پێ درابوو. ئەو نامرۆڤانە تەقەیان کردو، چەند کەسێك لە ئێمە بریندار بوون و شەقامەکانیان بە خوێن سوور بوون.

هەستم دەکرد سەرم خەریك بوو دەتەقێ. نەمدەتوانی بیجووڵێنم، چەند سەعاتێك بوو خەوم لێ کەوتبوو بێ ئەوەی جووڵە بکەم. نەمدەزانی چ کاتێکی رۆژ بوو، لەو کاتەوە کە خستبوومیانە ئەو ژوورەوە پەنجەرە بچکۆلەکەی دەرگاکە تەنیا یەکجار کرابۆوە، کەسێك سەری بە ژوورەکەدا کردو بۆ چەند چرکەیەك تەماشای نێو ژوورەکەی کردو دیسان هەموو شوێنێك تاریك بۆوە. نە ئاویان هێنا نە خۆراك.

هەرچەند زۆر گرنگ نەبوو چونکە زۆرم برسی نەبوو. قاچەکانم کۆ کردەوە، ژان و ئازار ئۆقرەیان لێ بڕیبووم. کاتێ کە تفم ڕۆ دەکردە سەر زەوییەکە تاڵیی دەمم کەمتر دەبۆوە، تێکهەڵچوونەکان بەردەوام لە بەر چاوم بوون، بۆیە نەمدەتوانی بخەوم.

هەر لە ئەوەڵی بەیانییەوە تووشی دڵە خورپە ببووم، هەستم دەکرد شتێك ڕوو دەدات. کاتێك بە شەریفم ووت سەرێکی لەقاندو، وا خۆی نواند کە هیچ نابێت. لە پەنای یەك دانیشتبووین، من بە لێواری لافیتەکەی دەستم یاریم دەکرد ئەویش لە پیاوانی هێزە تایبەتیەکان ڕامابوو.

لە نێو چاوە خۆڵە مێشیەکانی دا ئالۆزییەکم دەبینی. چرچ و لۆچی نێو چاوانی زیاتر ببوون و برۆکانیشی تێك نابوو. نوێنەرەکەی ئێمە هەر جارێك کە دەچوو بە بێتاقەتیەکی زیاترەوە دەگەڕایەوە.

کرێکارەکان زۆریان پرسیار لێدەکردو بێ وەڵام دەمانەوە. شەریف تێکەڵاوی کەسەکانی دیکە نەدەبوو، منیش هەر لە لای ئەو دەمامەوە و بە بێ ئەو بۆ هیچ شوێنێك نەدەچووم. ئیتر لەو دوورەوە حاڵی نەدەبووم کە باسی چییان دەکرد.

گفتوگۆیان دەکردو کە ڕێك دەکەوتن یەکێکیان دەنارد تاوەکو هەموان لە بڕیاری کۆتایی ئاگادار بکاتەوە. بڕیار وابوو جادەکە ببەستین تا کاتێك وەڵام بە داواکانمان دەدەنەوە.

ڕۆژەکانی سەرەتای پەنا گرتنەکە قەول و بەڵێنی زۆریان دابوو، بەڵام کرێکارەکان ڕازی نەبوون، چونکە بەڵێنێکی هاکەزایی بوو.

دواتر کە بینیان لەو ڕێگایەوە سەرکەوتوو نابن، هەڕەشەی ئەوەیان لە نوێنەری کرێکاران کرد کە ئەگەر بەردەوام بین دەمانێرنە دەزگای زانیاری « اطلاعات» بۆ لێپرسینەوە. هێندێکیان دەیانەویست خۆیان بدزنەوە، لەوە دەترسان بنەماڵەکانیان بێ سەرپەرشت بمێننەوە. شەریف دەیگووت: حەقیانە، ئاخر تۆ ژن و منداڵت نیە تاوەکو بزانی ئەوان چی دەکێشن.

سەیری منی نەدەکرد چاوی بڕیبوە قیرتاوە ڕەشەکە و دەستی خستبووە سەر گیرفانی کراسەکەی، دەمزانی کە وێنەی نێرگزی کچی لەو گیرفانەی دایە.

شەریف هەر خۆی بوو و ئەو تاقە کچەی. نێرگز و دایکی نێرگزی ناردبووەوە کرمان، بۆ خۆیشی لەو کاول بوە بە تەنیایی ژیانی دەبردە سەر. وەکو دوودانە برا بە یەکەوە لە ژوورێکدا دەژیاین خەرجیمان پێکەوە بوو. دیسان چاوەکانم تەڕ ببوون، بێ ئەوەیکە لە کونەکە رامابم. نەمدەویست بیر لەو شتە بکەمەوە کە رووی دابوو، چونکە ژانەسەرەکەم زۆرتر دەبوو.

بەڵام بە راستی شەریف وەکو برایەك وابوو بۆم، لە جێی هەموو کەس و کارم بوو. ئەو نامرۆڤانە تەقەیان کردبوو و ئەویش کەوتبوە سەر زەوی و لە تاوی ئازاری جەستەی پێچی لە خۆی دەدا. هەر ئەوەڵی بەیانی کە هێزەکانی بە ناو پاراستنم بینی، گومانم کرد کە شتێك روودەدات. ئەوەندەیان هێز کۆ کردبوەوە و هێنابوویان کە بۆ کوشتنی شارێکیش زۆر بوو. کرێکارەکان واقیان وڕ مابوو، هیچ کەس بیری لەوە نەکردبوەوە کە بۆ کوشتنی ئێمە هێز کۆ بکەنەوە. بە دەستی بەتاڵ چووینە نێو جادەکە و جادەکەمان بەست.

ڕۆژەکانی سەرەتا دەیانوت کە داواکەی ئێمە نایاساییە و ناتوانن دامانبمەزرێنن. دواتر بەرپرسی دەزگای پاراستن هات و وتی کە پەناگرتنەکەی ئێمە گرفتی شەرعی هەیە، فتوای ئەوەیان دەرکردوە کە هەر کردەوەیەك کە لە دژی حکومەت بێت حەرامە. دەمەویست هەرچی کە لە دەمم را دێت ئاراستەی بکەم، بەڵام شەریف نەیدەهێشت، وتی کە نابێ خۆمان تووشی گیروگرفتی زیاتر بکەین، چونکە ئەو هیچ و پوچانە لە دوای بیانویەك دەگەڕێن. بەڵام بە بێ هیچ بیانوویەك کەوتنە گیانمان. لێیان داین و لێیان کوشتین. شەریف بریندار ببوو، بەڵام دەستیان گرتبووم و نەیاندەهێشت بچم یارمەتی بدەم.

بیرم لەوە دەکردەوە نەکا نێرگز بێ باوك بێت؟

سەرم بە دیوارەکەوە دا، ئیتر هەرگیز چاوەکانم وشك نابنەوە...

***

ئیبراهیم بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، ئارەق بە دەموچاوە تووڕەکەیدا دەهاتە خوارێ. ئەو دەستەی تری کە بە تەلەفۆنەکەوە نەبوو دەیخستە نێو قژە تەنکەکەی و تاو نا تاوێك تاڵێکی هەڵدەکەند و لە قامکی دەئاڵاند. لەو حاڵەتەیدا وەکو ئەو گێل و نەفامانە دەهاتە بەرچاو کە شتێك دەبێ دەست و پێی خۆیان لێ ون دەبێت.

« حاجی ئاغا گوێ راگرە، بۆ دەست پێکردنی هەواڵەکان نیو سەعات زیاتری نەماوە، چی بکەین. ئەو راگەیاندنەی

پێشوو بخوێنینەوە یان نا!؟»
هەوڵی دەدا بەوپەڕی خۆ شیرین کردنەوە، بەرپرسی بەشەکە لەو بابەتــە تێبگەیەنێت، بەڵام بێ ســـوود بوو. کابرا هەر لاشـــی لێ نەکردەوە. خێرا خێرا راگەیاندیان دێنا و هێشـــتا چاومـــان بە بابەتی یەکەمدا نەخشـــاندبوو کە پێچەوانەی هەمان بابەتیان لە گەڵ راگەیاندنێکی تازە دەنارد.
«حاجی ئاغا، چەند ساتێك ئیزنم بدەنێ!»
دڵنیـــام کە حاجی ئاغا ئیزنم نادات، ئیبراهیم ئارەقەی پێدا دەهاتـــە خوارێ، دەتگوت تازە لە حەمام هاتوەتە دەرێ. دەم دەکاتەوە و دەیهەوێ شـــتێك بڵێت، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە و هیچ ناڵێت.
« بە سەر چاو، دڵنیا بن. ئەمڕێکتان نییە؟ ماڵئاوا.»
ـ ئەو ئاژەڵانە بە راستی بێ تامیان کردوە.
ـ هـــاوار مەکە، کوێری؟! نابینی ئـــەو «مورتەزەوی» یە سەگبابە، نیو سەعاتە ئێرەی خستوەتە ژێر چاودێریەوە؟
دێتە لام و کاغەزەکانم لە دەست وەردەگرێت، یەکێکیانی جیا کردەوە و فڕێی دایە ناو سەتڵی خۆڵەکەوە.
ـ بڕیار بوو لەو بەشەدا هیچ نەگوترێت، تا دوایین شتەکانی ئەوانمان بە دەســـت بگەیەنن. تۆش هەســـتە و بڕۆ ماڵەوە! بە یەکێك لە کوڕەکان دەڵێم، هەواڵەکانی ئەمشەو پێشکەش بکات. بەڵام هەر ئەمڕۆ ئیزنت هەیە، سبەینێ کە هاتیتەوە دەنگت خراپ بێت، بزانە چیت بە سەر دێنم.
دەگەڕێتـــەوە بۆ لای تەلەفۆنەکـــە و ژمارەیەك لێدەدات و دیسان دەستی لە نێو ئەو قژە بەدبەختانەی دایە.
دەستم خســـتە نێو سەتڵی خۆڵەکەوە و لە نێو کاغەزە فڕێ دراوەکاندا چەند دانەیەکم هێنایە دەرەوە. لە ســـەر مێزەکە بە جوانی دامنان. حەزم دەکرد کۆیان بکەمەوە و لە شوێنێکیان دابنێم، بەڵام لە ترسی مورتەزەوی نەمدەوێرا. ئاواش دەکرێت لەو کاغەزانـــە بڕوانی کە بۆ خۆیـــان مێژوویەکیان هەیە، هەموویان هەر رەنگدەرەوەی قســـە و باســـی ناوەندێکن و لەوانەیە هەموویان بە دەســـتی کەسێك تایپ کرابن، بەڵام بەو قسە قۆڕانە پڕ کراونەتەوە کە هەر کامەیان ئەوی دیکە وەدرۆ دەخاتەوە.
« کوژراوەکانی بشـــێویەکەی ئەمڕۆ، ژمارەیەك هەلپەرست بوون کە بە کەڵك وەرگرتن لە پەناگرتنی کرێکارانی مسی خاتون ئاباد دەیانەویست ئاسایشی گشتی بشێوێنن.»
« بەرپرســـی هێزی ئینتزامـــی: کرێـــکارە کوژراوەکانی بشـــێویەکەی ئەمڕۆ، لە لایەن کەســـانێکی نەناســـراوە وە کوژراون.»
« کوژراوەکان بە فیشەکە پلاستیکیەکانی هێزی ئینتزامی کوژراون.»
...
هەســـتام و مل پێچەکەم لە ســـەر کورســـییەکە هەڵگرت و رۆیشـــتم. دڵـــم بۆ ئـــەو نێرگزانە ناڕەحەتە کـــە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا، سیس بوون.

*** ئـــەم کورتـــە چیرۆکە بە بۆنـــەی چلەمین رۆژی گیانبەختکردوانی کارەساتی خاتوون ئابادەوە نوسراوە.**

***



# "کەوش"

ن: شەهروز ناسری



کەیوان شەوانە جێگاکەی تەڕ دەکرد. هەر بۆیە دایکی هەمیشە جێگای لە لای پەنجەرە بۆ رادەخست و پێی گوتبوو:" شەو هەر کە میزت هات بە سەر ئێمەدا هاتووچۆ مەکە نەکا پێمان لێنێی، سوکێك پەنجەرەکە بکەوە و" میزە"کەت هەڵدێرە".

بنەماڵەکەی کەیوان نۆ کەس بوون و تەنیا دوو وەتاغیان هەبوو، هەر بۆیە لەو دیوەی کەیوان دەخەوت پێنج کەس بە یەکەوە دەخەوتن و لە لای دەرکەش جێگەی باوکی __ کە بەیانان زوو دچوو بۆ کار رادەخسترا.

پەنجەرەی وەتاغەکە دەیڕوانییە سەر کۆڵان و چوونکە هێشتا ئاوەڕۆی گەڕەکەکەیان دەرنەکرابوو بۆنی میز لەگەڵ بۆنی چەڵپاوەکانی دیکە تێکەڵ دەبوو بەم جۆرە ئەم کارە زۆری لە چاو نەدەدا.

ئەوە بوو کە شەوێ جێگای خەوی کەیوان لەلای پەنجەرەکە ڕادەخسترا و کەیوان هەموو شەوێ لە پەنجەرەکەڕا دەیڕوانییە ئاسمان و تەماشای ئەستێرە وردو زەردەکانی دەکرد و هۆگریەکی زۆری بە ئەستێرەکان پەیدا کرد بوو. زۆر جاران قسەی لە گەڵ دەکردن. پێی وابوو ئەستێرەکانیش ئەو دەبینن. ئەو شەوانەی کە مانگ لە پەنجەرەکەڕا دیار دەبوو پێی خۆش بوو تا بەیانی چاوی تێبڕێ و قسەی لە گەڵ بکا بەڵام خەو ئیزنی پێنەدەدا.

دوو رۆژی مابوو بۆ هەوەڵی پاییز و کرانەوەی مەدرەسەکان. بەیانی کە کەیوان دوای هەموویان لە خەو هەستا دایکی نان و چای بۆ دانا بوو پێی گوت:"کوڕم، ئەو ساڵ ئەتۆش دەبێ بچی بۆ مەدرەسە و دەرس بخوێنی. بەرگ و لیباسی کاکت زۆر شڕ نەبوون بەڵام بۆی چکۆلە بوونەوە، ئەتۆ دەتوانی ئەو ساڵی پێ رابوێری. تەنیا کەوشەکانت زۆر شڕن. ئەو رۆ دەتبەم جوتێکت کەش بۆ دەکڕم".

کەیوان لە خۆشی کەوش و مەدرەسە دەستی کرد بە حەقڵی مەقۆ کردن!

سەری قامکە گەورەکانی هەردووك پێی لە کەوشە دڕاوەکانی هاتبوونە دەرێ و نینۆکە ڕەشەکانی بە دیارەوە بوو. دەستی بە دەستی دایکێوە بە شەقامەکان دا تێپەڕین و روویانکردە شوێنێك کە کەیوان بۆ یەکەم جار چاوی پێی دەکەوت:

"دایە ئێرە کوێیە؟!"

"قەیسەریانە ڕۆڵەگیان".

دالانێك هەمووی بەزازی بوو پارچەی رەنگاو رەنگ لە ویترینی دوکانەکاندا هەڵواسرابوون. هەموو پووڵەکە و زریوەیان پێوە بوو و لە بەر شەوقی لامپی ویترینەکاندا تیشکیان دەداوە.

بڕێك ئەو لاتر ریزێك زێرینگەری بەیەکەوە نووسابون و پڕ بوون لەو زێر و زەمبەر و شتی وا کە کەیوان بە خەونیش نەیبینیبوون. چەند هەنگاوێك ئەولاتر چەند بوتیکێکی لێ بوو کە سەدان جۆری عەتر و ئودۆکۆلۆن و وەسایلی ئارایشی ژنان لەناو شوشە بەندەندەکانیاندا چندرا بوون.

ئەولاتر چینی فرۆشی و ئەولاتر خەیاتی و ئەولاتر...

کەیوان زاری داچەقابوو و بە پەلە بەدوای دایکیدا دەڕۆیشت. سەری سووڕمابوو ئەو هەموو شتە جوانە دەبێ هی کێ بن؟! بڵێی ئەویش رۆژێك ببێتە خاوەنی ئەو هەموو شتە جوان و ڕنگاو ڕەنگە؟!...

گەیشـــتنە ئەو دالانەی کەوش فرۆشەکانی لێبوو. کەیوان هەربەڕێوە چاوی بە کەوشەکاندا دەگێڕا.

هەموو جۆرە کەوشـــێکی لێبوو. هەر یەکە لە رەنگێك. لە پڕ چاوی بە جوتێك کەوشـــی فوتباڵی سپی کەوت کە وێنەی تۆپێکی سووری لە سەر کێشرابۆوە. راوەستا و دەستی راکێشا :

" دایـــە گیان، ئەو کەوشـــانەم دەوێ! ئەو کەوشـــانەم پێ جوانە!".

دایکـــی چاوێکی لە دوکانەکەکرد و کەوشەکانیشـــی چاو پێکەوت. برێك ڕاما و ئاخێکی هەڵکێشا.

" کوڕم، ئەو کەوشانە کەوشی چاك نین و هەر رەنگەکەیان جوانە و بەرگەی تەڕ و قوڕی ناگرن و زوو دەدڕێن و ئەتۆش لاقەکانت ســـەرمایان دەبێ و نەخۆش دەکەوی. لە گۆشەی ســـەری ئەو دالانە خزمێکی خۆمان دوکانێکی داناوە ئەویش کەوش دەفرۆشێ، کەوشی جوانیشـــی هەیە. دەچین لەوێ جوتێك کەوشی قایم و جوانت بۆ دەکڕم."

کەیـــوان لـــە جێگەی خۆی نەبزوت و گرووی کەوشـــە فوتباڵەکانی گرت و دەستی کرد بە گریان. دایکی نەقورچێکی لە باســـکی گرت:" هەدادە لەو نێو بازاڕە!! ئەگەر لەگەڵم نەیەی هەر کەوشـــت بۆ ناکڕم. با هەر ئەو کەوشە دڕاوانەت لە پێدابێت!!"

پیلی راکێشـــا و بـــۆ لای دوکانەکە وەڕێ کەوتن. دوکان نەبـــوو بۆتکەیەکی چکۆلە بوو. لـــە پێش بۆتکەکە مێزێك دانرابوو کە چەند ریزی کەوش لەسەر چنرا بوو کە هەموویان جیری رەش بوون.

کەیوان دڵی هیچ یەك لەو کەوشانەی نەگرت. بێدەنگ چاوی تێبڕی بوون.

دایکی رووی تێکرد:" رۆڵە گیان کام یەك لەو کەوشانەت پێ جوانە هەڵیگرە".

کەیوان دڵی پڕ بوو لە گریان و هەنیسکەکانی لە گەروویدا پەنگیان خواردبۆوە و هیچ قسەیەکی بۆ نەدەهات.

دایکی رووی کردە خاوەن بۆتکەکە:" ئەوە هەر وایە!! جار جار لە خۆڕا مان دەگرێ! بێزەحمەت ئەو کەوشانەم بدەیە بۆ لاقیشی تەواون و زۆریش قایمن".

خاوەن بۆتکەکە ســـەری لەقاند و بە دەم بزەیەکی ژێرانەوە چاوی لەســـەر کەیـــوان هەڵگـــرت و رووی کـــردە دایکی کەیوان:" بەڵێ دەزانم! منداڵ هەروان! نازانن چاك و خراپ کامەیە؟!"

کەوشەکان لە ئامێزی کەیوان دابوون. دەستێکی بە دەستی دایکێوە بوو و هەر بەو رێگایە دا کە هاتبوون گەڕانەوە.

دایکی لە کاتی گەڕانەوە دا زۆری دڵخۆشی داوە:

"ئیشەڵڵا ساڵێکی دیکە کە گەورەتر بووی کراس و کەوش و هەموو شتێکت بۆ دەکڕم."

دوو دەنکیشـــی بامیە بۆ کڕی تاکـــو گریانەکەی لە بیر بچێتـــەوە. کەیوان بـــاوەڕی بە قســـەکانی دایکی کردبوو و بامیەکانیش زاریان شـــیرین کردبوو، گریانەکەی لەبیر چۆوە بەڵام شتە جوانەکان هەر لە بەر چاوی دەهاتن و دەچوون.

ئەو جێگایەی کەیوان وەك شەوانی پێشوو لە لای پەنجەرەکە راخسترا. کەیوان کەوشـــەکانی هەر بە دەستەوە بوو، دایکی پێی گووتبوو:

"تا رۆژی مەدرەســـە کەوشـــەکانت لە پێ مەکە با پیس نەبن."

لەسەر پشت راکشـــابوو. کەوشەکانی لەسەر سنگی دانا بوو. دەیڕوانییە ئەســـتێرەکان. ئەو شەوە ئەویش وەکو ئاسمان بێدەنگ بوو. ئاسمان وەك شەوانی پێشوو نەبوو.

پارچـــەی رەنگاورەنگی پووڵەکە دووزی کرا و بەشـــێکی ئاســـمانیان داگرتبـــوو. ئەو لاتر ئەســـتێرەکان لەیەك نزیك ببوونـــەوە و بازنە و ئەنگوســـتیلە و تۆقی زێڕیان پێك هێنا بوو. ئەو شـــەوە مانگ وەك چادانێکـــی چینی گەورە کە گوڵی شـــینی تێدا بێ لە ئاسمان دانرا بوو. لە بەشێکیش لە ئاسمان بە هەر ئەســـتێرەیەکەوە دەیان کەوشی فوتباڵی سپی کە وێنەی تۆپێکی ســـووریان لەسەر بوو بە قەیتانەکانیانەوە هەڵواسرابوون.

کەیوان ئەو شەوە تێر تێر چاوی لە ئاسمان کرد. پێی خۆش بوو لە ئاسمان بایە و هەرچی شتی جوانە بۆ خۆی لێکردباوە و هێنابای بۆ خۆی. بەڵام ئەو شـــەوەش وەك شەوانی پێشوو خەو ئەمانی نەدا.

کەیوان کە پێکەنینی بە ئاســـمان دەهاتێ و حەسرەتێکیش لە دڵیا هانی دەدا، بزەی لە سەر لێو و چاوی بە فرمێسك و کەوشە جیرەکانیشی لە ئامێز دا خەوی لێکەوت.

***

"ئەم شـیعرە لە یادی هیوا بەخشـی هاوڕێیانی گوردانی شـواندا نوسـراوە، هەرچەند نووسەر باش دەزانێ نوسـراوەیەک کـە بیەوێ بوونی بەڵێندەرانەی ئەوان بهێنێتەوە یاد دەبێ شـاکارێک بـێ بە باڵای گوردانێک ئینسانی شۆڕشگێر کە دڵنیام ئەم شێعرە بەو ئەندازەیە سەرکەوتوو نییە".

# مارانگەستەکانی هەمیشە

«ڕاژان»

بێگانە بوون بە داب و نەریتی گۆڕستان
کۆمەڵێك زیندەوەر بوون کە هێشتا
هەناسەکانی خۆیانیان لە بیرمابوو.

کۆمەڵێك باڵندە بوون، کە هێشتا
باڵەکانی خۆیانیان لە بیرمابوو.

بەسەر لووره لووری شەوا
ببون بە ئاوازی سوور
بەسەر لەشی سڕی خەوا
ببون بە هاژەیەکی شین.

ئەو کاتانەی بەسەر شارا تێپەڕ ئەبوون
ترسی شەقامەکان ئەڕژا و
خوێنکاری خوێندنگاکان زەرورەتی
وانەی دابەش کردنیان دەهاتەوە یاد.

ئەو دەمانەیش بەسەر مەزاری لادێکانا تێپەڕ ئەبوون
جوتیارەکان بوێرانە خواوەندەکانی مەزرایان لە گۆڕ ئەنا و
کیژە لادێیەکان دیسان دەبوونەوە بە خاوەنی بوونی خۆیان.

ئەوان وەك هیچ کەسێك نەبوون
چەکدارگەلێك بوون وەك خۆیان.
باڵندکان هاوڕێیانە بەسەر لولەی
چەکەکانیانەوە هێلانەیان دەکرد.

کەروێشکەکانی دارستان
تەنیا لە کۆڵە پشتیەکانی ئەواندا ئەحەسانەوە
بە زریکەی مناڵە برسیەکان زامەکانیان دەکولایەوە
ئاخر درۆ تێکەڵ بە حەقیقەتی ئاواتەکانیان نەببوو.

هەرگیز، هەرگیز
هەرگیز، هەرگیز لە حیماسەی قارەمانێتی ئەواندا
گوێت لە خڕەی زنجیر نابێت،
پێکەنینیان بە دڕندەیی دۆڕاوی گەلە گورگەکان ئەهات و
دێوجامەی ڕەنگا و ڕەنگی ڕاوچیەکان
نەیتوانی توشی داویان بکات.

ئەگەر ویستت وەکوو ئەوان بی
ئەبێ وانەی فڕینت لەبەر بێ
گەر بتەوێ بەو مەقسەدەی ئەوان بگەی
دەبێ لێت بێ بەسەر ئاسماندا سەرکەوی و
دیسانەوە ڕانەوەستی بەرز بەرز باڵ لێبدەی.


**سەرچاوە: ئارشیوی دەنگی شۆڕشی ئێران**

***



# "لەگەڵ ئەوانەدا وا لەسەر دیوارەکە دانیشتوون"

ن: سەید عەلی ساڵحی
و: سەعید ئەمانی



لە سفرە نان و لە کتێب وشە،
چرا لە ماڵ و شکۆفەش لە هەنار،
ئاو لە پیاڵە و پەپولەش لە ئێوارە،
گۆرانیتان لە مناڵ و بزەتان لە لێومان ئەستاندووە،
ئەی لەگەڵ خەون و رۆئیاکانماندا چی ئەکەن؟
* * *
ئێمە خەو ئەبینین و ئێوەش درۆ ئەکەن...
بە درۆ ئەڵێن ئەم کۆڵانە بونبەستە و
ئەو گۆترە باڵ کراوە، بێ ئاسمان و
سەبر و خۆ راگری ئەستێرەش بێ سەرەنجام.
* * *
ئێمە لانکە بە کۆڵەوە لە مەترسی خەندەك و
لە رووباری زمهەریر ئەپەڕینەوە.
ئێمە دەزانین لە پشت تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە
هێشتاش نیشانە گەلێکی ئاشکرای عەتری هۆگری و
سەڵای رۆشنایی و پانتاییەك لە ئەرغەوان لە ئارادا.
* * *
سەرەنجام رۆژێك هەر لەم رۆژانەدا دەگەرێینەوە
پەردە پواوە پڕ لە پرسیارەکان لا ئەدەین و
پەنجێرە تا پەنجێرە... خەڵك ئاگادار دەکەینەوە کە
لەو دیو تارماییەکانی ئەو گشتە دیوارەوە
باخێکی بەرین لە بلووغی بولبول و دەرکی هەتاو و
پرووشەی رۆشنی باران لە ئارادا.
* * *
لە ئاسمان ئەستێرەکان و لە هەور باران،
روانین لە دەریا و زەمزەمەش لە خەیاڵ،
کۆتر لە کۆڵان و مانگیش لە ئەویندارى،
رووبار لە رەوت و ئاوتان لە ئاوازی ئاوێنە سەندۆتەوە،
ئەی لەگەڵ رۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟
* * *
ئێمە خەو ئەبینین و ئێوە درۆ دەکەن...
بە درۆ ئەڵێن کە فانۆسی ماڵەکە شکاوە و
شقارتەی رووداو کوژاوەیە و
جەماوەریش لە خەوی گریاندایە.
ئێمە دەزانین لەو دیو تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە،
دەربیجەیەکی رووناك لە خەیاڵی شەونما و ئەستێرە رواوە.
* * *
سەرەنجام رۆژێك هەر لەم رۆژانەدا
دیدەبانانی ماچ و رازدارانی دەریا دێن و
هەواڵی دۆزینەوەی ئاسۆی ئەرغەوان و
سەڵای رۆشنایی و عەتری عەلاقە و هۆگری دێنن.
* * *
با وای دابنێین
سێبەرتان لە دار و پێوانەتان تان لە من،
خەوتان لە رێبوار و تەرازو تان لە تۆ،
ماچ لە باران و کیلە تان لە ئێمە،
رەگ تان لە خاك و خونچەتان لە چرای نێرگس ئەستاندووە،
ئەی لەگەڵ خەون و رۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟
ئەی لەگەڵ خەون و رۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟

**سەرچاوە: گۆڤاری نیگا - دەفتەری ٢١**

***